ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٢٥ ■ شەممە ١٥ی بانەمەڕی ١٣٩٧ _ ٥ی مای ٢٠١٨

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## کۆبوونەوەی هاوبەشی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران



ڕۆژی پێنجشەممە، ١٣ی بانەمەڕ لە سەر پێشنیاری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوو هەیئەتی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە تاوتوێی پرسی یەکگرتنەوەی هەردوو حیزب کۆبوونەوە.

لەم دانیشتنەدا هەیئەتی حدک کۆمەڵێک پرسیاری لەبارەی گۆڕانکارییەکانی دوای کۆنگرەی ١٦ی حدکا و هەروەها کاریگەرییەکانی ئەم گۆڕانکارییانە لە سەر پرسی یەکگرتنەوە لە هەیئەتی میوان کرد.

لە درێژەی ئەم دیدارەدا هەیئەتی حدکا وڵامی پرسیار و بۆچوون و تێبینییەکانی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی دایەوە و لە ئاکامدا هەردوولا وێڕای گۆڕینەوەی کۆمەڵێک ڕاوبۆچوون، پێداگرییان کرد لە سەر درێژەدان بە دانیشتنەکانی هەیئەتەکانی هەردوو حیزب لەمەڕ پرسی یەکگرتنەوە و؛ ڕایانسپاردن کە بە دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکان و کەمڕەنگکردنەوەی جیاوازییەکان، خێرایی بە ڕەوتی وتووێژەکان بدەن.

## لە سەنگەری بەربەرەکانی لەگەڵ تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێراندا

# هەموومان پێکەوەین

■ سەروتار

### کرێکاران لە بەستێنی ناڕەزایەتییەکانی ئێستادا

عەلی بداغی

چەند ڕۆژ لەوە پێش ڕۆژی جیهانیی کرێکار بوو. کۆماری ئیسلامی ئەمساڵیش نەیهێشت کرێکاران کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمی سەربەخۆی خۆیان هەبێ و لە چەند شارێکی وەک تاران و سنەش کۆبوونەوە کرێکارییەکان سەرکوت کران و چالاکانی کرێکاریی ڕێکخەری کۆبوونەوەکانیش دەسبەسەر کران و گیران.

لە سەرەتای ئەمساڵیشەوە ناڕەزایەتیی کرێکاران لە زۆربەی ئەو کارخانە و شیرکەتانەی لە قەیرانی ئابووریی ئێستادا هێشتا لەسەر پێ ماون، بە بەردەوامیی درێژەی بووە و مانگرتنی شارە سنوورییەکانی کوردستانیش بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بە داخستنی دەروازە سنوورییەکان، بە تایبەت لە بانە سێ حەوتووی بڕی. لە بارودۆخی ئابووریی ئێستای ئێراندا کرێکاران لە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە بێمافتر و سفرەیماڵەکانیان پتر لە هەموو کاتێک بەتاڵترە. هەر لە جێدا سەرەڕای نەبوونی ڕێکخراوە کرێکارییە سەربەخۆکان، بەڵام وەڕێخرانی بە سەدان و هەزاران کۆبوونەوە، مانگرتن، ناڕەزایەتیدەربڕین و خۆپیشاندان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە کرێکاران لە ژیانی کۆڵەمەرگیی ئێستایان وەزاڵە هاتوون و ناڕەزایەتییەکانی مانگی بەفرانباری ساڵی ڕابردوش هەر لەوەوە سەرچاوەی دەگرت و شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییەکان لەمساڵیشدا بەڕێوەن.

پرس و داوای کرێکاران چین؟ یەک لە کێشە هەرە سەرەکییەکانی کرێکاران ڕاوەستانی جموجۆڵی بەرهەمهێنان لە کارگە پیشەیی و پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەیە کە هۆکارەکەی بۆ نەبوونی نەختینەیی و تەرخاننەکردنی بودجە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ بەشی ئاوەدانکردنەوەی وڵات دەگەڕێتەوە. سروشتییە لەوەها دۆخێکدا مۆتەکەی بێکاری باڵ دەکێشێ بەسەر کرێکاراندا. لەبەر ئەوەش کە لە ناوچە پەراوێزخراوەکانی وەک کوردستاندا ژمارەیەکی کەم لە کرێکاران بیمەن و لە سۆنگەی ئەوەش کە ساڵانێکە خاوەنکارەکان لە ئێران بە مەرجی خۆبیمەنەکردن کرێکار وەردەگرن، لە ئەگەری بێکاریشدا لە هەر چەشنە مافێکی سینفی و کۆمەڵایەتیی خۆیان بێبەش دەبن.

کێشەیەکی دیکەی کرێکاران کە تەنگی پێ هەڵچنیون دواکەوتنی مووچە و حەقدەستەکانیانە و ڕۆژ نیە کرێکارانی کارگە و یەکە بەرهەمهێنەرەکان لە شارێک یان چەند شارێکی ئێران لەو سۆنگەیەوە مان نەگرن و هیچ ڕێکارێکی قانوونیش نیە کرێکاران لە پێناو گەیشتن بە مافەکانیاندا بیگرنە بەر.

٢




کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا لە تێرۆر و حەزفی فیزیکیی نەیارانی دەستی نەپاراستووە. لەو نێوەدا کورد و لە نێو هێزە سیاسییەکانی کوردستانیشدا تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات زۆرترین ئامانجی ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون.

کۆماری ئیسلامی لەهەر جێیەک بۆی لوابێ و لە هەر دەرفەتێک بۆی ڕەخسابێ پیلانە تێرۆریستییەکانی خۆی جێبەجێ کردوە، جا ئەو شوێنە نێوخۆی کوردستان بووبێ، پێتەختی وڵاتانی ئوورووپایی بووبێ یان باشووری کوردستان. دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٧٠ی هەتاویدا زیاتر لە ٣٠٠ کردەوەی تێرۆریستیی لە باشووری کوردستان کرد و لەو ڕێگەیەوە زەبرێکی قورسی هەم لە پێوەندیی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەم لە ئیعتباری حیزب و دامودەزگا ئیداری و حکومییەکانی هەرێمی کوردستان و هەم لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری خۆی دا.

دوای دوو دەیە و لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەپۆلی نوێی تێرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان، بەرەوڕووبوونەوە و مایەپووچکردنەوەی ئەو هەوڵانەی ڕێژیم گرینگی و ئەولەوییەتی زیاتری بەخۆیەوە گرتووە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە یەکەم هەنگاودا سمینارێکی بۆ ئەو تاوتوێی ئەو بابەتە و گەڵاڵەکردنی پێشنیار و ڕێکارەکانی بەگژداچوونەوەی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی پێک هێنا و کۆمەڵە ڕاسپاردەیەکی بۆ کاری هاوبەش لە نێوان حیزبەکاندا گەڵاڵە کرد.

### سیمناری یادی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد




ڕۆژی سێشەممە، ١١ی بانەمەڕ کۆمیسیۆنی ئامووزشی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی سەت و هەژدەهەمین ساڵیادی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد سیمینارێکی بۆ کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێنا.

لەو سمینارەدا کۆڕگێڕ باسەکەی تەرخان کردبوو بۆ باس لەسەر تایبەتمەندییە کەسێتییەکانی پێشەوا قازی محەممەد لە چەند قۆناغێکی مێژوویی ژیانیدا. کاک عومەر باڵەکی بە پشتبەستن بە سەرچاوە و بەڵگە مێژووییەکان وردەکاری و زانیاریی فرەڕەهەندی لەو بوارەدا خستەڕوو.

یەک لەو بابەتانە بوێری پێشەوا لە هەڵسوکەوت و بڕیاردان بوو کە تەنانەت بەشێک لە نووسەر و کەسانی غەیرە کوردیش کە زۆرجار بە ڕق و قینەوە باسی بزووتنەوەی کورد و کەسایەتییەکانی کورد دەکەن، بەڵام لە بەرامبەر ئازایەتی و بوێریی پێشەوادا دۆش دادەمێنن و دانی پێدادەنێن.

### شەپۆلی نوێی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان



لە سەرەتای بەهاری ئەمساڵەوە تا ئێستا ١٢ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون و بریندار بوون. هەر لەو ماوەیەدا لانیکەم ١١ بەهۆی تەقینەوەی مین کوژراون و بریندار بوون و هەروەها ٣٧ چالاک و هەڵسووری سیاسی و مەدەنی لە کوردستان بە تۆمەتی لایەنگری لە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و چالاکیی ئەمنیەتی لە دژی کۆماری ئیسلامی دەسبەسەر و زیندانی کراون.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای ساڵەوە تا ئێستا لانیکەم ٦ بەندکراوی کوردی ئیعدام کردوە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ڕابردووشدا زیاتر لە ٧٠ بەندکراوی کوردی لەدار دابوو.

لە ماوەی یەک مانگ و نیوی سەرەتای ئەمساڵدا ٢١ کەس لە کوردستان خۆیان کەشتووە و هەر نەبێ ١٢ کرێکاری کورد بەهۆی ڕووداوی کار کوژراون و بریندار بوون.




وتووێژی «کوردستان» لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب/ ٢



قازی محەممەد، قۆناغەکانی دروستبوونی ڕێبەرێکی کاریزما/ ٣



باس و بڕیارەکانی پلینۆمی هەشتەمی کۆمیتەی ناوەندی/ ٤



گرینگیی بە دێکۆمێنتکردنی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری.../ ٥



سێ کوچکەی ماف، دێموکراسی و تەوافوق /٦



«کوردستان» پێشەنگ و «بانە» براوە/٨



«کوردستان» ئێستاش پارێزەری زمانی کوردییە /١١

دریژەی:

## کرێکاران لە بەستێنی ناڕەزایەتییەکانی ئێستادا

هۆکاری ئەوەش بۆ جێبەجێکردنی ئەسڵی ٤٤ی قانوونی بنەڕەتی لە دوو دەیەی ڕابردوودا دەگەڕێتەوە کە پڕۆژەی کەرتی تایبەت خرایە ڕۆژەڤی کاری دەوڵەتەوە.

هەندی بەدواداچوونی ورد دەری دەخا زۆربەی نیزیک بە تەواوی ئەو کارگە و شیرکەت و یەکە بەرهەمهێنەرانەی مووچە و حەقدەستی کرێکاران دوادەخەن گەورەکۆمپانیا دەوڵەتییەکانن کە بە ڕواڵەت دراون بە کەرتی تایبەت و لە ڕاستیدا لە پاوانی مافیای ئابووریی سەر بە حوکمەت دان.

لە ساڵی ڕابردوو و لە ساڵانی ڕابردووشدا بینیمان کە چەندین گەورەکارخانەی وەک «ئەرج»، «پارس ئیلیکتریک»، «جێنەراڵ ئیستیل» و «زاگرۆس» داخران و لە درێژەی ئەو ڕەوتەدا دەیان کارخانە و برێندی بەناوبانگی دی خەریکن مایەپووچ دەبن.

کێشەی هاوبەشی کرێکارانی هەموو ئەو کارگە و یەکە بەرهەمهێنەرانە لە ئێران ئەوەیە کە خاوەنکارەکانیان کەسێکی پایەبەرزی دەوڵەت و حوکمەتە و کارگە و کارخانەکەی بە نرخێکی یەکجار کەم لە بایی ڕاستەقینەی خۆی کڕیوە و لە داخرانیشی زەرەر ناکا و مەکینە و دەزگاکان دەفرۆشێ و؛ ئەوەی لەو نێوەدا دەستی بە هیچ ڕاناگا و دەنگی بڕ ناکا کرێکارەکەیە کە لە هەموو مافەکانی بێبەری دەکرێ.

بڕی مووچەی پەسندکراوی دەوڵەت بۆ کرێکاران و هێڵی هەژاری لە کۆمەڵگە کێشەیەکی دیکەی کرێکارانە.

مافی هەر ئینسانێکە بتوانێ ماڵی هەبێ و بژیوی ژیان، جلوبەرگ، بیمە، تێچووی خوێندنی خۆی یان منداڵانی دابین بکا، بەڵام کرێکاران لە ئێران ئەو بەشە لە کۆمەڵگەی مرۆیی ئێرانن کە لەو مافانە بێبەشن و هەژاری و دەسکورتی بڕستی لێ بڕیون. هێڵی هەژاریی ٤ میلیون تمەنی و مووچەی کەمتر لە نیوەی ئەو بڕە وایکردووە سفرەی کرێکاران تا دێ چووکەتر بێتەوە و دەنگ و هەرای مافخوازیشیان نەگاتە ئاکام.

چوونەسەرێی مووچە و حەقدەستی دادپەروەرانە، دابینبوونی ئەمنیەتی شوغلی، نەمانی گرێبەستە کاتییەکان و ڕێگەدان بە دروستکردنی ڕێکخراوە کرێکارییە سەربەخۆکان گرینگترین داوای سینفیی کرێکارانن لە ئێران؛ کە سەرەڕای ئەوەی تێچووی زۆری بۆ دەدەن بەڵام تا ئێستاش پێی نەگەیون.

ئەگەر پرس و داوای کرێکاران لە ئێران هاوبەش و وەک یەکە، بەڵام دۆخی ئابووری لە کوردستان بەهۆی پەرەنەسەندنی ئابووری و، لەو سۆنگەیەوە بارودۆخی کرێکارانی کورد تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازترە لە ناوچەکانی دیکەی ئێران. ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن نرخی بێکاری لە کوردستان سەروو سەتا ٥٠یە و لە ئێستاشدا سیاسەتی داخستنی ناوچە سنوورییەکان و قوڵبوونەوەی قەیرانە ئابووری و سیاسییەکان وایکردووە ئاماری بێکاری لە کوردستان هەردەم لە هەڵکشاندا بێ.

ڕوانگەی ئەمنیەتی زاڵ بەسەر کوردستانیش لەجێی خۆی کە هەر چەشنە ناڕەزایەتیدەربڕینێکی کرێکاران مۆرکی دژایەتی لەگەڵ نیزامی لێ دەدرێ و چالاکانی کرێکاری بەرەوڕووی فشار و سەرکوت دەبنەوە. لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە دوو هەزار کرێکار لە کوردستان لە کار دەرکراون و نیزیک ٤٠ کرێکار و چالاکی کرێکاریی کورد لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە گیراون و پەروەندەیان لە دژ ساز کراوە و ژمارەیەک لەوان سزای زیندانیی درێژخایەنیشیان بەسەردا سەپاوە.

کێشەیەکی دیکەی کرێکاران لە کوردستان ئەوەیە کە ژمارەیەکی یەکجار کەم لەوان بیمەی دابینکردنی کۆمەڵایەتییان هەیە، هەروەها بەهۆی سیاسەتی پەراوێزخستنی کوردستان لە پەرەسەندنی ئابووریدا ئەگەرچی هەر چوار پارێزگاکەی کوردستان لە سەرسنووری وڵاتانی عێراق و هەرێمی کوردستان، تورکیە و ئازەربایجان هەڵکەوتوون، بەڵام بەهۆی ڕوانینی ئەمنیەتی کوردستان نەکراوە بە ناوچەی ئازادی ئابووری و ئەو دەرفەتە گرینگەی لێ ئەستێندراوەتەوە.

ئێستا سەرباری ئەوەش بڕیاری داخستنی سنوورەکان نیزیک مانگێکە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بڕیارێک کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی سەدان هەزار کەسی خەڵکی ناوچە سنوورییەکان داناوە. ئەو سەدان هەزار کەسەی کە بەهۆی بێکاری و نەبوونی هیچ دەرەتانێک بۆ هەڵسووراندنی چەرخی ژیان ئامادەبوون تەنانەت سینگ بە گوللەوە بنێن بۆ ئەوەی پارووە نانێک بێننەوە سەر سفرەی ماڵیان، بەڵام ئەوەشیان پێ ڕەوا نەدیون. بەڵام ئەمە لە درێژەی ئامانجێکی ستراتیژیکە کە هەڵتەکاندنی ئابووریی کوردستانی دەوێ. لە ڕوانگەی ستراتیژیکەوە ناوچەی ئازادی ئابووری لە کوردستان دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی سامان و پەرەسەندن و بەربڵاویی وەبەرهێنان لە کوردستان، ئەوەش بە سەربەخۆیی ئابووری و بەستراوەیی کەمتر بە ناوەندی لێک دەدرێتەوە و حوکمەت دەیەوێ بە داخستنی سنوورەکان هەم ڕێ لە پەرەسەندنی ئابووریی کوردستان بگرێ و هەم پەرە بە بێکاریی زیاتر لە نێو کورددا بدا هەتا بە گومانی خۆی بوار بۆ ڕاکێشانی زیاتری ئەوان بۆ لای خۆی خۆش بکا.

بۆیە مانگرتنەکەی بانە دەتوانێ ڕۆڵی گرینگ و یەکلاکەرەوەی لەو هاوکێشەیەدا بە قازانجی خەڵک هەبێ.

# مستەفا مەولوودی: تەنگ پێهەڵچنین بە کۆماری ئیسلامی دەرفەتێکە بۆ گوڕوتین بەخشین بە مافخوازی و ناڕەزایەتیدەربڕینی خەڵکی ئێران

**ساڵی نوێی هەتاوی لە ئێران بە قووڵبوونەوەی قەیرانە ئابوورییەکان، بەردوامیی ناڕەزایەتیدەربڕینی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت مانگرتنی کرێکاران، دەستەوەستانیی زیاتری دەوڵەت لە کۆنترۆڵکردنی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەستی پێکرد. «کوردستان» بە مەبەستی تاوتوێی زیاتری دوایین گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئێران و کوردستان و ناوچە، وتووێژێکی لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێناوە:**



**حەسەن ڕووحانی چاوەڕوانییەکی زۆری لە خۆی دروست کردبوو. ئایا ناوبراو توانیویەتی لەو ماوەیەدا بەرعۆدەی وادە و بەڵێنەکانی بێ؟**

هەڵبژاردنەوەی ڕوحانی وەک سەرۆککۆماری ئێران بۆ جاری دووهەم هیچی لە بارودۆخی نێوخۆیی ئێران و سیاسەتی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامی نەگۆڕیوە. بەهۆی ڕێژیمی خۆسەپێن و نادێموکراتیکی کۆماری ئیسلامی خەڵکی ئێران _جیا لە تاقمێکی کەم نەبێ کە بەرژەوەندییان لەگەڵ ئەو نیزامە گرێ دراوە_ بەگشتی لەگەڵ قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وەک نەبوونی دێموکراسی و ئازادی، بێکاری، گرانی، هەژاری و دژواریی وەدەستخستنی بژێوی ژیان دەستەویەخەن و، بەداخەوە بارودۆخەکە هیچ لە بەرژەوەند و قازانجی خەڵک نەگۆڕاوە، بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ ژیانی خەڵک خەراپتریش بووە. هەر ئەوەش وای کرد کە لە ماوەی ڕابردوودا بە تایبەت لە مانگی بەفرانباری ساڵی پاردا شەپۆلێکی نوێی ناڕەزایەتیدەربرین و تووڕەیی خەڵکی ئێران بە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی بکەوێتە ڕێ.

**بەڵام خۆپیشاندانەکان سەرکوت کراون و هەست دەکرێ دەوڵەت توانیبێتی کۆنترۆڵیان بکا؟**

ڕاستە دەسەڵاتی سەرکوتگەر بە سەرکوتی توند و تیژ و ڕەشبگیری بەربڵاو ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی لە شێوازی خۆپیشاندانەکانی سەرشەقامی لە ڕواڵەتدا کۆنترۆڵ کردوە، بەڵام چەند شتی گرینگ هەیە لەو پێوەندییەدا کە دەبێ لەبەرچاومان بێ: ئەوەی کە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران ئەمجارەیان هەم لە ڕووی ڕاشکاویی دروشمی خۆپیشاندەران و هەم لە ڕوانگەی بەشداریی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک و هەروەها پانتایی جوغرافیایی و گشتگیربوونیان بە بەراورد لەگەڵ شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان لە ساڵانی ڕابردوودا زۆر جیاواز و کەم وێنە بوو. ئەمجارەیان تابۆی ویلایەتی فەقیهـ شکا و «مردن بۆ دیکتاتۆر» و «نەمان بۆ خامنەیی» بەشێکی سەرەکیی دروشمەکان بوون.

ئەم ناڕەزایەتییانە بەڕوونی ئەم پەیامانەیان تێیدا دەخوێندرێتەوە کە خەڵکی ئێران لەباری ژیان و گوزەرانەوە لە خەراپترین بارووودۆخ دان و چونکی ڕووناکییەک بۆ دەرچوون لەم وەزعە بەدی ناکەن و ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخیان خراپتر دەبێ، هەر بۆیە ڕێگایەک جگە لە هاتنە سەرشەقام و بەرزکردنەوەی دەنگی نارەزایەتییان بۆ ڕاوەستان لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمەیان بۆ نەماوەتەوە. خەڵک بە تەجرووبەش بۆیان دەرکەوتووە کە ئاڵوگۆڕی کاربەدەستانی دەوڵەت لە نێوان ئەم یان ئەو قۆڵ و باڵی نێو ڕێژیم گۆڕانێکی جیددی لە بارودۆخی ژیانی ئەواندا پێک ناهێنێ و بێکاری و گرانی و بێ داهاتی و دەیان کێشەی ڕۆژانەی خەڵک بە چارەسەرنەکراوی هەر لە جێگای خۆیان ماونەوە و ئاسۆیەک بۆ چارەسەرکردنیان بەدی ناکرێ.

**لەو نێوەدا کوردستان چۆن دەبینن؟ خەڵکی کورد چۆن لە مەیدانەکەدا بوون؟**

وەزعی خەڵکی کوردستان هەر وەک خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێرانە و لە هێندێک بواردا بەداخەوە خراپتریشە، بەڵام خەڵکی کوردستان سەرەڕای هەموو کێشە و گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی لەو ماوەیەدا لە تێکۆشان و چالاکیی مەدەنی بەردەوام بوون. هەرەوەز و بەهاناوەچوونی خەڵکی کوردستان بۆ خەڵکی زیاندیتووی پارێزگای کرماشان کە تووشی بومەلەرزە هاتبوون، نموونەی هەرەبەرزی هەرەوەز و هاوکاریی نیشتمانی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان لەگەڵ خوشک و براکانیان بوو. لە نەورۆزی ئەمساڵیشدا سەرەڕای بەربەست دروستکردنی حکومەت، بەڵام خەڵک بە هەوڵ و تێکۆشانی ئازایانە بەپیل ئەو بۆنە نەتەوەیی چوون و دەبینین لە هەموو دەرفەتێکدا بە چالاکی لە بۆنەی جۆراوجۆری نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیدا ڕەنگ و بۆنی نەتەوەیی و سیاسی ئاوێتە ئەم جموجۆڵ و چالاکییانە دەکەن.

**ئەوە زیاتر لە سێ حەوتوویە مانگرتنێک لە شارە سنوورییەکانی کورستان هەیە. خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەو مانگرتنە لەو شێوە مەدەنییەدا چیە؟**

پێش هەموو شتێک سوپاس و ڕێزی تایبەتیم بۆ ئەو خەڵکە ئازا و خۆڕاگرە هەیە کە سەرەڕای فشارێکی یەکجار زۆری ژیان و گوزەران و بەسەختی پەیدا کردنی بژێوی ژیان بۆ ماڵ و منداڵیان، ئاوا یەکگرتوویانە زیاتر لە سێ حەوتوویە بۆ پشتیوانی لە کاسبکارانی کۆڵبەر، دووکان و بازاڕیان داخستووە و یەکگرتووانە داوای مافی ڕەوای خۆیان دەکەن کە حکومەت لێیان ناگەڕێ بەو ڕێگە ئاستەمەشدا کاربکەن و نانێک بۆ ماڵ و منداڵیان پەیدا بکەن.

ئێمە دەزانین حکومەتی کۆماری ئیسلامی وەڵامدەر نیە و خۆ بە بەرپرسیار نازانێ، بۆیە ئیمکانی هەیە بە پیل داوای ڕەوای خەڵکەوە نەچێ. بەڵام ئەو ڕاستیەش حاشای لێ ناکرێ کە ئەگەر خەڵک یەکگرتوو و پێداگر بێ لەسەر مافە ڕەواکانی هەر وەک زۆر دیکتاتۆر بە چۆکدا هاتوون، دیکتاتۆری حاکم بە سەر ئێرانیشدا لە کۆتاییدا هەر بە چۆک دادێ. جا یان ناچار دەبێ وەڵامی داوای ڕەوای خەڵکی کوردستان و خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران بداتەوە یان خەڵک بە خەباتی بەردەوام و یەکگرتوویانە بە چۆکی دادەنێن.

دڵنیاش بن لەو خەباتە ڕەوایەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هەمیشە پشتگیر و پشتیوانی هەمیشەیی خەڵک دەبێ. هیوادارم هەرچی زووتر سایەی شومی ئەو ڕێژیمە نگریسە لە کۆڵ خەڵکی وڵاتی ئێمە بێتەوە و خەڵکەکەمان بە ئازادی و ئاسوودەیی بژی.

**سەرەڕای بەرینبوونەوەی ناڕەزایەتییەکان و سەرباری قوڵبوونەوە قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام ڕێژیم هەر لە جێی خۆیەتی. هۆکار و سەبەب چیە؟**

ڕاستە خەڵکی ئێران بە تەواوی لە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ناڕازین. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و ئێمەش ئەمە باش دەزانین بەڵام هەروەک زۆر جار ئێمە و حیزب و لایەنی سیاسیی دیکەش گوتوویانە، یەکێک لە هۆیەکانی مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش نەبوونی ئاڵترناتیڤ و ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێزە کە بەداخەوە تا ئێستاش نەیتوانیوە خۆی دەربخا و چاوەڕوانیی ئەوەش ناکرێ بەم دەمودەستە شکڵ بگرێ. بەڵام ئەوەندەی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتەوە هەیە، لە هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی ئۆپۆزیسیۆنێکی دێموکرات کە باوەڕی بە هەموو مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی پێکهاتەکانی ئێران هەبێ بەردەوام بووە. هەر بۆ ئەو ئامانجە دەبینین کە لە پێکهێنانی شوڕای دێموکراسیخوازاندا حیزبی ئێمە نەخش و دەوری باشی بووە. ئێستا ئەو هاوپەیمانییە بە بەشداریی دە حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی_ئێرانی و پێکهاتە جۆراوجۆرە نەتەوەییەکانی ئێران خەریکی کار و تێکۆشانە. هەڵبەت ئەگەرچی چاوەڕوانی لێ ناکرێ ئەو یەکێتییە وەڵامی هەموو ئەو نیازە زەرووییانە بداتەوە کە وەک بۆشایی جیددی لە ئێران لە لاوازیی ئۆپۆزیسیۆندا هەستی پێ دەکرێ، بەڵام دیسانیش ڕێگایەکی باشە بۆ هەوڵ و تێکۆشان لەگەڵ ئێرانییەکان بۆ دروستکردنی ئادرسێک، ئەویش بە مەبەستی لە دەوری یەک کۆکردنەوەی زۆرترین لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتی ئێران.

**دەرەنجامی دەستێوەردانەکانی ئێران لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و دواوێستگەی هێژمۆنیخوازیی ئێران بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییەکانی ئێستا چۆن لێک دەدەنەوە؟**

دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی عێراق، سووریە، یەمەن، لوبنان و هتد، ئەگەر لە لایەک بە ڕواڵەت بەهێزیی کۆماری ئیسلامی لە گەمە ناوچەییەکاندا پیشان دەدا، بەڵام هەر ئەوە بۆتە کێشەیەکی جیددی بۆ خەڵکی ئێران. لە بەر ئەوەی سەروەت و سامانێکی زۆری ئەو وڵاتە لە جێگای ئەوەی لە ژیان و گوزەرانی خەڵکی وڵاتدا خەرج بکرێ، دەبێتە تێچووی دەستێوەردان و سیاسەتی زێدەخوازانەی حکومەت لە ناوچەکەدا. جیا لەوەش هەر ئەو سیاسەتە کارتێکەریی زۆر نگەتیڤی بۆ سەر ئەمنییەت و ئاسایشی خەڵکی ئێران دەبێ. بەڵام ئەوە لە درێژخایەندا بە قازانجی کۆماری ئیسلامی تەواو نابێ و هۆیەکی گرینگە بۆ فشار خستنەسەر ڕێژیمی ئێران لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. دیارە ئەگەرچی بەزاهیر حکومەتی ئێران بەو دەستێوەردانە حیساب بۆکراو و بەرنامە بۆداندراوە توانیویەتی ئەکتەر و ڕۆڵگیرێکی کاریگەر بێ لە ناوچە بەتایبەت لە قەیرانخوڵقێنی و ئاڵۆزکردنی مەسەلەکاندا؛ بەڵام ئێستا کەم و زۆر هەموو ئەو دەوڵەت و لایەنانەی لە ناوچەدا حزووریان هەیە دەزانن کە ڕۆڵ و نەخشی کۆماری ئیسلامیی ئێران چەندە بە زیانی دابینکردنی ئەمنییەت و سەقامگیریی ناوچەکەیە. جا بۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتوانێ هەروا ئەسپی خۆی تاو بدا و ئەوە لە بەرژەوەندیی ئەواندا ناگونجێ کە ڕێژیمی ئێران جێ پێی خۆی لە ناوچە توند بکا و پەرە بە هێژمۆنییەکانی خۆی بدا. هەڵبەت ئێمە پێمان وایە ئەو دەستێوەردان و زێدەخوازییەی کۆماری ئیسلامی لە درێژماوەدا بە زیانی ڕێژیم و خەڵکی ئێرانیش دەشکێتەوە و، دەبێ بە بەڵای سەری حکومەت و بیانوودان بە وڵاتانی ناوچە و خاوەن بەرژەوەندی کە پێش ئێران بگرن و بەربەستی بۆ دروست بکەن.

کوردستان
• ژمارە: ٧٢٥
١٥ی بانەمەڕی ١٣٩٧ _ ٥ی مای ٢٠١٨



عومەر باڵەکی

# قازی محەممەد

## قۆناغەکانی دروستبوونی ڕێبەرێکی کاریزما

(بەشی یەکەم)



یازدەی بانەمەڕی هەر ساڵێک بۆ کورد بیرخەرەوەی ڕۆژی لە دایک بوونی پێشەوا قازی محەممەدە، بیرمەندێک و ڕێبەرێک کە بە سەرۆکایەتیی جووڵانەوەیەکی سیاسی، نوقتە گۆڕانێکی ئەوتۆی لە مێژووی هاوچەرخی کورددا پێک هێنا کە دوای تێپەر بوونی ٧٢ساڵ، نەمانی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی زاڵ بە سەر کوردستاندا و، تەنانەت ئاڵوگۆڕ لە سیستمی دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتانەدا، ئیستاش بیر و فکر و ئەندێشەی پێشەوا بە ڕوخساری جووڵانەوەی نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا دەبینرێ و لە ئاڵا و سروودی نیشتمانی و ناوی پێشمەرگە و...دا خۆی دەردەخا.

قازی محەممەد کوری قازی عەلی کوڕی میرزا قاسمی قازییە. قازی محەممەد بە پێی هەموو سەرچاوە بەردەستەکان خوێندنی سەرەتایی لای قازی عەلیی باوکی خوێندووە و ماوەیەکیش بۆ خوێندن چۆتە خانەقای شەرەفکەند(خانقای شێخی بورهان) و، ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی و سەرف و نەحوی عەرەبیی لای باوکی و زاناکانی دیکەی ناوچە خویندووە. قازی محەممەد لە تەمەنی منداڵییەوە خولیای فێربوون بووە، هەر بۆیە لەهەر جیگایە و لای هەر کەسێک هەستی کردبێ کە دەتوانی شتێک فێر بێ و بە زانستی زیاد بکا، لە چوون بۆ ئەو شوێنە یا لای ئەو کەسە درێغی نەکردووە؛ بۆیەش بێجگە لە زمانەکانی کوردی و فارسی و تورکی کە لە ناوچەکەدا باو بوون، ئاشنا بە زمانەکانی عەرەبی، ڕووسی، ئینگلیسی و فەرانسەویش بووە .

> پێشەوا هێشتا مێر منداڵ بوو کە لە زانستی زەمانی خۆیدا بە ماموستا دەناسرا. پاش ئیجازە وەرگرتن بەرگی مەڵایانەی لە بەر نەکرد، لە گۆشەی حوجرە دانەنێشت و چالاکانە خەریکی کاری کۆمەڵایەتی بوو . بێ ئەوەی مووچە وەربگرێ، نوێنەرایەتیی فەرهەنگی مەهابادی وەئەستۆ گرت. یەکەمین قوتابخانەی نوێی ئەم شارە لە سایەی هەڵسووڕان و تێکۆشانی ئەودا دروست کرا کە خۆی بە سەری ڕادەگەیشت و دەرسیشی دەگوتەوە. بناغەی یەکەمی نەخۆشخانەی مەهابادیش بە دەستی ئەو دارێژرا و لە ژێر چاوەدێری ئەودا کەوتە کار

باسکردن ولێکدانەوە لە سەر کەسایەتیی پێشەوا کارێکی دژوارە وسەختە، چونکە پێویستە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی پێشەوا بکرێتە بابەتی توێژینەوە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی توێژەر و کەسانی ئاکادمیک، بەڵام لە بەرەبەری ١١ی بانەمەر، ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا بۆ ڕێزگرتن لەو ڕۆژە؛ لە زنجیرە نووسینێکدا، لە ڕوانگەی کۆمەڵێک نوسەر وکەسایەتیی سیاسی کە لە سەر کەسایەتیی پێشەوا وتار و بابەتیان نووسیوە، لێرەدا بەکورتی باسیان دەکەین. ڕەنگە ئەو کورتە باسە بە هیچ جور لە ئاستی کەسایەتیی بەرزی پێشەوادا نەبێ، بەڵام دەتوانی ڕێز و وەفایەک بێ بۆ ڕێبەر وپێشەوای هەردەم زیندوو.

ـ خەلیل فەتاحی قازی لە کتێبی (تاریخچەی خانوادەی قاضی در مهاباد) لەبارەی هۆگریی پێشەوا بە فیر وون و خوێندنەوە ئاوا دەنووسی: «... لە کەمترین هەل کەلکی وەردەگرت بۆ فێر بوونی زانست و زانین، هەموو کات کتیب یا گۆڤارێک یا ڕۆژنامەیەکی بە دەستەوە بوو، زۆربەی کاتەکان کە بە شەقام یا کۆڵانێکدا بە پیادە تێپەر دەبوو، خەریکی خویندنەوەی ڕۆژنامە یا گۆڤارێک دەبوو؛ واتا بە دەم ڕۆیشتنەوە بابەتەکانی دەخوێندەوە.»

هەر ئەو هۆگرییە بە عیلم و زانست ئەو باوەڕەی لای پێشەوا دروست کردبوو کە نەتەوەکان تەنیا لە ڕێگای عیلم و زانستەوە دەتوانن پێش بکەون و بە سەر کۆسپەکاندا زاڵ بن. بۆیە پێشەوا زۆری پشتیوانی لەو خوێندکارانە دەکرد کە خەریکی خویندنی زانستەکانی ئەو سەردەم بوون و هەر ئەوە وای کردبوو لەلای خوێندکارانی دینی کە ئەو سەردەم خوێندنی دینی باو بوو، پێشەوا زۆر خۆشەویست و جێگای حورمەت بێ و وەک سەرپەرستی خۆیان هەڵیبژێرن.

ماموستا عەبدوڵلا حەسەنزادە لە وتارێکدا لەژێر سەردێری «لە سەر ژیانی پێشەوا» لە ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٥، خاکەلێوەی ١٣٥١دا باس لە هۆگریی پێشەوا بە فێربوونی زانست و عیلمی سەردەم دەکا: «.... هێشتا مێر منداڵ بوو کە لە زانستی زەمانی خۆیدا بە ماموستا دەناسرا. پاش ئیجازە وەرگرتن بەرگی مەلایانەی لە بەر نەکرد، لە گۆشەی حوجرە دانەنێشت و چالاکانە خەریکی کاری کۆمەڵایەتی بوو. بێ ئەوەی مووچە وەربگرێ، نوێنەرایەتیی فەرهەنگی مەهابادی وەئەستۆ گرت. یەکەمین قوتابخانەی نوێی ئەم شارە لە سایەی هەڵسووڕان و تێکۆشانی ئەودا دروست کرا کە خۆی بە سەری ڕادەگەیشت و دەرسیشی دەگوتەوە. بناغەی یەکەمی نەخۆشخانەی مەهابادیش بە دەستی ئەو داڕێژرا و لە ژێر چاوەدێریی ئەودا کەوتە کار...»

ماموستا حەسەنزادە لە درێژەی بابەتەکەدا دەنووسێ: «... ڕەنگە هەوەڵ زانای ئایینی مەهاباد، بەڵکوو کوردستان بێ کە بێ ئەوەی گوێ بداتە سەرکۆنە و تەوس و پلاری کۆنە پەرستان لە گەل فەرەنگیان و غەیرەدینان هەستاوە و دانیشتووە و هاتوچۆی کردوون و فێری زمان و ڕێوشوێنی ڕۆژئاوایی بووە .... زۆر بە موتالا وخوێندنەوە خەریک بوو، لە کتێبخانەکەی کونترین و تازەترین کتێب بەزمانەکانی جۆربەجۆر وەگیر دەکەوت. لە تەواوی ژیانیدا جگە لە کتێب هیچ دیارییەکی لە کەس نەگێڕاوەتەوە.»

ـ سەعید هومایوون لە کتێبی بیرەوەرییەکانی لەژێر ناوی «پێشەوای ڕابوون»دا لەبارەی هۆگریی پێشەوا بە فێربوون و ئاگاداری لە ڕووداوەکانی ناوچە و جیهان ئاوا باس دەکا: «قازی محەممەد بۆ ئاگاداری و تێگەیشتن لە وەزعی ڕۆژانەی جیهان و نێوخۆی وڵات زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی وەک: ڕۆژنامەکانی «شفق سرخ»، «اطلاعات» و گۆڤاری «پیمان»ی ئەحمەد کەسرەوی و گۆڤاری کوردیی «گەلاوێژ» کە ماموستا عەلائەددین سەججادی لە بەغدا دەری دەکرد ، پەیدای دەکرد و دەیخوێندنەوە.» لە سەرەتای سیستمی نوێی خوێندن و دامەزرانی قوتابخانەکاندا سەرپەرەستیی ئیدارەی فەرهەنگ لە ئەستۆی ئەبولحەسەن سەیفولقوزات بوو، بەڵام دوای ماوەیەک بەرپرسایەتییەکەی درا بە قازی محەممەد. لەو ماوەی کە بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگ بوو کاری زۆری بۆ کرد و لە کاتی بەرپرسایەتیی ئەودا یەکەم قوتابخانەی کچان لە مەهاباد کراوەتەوە. بەڵام دوای ماوەیەک بە هۆی کاری قەزاوت و پێڕاگەیشتن بە کاری خەڵک و عەشیرەتەکان و... وازی لە کاری ئیداری هێنا کە ئەوە هاوکاتە لەگەڵ سەپاندنی قانوونی «متحدالشکل کردن لیباس» بە دەستووری ڕەزا شا. خەلیل فەتاحی قازی دەنووسێ: «دەبێ ئیشارە بەوە بکەم چونکە ئەو سەردەم بوون لە کاری دەوڵەتی پێویستی بە پۆشینی جلوبەرگی هاوڕەنگ هەبوو و قازی محەممەدیش کە ئامادە نەبوو واز لە پۆشینی جلوبەرگی مەلایەتی و کاری قەزاوەت بێنێ، دەستی لە کاری دەوڵەتێ کێشایەوە.»

> پێشەوا سیاسەتمەدارێکی واقیع بین بوو. هیچ کات ئاوات و ئارەزووی لە جێی ڕاستی دانەدەنا و لە بارەی توانا و ئیمکاناتی خەباتگێریی خەڵک بە هەڵەدا نەدەچوو. ئەو دروشم و سیاسەتانەی بۆ کۆماری کوردستان هەڵی بژاردبوون کە دروشمی ستراتیژیکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەوانەوە سەرچاوە دەگرێ نیشانەی ئەو واقیعبینیەن

ـ لە کتێبی پێشەوای ڕابوون، «بیرەوەریەکانی سەعید هومایوون»، وەرگێرانی ڕەسولی سوڵتانیدا بەوشێوەیە باس لە دژایەتیی پێشەوا لەگەڵ هاوشکڵکردنی جلوبەرگ دەکا: «بویریی قازی محەممەد وێردی سەر زمانی خەڵک بوو . قەت سەری بۆ ملهوڕان و نێردراوانی دەوڵەت دانەدەنواند. لەکاتی حکوومەتی ڕەزاشادا ئەو دەمەی سەید مەهدی فەڕوخ، ئوستانداری ئازربایجان بۆ سەراسوێی و تاوتوێکردنی بارودۆخی ناوچەکە هاتە مەهاباد؛ گەورە پیاوان و سەرۆکی ئیدارەکان پێشوازییان لێ کرد. ئەویش بۆ خۆنواندن و چاوترسێنکردنی خەڵک و مەئموورەکانی، ڕوو دەکاتە قازی محەممەد و دەڵێ: بۆچی جلوبەرگی یونیفۆرمت لە بەر نەکردووە؟ قازی بەو پەری بوێرییەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: ئەمن قازی شار و ناوچەم و حەقی دادوەریی شەرعیم هەیە و ئازادم لە پۆشینی جلوبەرگی مەلایەتی. دوای ئەو قسەیە قازی هەڵدەستی و بەجێیان دەهێڵێ و دەچێتەوە ماڵێ. هەر چی فەرماندار و بەرپرسی ئیدارەکان تکای لێ دەکەن حازر نابێ بچێتەوە لای پارێزگار.»

ـ دوکتور قاسملوو لە چل ساڵ خەباتدا لەبارەی پێشەوا ئاوا دەنووسێ: «ئەو شەخسییەتە مەزنە لە مێژووی گەلی کورددا پلە و مەقامێکی تایبەتی و بەرزی هەیە کە پێویستە لاوانی تازە پێگەیشتوو لە گەلی ئاشنا بن و لە ژیانی دەرس وەربگرن. هەرچەند تەمەنی زۆر درێژ نەبوو بەڵام پێشەوا قازی محەممەد ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتوو بووکە لەو ڕۆژگارەدا وێنەی لەنێو نەتەوەی کورددا زۆر کەم بەدی دەکرا ... لەگەڵ ئەوە کە ڕووناکبیرێکی پایەبەرز بوو لە نێو خەڵکێکی ساویلکە و بەداخەوە بەشی زۆری نەخویندەواردا دەژیا، بەڵام دیسانەکە لە گەلی خۆی نیزیک بوو، لە دەرد وئازار و هیوا و ئاواتەکانی زۆر باش تێ گەیشتبوو و لە هێنانە گۆڕێ و دەرخستنی ئەو دەرد و ئازار و هیوا و ئاواتانەدا لە هەموو کەس سەرکەوتووتر بوو. بە خۆڕایی نەبوو کە لای خەڵکی کوردستان ئەوەندە خۆشەویست بوو کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا خەڵک نازناوی پێشەوای پێدابوو... پێشەوا گوڵێک بوو لە سەحرا ڕووا بوو.»

ـ ئارچیباڵد ڕۆزوێڵت لە کتێبی «شوق آموختن» (وەرگێڕانی قادر وریا)، لەو بەشەی باسی کوردستانی ئێران دەکا، بەو شێوەیە باسی پێشەوا دەکا: « ... بە گشتی خەڵک لە قازی ڕازی بوون و دەیانگوت کە پێکهاتنی دەوڵەتەکەی ئەو لە دوای قوناغی ڕەزاشا، سەرکەوتنێکی گەورە بووە و تەنیا نیگەرانی ئەوە بوون کە دەوڵەتەکە نەمێنێ.... ئەوان مەمنوونی شووڕەوی بوون کە ئیمکانی سەربەخۆیی بۆپێک هێناون، بەڵام لە سەر دەخاڵەت نەکردنی شووڕەوی لە کاروباری وڵاتەکەیاندا و هاتوچۆنەکردنی مەئموورانی شووڕەوی بۆ سەر شارەکەیان پێیان دادەگرت...»

وەک باس کرا پێشەوا هۆگرییەکی زۆری بۆ خوێندن و زانست هەبوو و هەمووکات پێی وابوو کە تەنیا ڕێگای ڕزگاری بەهۆی خوێندنی عیلم و زانستە و ئەو بۆچوونەی خۆی لە وتووێژ لە گەڵ ئارچیبالد ڕۆزوێڵت لەبارەی سیاسەتی ئەمریکادا بەمجۆرە دێنێتە بەرباس: «... ئەگەر ئەمریکا لە جیاتی ناردنی سێ هەزار سەرباز بۆ ئێران، تەنیا سەد مامۆستا (معلم)ی ناردبایە لەو وڵاتە چ دەقەوما؟ بەڵام ئەمریکاییەکان لە جیاتی یارمەتیدانی ئیمە، یارمەتیی دوژمنانی ئیمە، بۆ وێنە توورکەکانیان دا و ئەویش لە ڕێگەی ناردنی چەک و تەقەمەنی بۆ سەرکوتکردنی ئیمە.»

ـ ماموستا عەبدوڵلا حەسەنزادە لە وتارێکی دیکەدا کە لە ڕۆژنامەی کوردستان لەژێر ناوی «با لە قازی محەممەدەوە فێر بین» بڵاو بۆتەوە؛ ئاوا دەنووسێ: «... پێشەوا سیاسەتمەدارێکی واقیعبین بوو. هیچ کات ئاوات و ئارەزووی لە جێی ڕاستی دانەدەنا و لە بارەی توانا و ئیمکاناتی خەباتگێریی خەڵک بە هەڵەدا نەدەچوو. ئەو دروشم و سیاسەتانەی بۆ کۆماری کوردستان هەڵی بژاردبوون کە دروشمی ستراتیژیکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەوانەوە سەرچاوە دەگرێ نیشانەی ئەو واقیعبینیەن...»

درێژەی هەیە...

---

درێژەی:

# وتووێژ لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب...

**ئەو لێکدانەوەیەتان چەندە پیوەندیی بە سیاسەتی دەوڵەتی ئەمریکا بە نیسبەت ئێرانەوە هەیە؟**

ئێران و ئەمریکا بە درێژایی چوار دەیەی ڕابردوو ململانێ و ڕکەبەریی خۆیان لەسەر زۆر پرسی سیاسی لە ناوچەدا بووە و سەرۆککۆماری ئێستای ئەمریکاش لەو ماوەیەدا هەڵوێستت توندتری لە هەمبەر سیاسەتی قەیرانخوڵقێنی و دەستدرێژییەکانی ئێراندا نواندوە. وەک دەبینین پەیتا پەیتا لێدوانی زۆر توند بە دژی ڕێژیمی ئێران دەدەن بە تایبەتی ئێستا هەست دەکرێ کابینەی ترامپ لە کەسانی دژ بە کۆماری ئیسلامی پێکهاتووە و وەک تیمێکی تەواو دژی ئەو حکومەتە کار دەکەن. دەوڵەتی نوێی ئەمریکا بەردەوام دەڵێ بەرجام ڕێککەوتنێکی خراپە و دەبێ ئیسلاح بکرێ یان هەڵبوەشێتەوە، یان لێی دەچینە دەرێ. دەزانین لە حاڵی حازردا هەر چەندە وڵاتانی ئوروپایی کار دەکەن بۆ هەڵنەوەشانەوەی بەرجام، بەڵام وڵاتە گرینگەکان وەک فەرانسە، ئاڵمان و بریتانیا هاوڕان لەگەڵ ئەمریکا کە دەبێ پێداچوونەوە بە بەند و مادەکانی «بەرجام»دا بکرێ و؛ بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ سنووردار کردنی توانای مووشەکیی باڵستیکی ئێران فشاری زیاتر بخرێتە سەر ڕێژیمی ئێران.

لەهەرحاڵدا لە ئێستادا چارەنووسی بەرجام بە بڕیاری ترامپ بەستراوەتەوە و وێدەچێ ئەمریکا لە فشارهێنانی زیاتر بۆ سەر ئێران بە مەبەستی سنووردارکردنی ئەو وڵاتە مکوڕ بێ.

بەگشتی هەمووی ئەوانە و زۆر کاری دیکەش وەک هاوپەیمانی لەگەڵ هێندێک وڵاتی ناوچە بە تایبەتی وڵاتانی عەرەبی بۆ سنووردارکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە و بە دڵنیاییەوە ئەوە بۆ حکومەتی ئێران زۆر گران تەواو دەبێ. لەلایەکی دیکەوەش ئەو دۆخە دەتوانێ دەرفەتێک بێ بۆ خەڵکی ئێران کە پەرچەکرداریان هەبێ و پەرە بە خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکانیان بدەن. ئەوەش ڕەوشێکە کە کاربەدەستانی حکومەتی ئێران زۆر لێی نیگەرانن.

**لە گێژاوی سیاسیی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پرسی کورد بە کام ئاقاردا دەڕوا؟ بە تایبەت لە سووریە و ڕۆژاوای کوردستان کە چەقی ڕووداوەکانن؟**

هەر وەک دەزانین نزیک بە حەوت ساڵە شەرێکی ماڵوێرانکەر لە سووریە بەرۆکی خەڵکی بەڵالێدراوی ئەو وڵاتەی گرتووە. جیا لە حکومەتی ناوەندیی سووریە و زۆر تاقم و گرووپی جۆراوجۆر، چەند وڵاتی وەک ئەمریکا، روسیە، ئێران، تورکیە و عەرەبستان و قەتەر و شوێنی دیکەش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەو وڵاتەدا دەور و کاریگەریان هەیە. هەر ئەوەش چارەسەری قەیرانی سیاسی، کۆتاییهاتن بەو شەڕە و، ئاسۆی ئاشتی و ئارامی و ئەمنییەتی لەو وڵاتە نادیار کردوە. ئەوەی تا ئێستا ئێمە دەیبینین ئەوەیە کوردەکان لە ڕۆژاوا بە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا و بەهۆی ئازایەتی و قوربانیدانیان لە شەڕی داعشدا ئەگەرچی توانیبوویان دەسکەوتی زۆر وەسەریەک بنێن، بەڵام هەست بەوە دەکرێ لە داڕشتنی سیاسەتیان لە ناوچەدا وردبینیی تەواویان نەکردوە و بە ئیلهاموەرگرتنیان لە PKK بیانوویان دایە دەست تورکیە بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەی خۆبەڕێوەبەریی عفرین. دیارە هەر لەجێدا دەستدرێژیی تورکیە بۆ سەر خاکی سووریە و ڕۆژاوای کوردستان نایاسایی، پێچەوانەی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکانە و مەحکوومە، بەڵام ئەگەر دەسەڵاتی سیاسیی کورد لە سووریە بنەماکانی دێموکراسیی ڕەچاو کردبا و، ڕێگەی بەشداریی بە هەموو هێزە سیاسییەکان لە ئیدارە و بەڕێوەبردنی ناوچەکەیان دابا و، مەجالی بەرگریی بۆ هەموو لایەنەکان ڕەخساندبا و بە ئیرادەی خۆیان و بە خوێندنەوە بۆ بەرژەوەندییەکانی کوردی سوورییە سیاسەتیان کردبا، لەوانەبوو تورکیە نەتوانێ بەم جۆرە بجووڵێتەوە.

**چەند مانگێکە قەوارەیەک یان شکڵێک لە هاوکاریی بەکردەوەی نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شکڵی گرتوە. چۆن دەڕواننە ئەو هەوڵانە و چۆن دەتوانن ئەو هەنگاوانە کارامەتر بکەن؟**

بەڵێ وایە. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەوڵ و ماندووبوونی بەرچاو توانیویەتی لەگەڵ چوار حیزبی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» پێک بێنێ. ئەو کارە لە جێدا بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی زاڵ بەسەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا کارێکی سەرکەوتوو و باشە ئەگەر هەموو لایەک بەرپرسانە کاری بۆ بکەن دەکرێ لە داهاتوو و لە دوارۆژدا ببێ بە مەکۆی کۆکردنەوەی زیاتری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، تەنانەت پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانیش.

دیارە نەک هەر لەو بەستێنەدا، بەڵکوو بەگشتی ئێمە لەسەرمانە کار بکەین بۆ بەهێزکردنی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران لەو حاڵەتە بێتە دەرێ و بزووتنەوەی کوردستانیش لەگەڵ بزووتنەوەی سەراسەری گرێدراویی هەبێ و خواست و داواکانیشی بخاتە نێو بیر و زەینی خەڵکی ئێران و خەڵکی ئێران زیاتر ئاشنا بن بە داواکانی خەڵکی کوردستان و، کوردستانیش بتوانێ ئەزموونی خەباتکارانە و سیاسیی خۆی بگوازێتەوە نێو بزووتنەوەی سەراسەریی خەڵکی ئێران.

لەو نێوەداناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێویستە بە ئاقارێکدا بڕوا کە ببێ بە ئادرەسێکی جێگای بڕوا و شوێندانەر بۆ هیدایەت و بردنەپێشی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران.

**زۆر سپاس بۆ ئەو کاتەی کە بۆ ئێمەتان تەرخان کرد**

سپاس بۆ ئێوەش

# باس و بڕیارەکانی پلینۆمی هەشتەمی کۆمیتەی ناوەندی

## (بەشی سیاسی لە قسەکانی د. ئاسۆ حەسەنزادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، لە کۆبوونەوەی سیاسی_تەشکیلاتی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب)



بەپێی ڕۆتینی ئەساسنامەیی کۆمیتەی ناوەندی هەر وەرزە لانیکەم جارێک کۆ دەبێتەوە و پلینۆمی ئەمجارەشمان کەوتبووە سەرەتای ساڵێکی تازەی کار و تێکۆشانی حیزبی. جیا لەوانە ئەم پلینۆمە بە دوو هۆی دیکەش گرینگی و تایبەتمەندیی خۆی هەبوو. یەکەم ئەوە کە تەقریبەن ساڵێک پێش ئێستا بوو کە هێندێک ئاڵوگۆڕ لە کادری ڕێبەریی ئەم حیزبەدا کرا و ئەم پلینۆمە بە جۆرێکیش دەرفەتی ئاوڕدانەوە لەم یەک ساڵە کارییەی ڕێبەری حیزب بوو؛ لەوەش گرینگتر ئێمە ساڵێکمان تێپەڕ کرد کە بۆ ناوچە و بۆ گەلی کورد ساڵێکی گرینگ و پڕ لە چاوەڕوانی و هیوای دەسکەوت و سەرکەوتن بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر شکست و نسکۆ و ناخۆشیشی بۆ گەلەکەمان تێدا بوو. لەڕاستیدا لەم ساڵەدا حەد و حدوودی زەرفیەتەکان چ لەپێوەندی لەگەڵ گۆڕانکارییەکان لە ناوچەدا و سیاسەتی دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا و چ بەتایبەتی بۆ بزووتنەوەی کورد لەم قۆناغەدا وەدەرکەوت. هەربۆیە بۆ ئێمە وەختی جەمعبەندییەکیش سەبارەت بە بارودۆخێکی نوێ بوو کە خەباتی لەمەودوای گەلەکەمان و خەباتی حیزبی ئێمەی تێدا دەچێتە پێش و بۆ ئەوەش هەم بەربەستەکانمان لەبەرچاو بوو هەم دەرفەتەکان و ئێمەش هەر بەو پێیە بەرنامەڕێژیمان بۆ ئاقاری سیاسی و تێکۆشانی حیزبیی خۆمان دەکەین. چونکە نیشانەکان هەرگیز یەکدەست نین و ئەگەر لە جێیەک یا لە بەستێنێکدا بەربەست هەبوو، دەبینین کە لە جێیەکی دیکە یا لە بەستێنێکی دیکەدا دەرفەت هەیە. بۆ نموونە یەکلابوونەوەی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم یەک ساڵە بەتایبەتی لە پاییز و زستانی ڕابردوودا بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا زۆرتر بەڵای زەقبوونەوەی کۆسپ و تەگەرە بۆ خەباتی ئێمەدا شکایەوە، کەچی لە کۆتاییەکانی ساڵدا هەم لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا و هەم لە دۆخی نێوخۆی ئێران و نارەزایەتییەکانی خەڵک، دیتمان کە دۆخی نوێ دەتوانێ هەڵگری دەرفەت و زەرفیەتی تازەش بۆ ئێمە بێ.

وەک هەموو جارێک ئێمە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی خەباتی خۆمان بە سەرنجدان بە بارودۆخی نێونەتەوەیی دەست پێدەکەین. بۆچی ئێمە دەبێ سەرنج بدەینە بارودۆخی نێونەتەوەیی؟ چونکە دنیای ئەوڕۆ دنیایەکی پێکەوە گرێدراوە و دیاردەکان و ڕووداوەکان زۆر لە جاران زیاتر کاریگەری لە یەکتر وەردەگرن. لەڕاستیدا کێشە و ناکۆکییە ناوچەیی و مەحەلییەکان درێژکراوەی ململانێ و بەریەککەوتنە جیهانییەکانن و یەکتر تەغزیە دەکەن. ئەو ناوچەیەش کە نیشتمانی ئێمەی لێ هەڵکەوتووە، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە هەموو ئەو هۆکارانەی دەیزانن مەوقعیەتێکی تایبەتی و گرینگییەکی ستراتژیی هەیە و مەرکەزی سقلی هاوکێشە نێونەتەوەییەکانە؛ ئەو دەوڵەتانەش کە حاکمن بەسەر کوردستاندا بەتایبەتی ئێران ئەکتەری دیار و ئەکتیڤی ئەو ململانێ و ناکۆکییانەن و ئاڵوگۆڕ لەو هاوکێشانەدا ڕاستەوخۆ بەمانای گۆڕانی مەوقعییەتی ئەم دەوڵەتانە و کەوابوو لەسەر هەلومەرجی خەباتی گەلی ئێمە و حیزبی ئێمەیە.

چەند ساڵێکە ئەم هاوکێشە و ململانێیانە لە قەیرانی سووریەدا چڕ بوونەوە و وەک دەبینین دەمێکە ئەم قەیرانە و هەرچی بەدەوری ئەم قەیرانەدا سەری هەڵداوە و پەرەی گرتووە، هەموو ئەکتەرە جیهانی و ئیقلیمی و مەحەللییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. سەرباری ئەو قەیرانە کەموێنەیە کە بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتە و بەهۆی ئەم قەیرانەوە بۆ ناوچە دروست بووە، و لەگەڵ ئەوەدا کە زۆر باسی چارەسەرێکی هەمەلاگیری نێودەوڵەتی بۆ قەیرانی سوریە دەکرێ، بەڵام ئەوە هێشتا شکڵی نەگرتووە و ئاڵوگۆڕ و نیشانەکانی ئەم دواییانەش زۆر دژبەیەکن. لەلایەک ئاڵوگۆڕە مەیدانییەکان لەو ماوەیەدا زۆرتر بە قازانجی دەوڵەتی بەشار ئەسەد بووە، بەڵام لەولاشەوە هەروەک دیتمان ئەمریکا و بریتانیا و فەرانسە بەهۆی بەکاربردنی چەکی شیمیایی گورزی نیزامییان لە دەوڵەتی بەشار ئەسەد وەشاند، شتێک کە دەتوانێ وەک نوختە وەرچەرخانێک لە مامەڵەی نێودەوڵەتی لەگەڵ قەیرانی سووریەدا چاو لێ بکرێ، بۆ ئێمەش لەبەر ئەوە گرینگە کە هەنگاوی عەمەلی بەدژی بەشار ئەسەر هاوکات بەرخوردە بەو لایەنانەی پشتیوانی دەوڵەتی بەشار ئەسەدن بەتایبەتی کۆماری ئیسلامی. بەو حاڵەش، لەبەر ئەوە کە ئایندەی ململانێ ناوچەییەکان زۆریش بە ڕکابەری نێوان ئەو دوو هێزەوە بەستراوەتەوە کە جارێکی دیکە بەکردەوە لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستاون (واتە ئەمریکا و ڕوسیە)، و لەبەر ئەوەی هەروەک گوتم هێشتا نیشانەکان دژبەیەکن و تروسکایی کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتی بەدی ناکرێ، جارێ زۆر زوویە کە بڵێین کە ئەمە سەرەتای سیاسەتێکی مونسەجیم و بێگەڕانەوەی نێودەوڵەتی بە دژی حکوومەتی بەشار ئەسەد و لەوەش گرینگتر بەدژی کۆماری ئیسلامیشە. هەربۆیە خوێندنەوەی ڕێبەریی حیزبی ئێمە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەدا کە دەبێ زەرفیەتە نێودەوڵەتییەکان ببینین و کەڵکیان لێ وەربگرین، بەڵام دەبێ ئاجێندای خەباتی خۆمان لەپێشدا لەسەر بنەمای واقعیەتەکانی نێو کۆمەڵگەی خۆمان و پۆتانسیەلی هێزی خەڵک تەنزیم بکەین و هەر چاومان لەوە نەبێ کە داخوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چ مامەڵەیەکی لەگەڵ موشکلاتی ناوچەی ئێمە دەکا.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر نێوخۆی ئێران هەروەک دەزانن لە یەک ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەتی لە مەودای نێوان دوو پلینۆمدا، بارودۆخی خەڵک لەڕووی ژیان و گوزەران و ماف و ئازادییەکانیانەوە خراپتر بووە و یەک ساڵی ڕابردووی دەوڵەتی ڕووحانیش زیاتر لە هەر کاتێک نیشانی دا کە کۆماری ئیسلامی ئیرادە و کارامەیی چارەسەری گیروگرفتەکانی وڵات و کۆتایی هێنان بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی وڵات بۆ ماجەراجوویی ناوچەیی و هیچ چەشنە کرانەوەیەکی سیاسیی نیە، ئەمەش خەڵکی لە هەر جۆرە ئیمکانێکی ئیسلاحی نیزام بێ ئومێد کردووە. هەربۆیەش بوو کە لە مانگی بەفرانباری ڕابردوودا شەپۆلێکی دەتوانین بڵێین بێوێنە لە ئیعترازاتی خەڵک لە سەرتاسەری ئێراندا وەڕێ کەوتەوە کە لەڕووی بەربڵاوی و شکانی ترسی خەڵک و ئەوە کە خەڵک کولییەتی نیزامیان بە هەدەف دەگرت خیسڵەتێکی تەواو تازەی هەبوو، بەڵام وەک حەرەکەت و نارەزایەتییەکانی پێشوو زۆر کەموکوڕیشی هەبوو کە خاڵی لاواز و پانیەی ئاشیلی ئەم جۆرە حەرەکەتانەن. وەک هاوڕێیەکمان لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا نووسیوێتی لەڕاستیدا ئەمڕۆ خەڵکی ئێران لەنێوان «بەرداشی بێ متمانەیی بە دەسەڵات و بێهیوایی بە ئایندەدا» گیریان کردووە. بێ متمانەیی بە ڕێژیم مەعلوومە لەبەرچی؟ بێ هیواییش بە ئایندە لەبەر ئەوە کە ئەو داوەڵە کە ڕێژیم سەبارەت بە «بەسووریەیی کردن»ی ئێران بە خەڵکی نیشان دەدا واتە ئەوە کە هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە ئێران مەرگ و ماڵوێرانی و بێسەروبەرەیی بەدوای خۆیدا دێنێ تا ڕادەیەک کاری خۆی کردووە، بەتایبەتی لە نەبوونی ئادرەس و مەرجەعیەتێک لە ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی ڕێژیمدا کە بتوانێ خەت و نیشان بەمجۆرە نارەزایەتیە خەڵکیانە بدا و ئەلترناتیڤێکی دڵخواز و جیددی بۆ دوای ڕێژیمی لێ بکەوێتەوە.

لەو نێوەدا ئەوەی کە ئێمە دیتوومانە بە نیسبەت ڕێژیمەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە گوتار و کرداری سەرانی ڕێژیم بە هەموو باڵ و پێکهاتەکانییەوە لەگەڵ ئەوەدا هەمیشە وەک یەک نیە بەڵام لە نیهایەتدا ڕێژیم لە تەواوەتیی خۆیدا ئێستاش حازر نییە پەیامی نارەزایەتیی ئەو خەڵکە ببیستێ و هەنگاوی بە کردەوەی بۆ هەڵێنێتەوە. دیارە ئەمجۆرە حاڵەتە کێشە نێوخۆییەکانی ڕێژیم بەرجەستەتر دەکاتەوە و بەو شێوەیەیە کە دیاردەیەکی وەک ئەحمەدینژاد زیاتر لە ڕابردوو سەرنج ڕادەکێشێ و جەنجاڵ دروست دەکا. ئەگەر ڕۆژێک هێندێک لایەن لە نێوخۆی ئەو ڕێژیمەش بەڕاستی هەنگاو هەڵێننەوە بۆ ئەوەی بچنە نێو بەرەی خەڵکەوە ئەو دەمە حیزبێکی سیاسی یا بژاردە سیاسییەکان دەزانن بەو جۆرەی کە بە قازانجی سەرکەوتنی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکە هەڵوێست بگرن. بەڵام تا ئەو وەختە کە ئەو شتە ڕووی نەداوە، دەبێ بڵێین کە کێشە نێوخۆییەکانی ڕێژیم لەگەڵ ئەوەدا کە ڕاستە شەڕی زێڕینگەری نیە، بەڵام شەڕی خەڵکیش نیە. ئەوان شەڕی خۆیان لەگەڵ یەکتر دەکەن نەک ئەوەی لەسەر مافەکانی خەڵک شەڕ لەگەڵ یەکتر بکەن. هەربۆیە خەڵکی ئێرانیش و خەڵکی ئێمەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نابێ ئەم شەڕە بە شەڕی خۆیان بزانن و لە هە حاڵدا پێویستە خەباتی خەڵک تەواوەتیی نیزام بە ئامانج بگرێ.

تا ئەو جێگایە کە پێوەندیی بە کوردستانەکەی خۆمانەوە هەیە، لە هەمووان ئاشکرایە کە وەزعیەت لە کوردستان لە چاو شوێنەکانی دیکەی ئێران چەند قات خراپترە. بەو حاڵەش خەڵکی ئێمە لە یەک ساڵی ڕابردوودا و لە مانگەکانی دواییدا لە ڕابردووش زیاتر لەسەر پێ و لە مەیداندا بووە. خەڵکی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕابردوویەکی دوور و درێژی لە خەبات و خۆڕاگری و خۆڕێکخستن هەیە. شتێک کە ئێمە وەک حیزبێکی سیاسی دەبێ ببینین ئەوەیە کە شعووری سیاسی و نەتەوەیی و مەدەنیی خەڵکی ئێمە هەتا دێ زیاتر دەبێ. لە یەک ساڵی ڕابردووشدا لە قەزیەی کۆڵبەران و ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان و بوومەلەرزەی پاییزی ڕابردوو و ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان و ئەو مانگرتنەی هەر ئێستا لە شارەکانی کوردستان لە ئارادایە ئەوەمان بە باشی بەدی کرد. خەڵکی ئێمە بە دیدێکی شوناسخوازانەوە خەریکی خۆڕێکخستن و خۆدەرخستنە. حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی شۆڕشگێڕە. بەڵام حیزبێکی سیاسی دەبێ کۆمەڵگە بە مەیدانی سەرەکیی خەبات بزانێ. ڕیسالەتی ئێمە وەکوو حیزبێکی سیاسی و شۆڕشگێر بێگومان لە ڕیسالەتی چالاکانی مەدەنی یا تەشەکولاتێک لە نێوخۆ ئەگەر بتوانن هەبن، جیاوازە. هەرلەوکاتەدا حیزبی ئێمە زیاتر لە ٤٥ ساڵە بەستێنی نێوخۆ و فۆڕم و شێوازە جۆراوجۆرەکانی لە مەیداندابوونی خەڵکی بۆ گرینگە. لە دە دوازدە ساڵی ڕابردوودا حیزبی ئێمە زیاتریش هاندەری بەستێنی نێوخۆ بووە و تێکۆشاوە متمانەبەخشی بداتە چالاکانی مەدەنی. لەم ڕێگایەدا ئەگەر جارێ وا بووە تووشی ڕەخنە و تیر و توانجیش بووە، بەڵام بە تێپەڕینی زەمان دەرکەوتووە کە هەوڵە گوتارییەکانی ئەو حیزبە بەرهەمی هەبووە و تەنانەت جۆرێک فەرهەنگسازیی لە کۆمەڵگەی سیاسی ئێمەدا لێ کەوتۆتەوە. دیارە ئێمە هەر نابێ بە پشتیوانیی گوتاری قەناعەت بکەین و پێویستە لە بەرنامەی کار و تێکۆشانیشماندا کە دواتر باسی دەکەین ئەمە زیاتر ڕەنگ بداتەوە و پێویستە بەستێنی کۆمەڵگا لەگەڵ بەستێنی حیزبەکان زیاتر پێکەوە گرێ بدەینەوە.

کە دێینە سەر باسی بەستێنی حیزبەکان چ لە ئاستی ئێران و چ لە ئاستی کوردستاندا، وەک هەمیشە گوتراوە یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە ئۆپۆزیسیۆن مونسەجیم و یەکگرتوو نیە. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو کەمایەسییە چارەنووسسازە هەروا بەردەوامە، ئەرکی ئێمەشە کە لە ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەریی ئێران غافڵ نەبین. مادام ئێمە هێشتا باسی چارەسەری مەسەلەی کوردی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی ئێراندا دەکەین، ئاڵوگۆڕ لە پێتەخت و بارودۆخی هەموو ئێران بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش گرینگە و دەبێ لەگەڵ ئەو هێز و لایەنانەی ئیدیعای سەراسەری بوون دەکەن لەپێوەندیدا بین. ئێمە لە یەک ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ ژمارەیەک ڕێکخراوەی نەتەوەیی و ئێرانی چوارچێوەیەکمان بۆ لێکگەیشتن و هاوکاری بە ناوی شووڕای دێموکراسیخوازانی ئێران دامەزراندووە و لەگەڵ هێندێک هەمایشی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییش لەپێوەندی داین هەتا یارمەتی بە شکڵ گرتنی ئاڵترناتیڤ یان لانیکەم بنەماکانی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی بکەین، دیارە بە مەرجێک کە ڕوانگە و ئارەزووکانی خەڵکی کوردستان لەم پرۆسەی ئاڵترناتیڤ سازییەدا ڕەنگدانەوەی هەبێ. ئەولەویەت بەڵام بۆ ئێمە نێوماڵی کوردە نێوماڵی کورد لەپێشدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە یەک ساڵی ڕابردوودا بە خۆشییەوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان فەسڵێکی تازەیان لە لێکنزیکبوونەوە و پێکەوە کارکردن دەست پێکردووە و ئێستا هاوفکری و هاوهەڵوێستی لەنێویاندا بۆتە عادەت. مەعلوومە یەکگرتن و هاوکاریی نێوان حیزبەکانمان هێشتا ئاستەنگ و کەموکوڕیی زۆرە، بەڵام ئەوە کە بە ناوی ناوەندی هاوکاریی هێزەکانی کوردستانی ئێران درووست بووە چوارچێوەیەکی باش و هیوابەخش بۆ یەکخستنی هێز و وزەی خەباتگێڕیی گەلەکەمان. دیارە حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدایە کە بۆ ئەوە کە ئەم هەنگاوە موسبەتە بەرهەمدارتر بێ، پێویستە توانا و کەرەسەی کاریی حیزبەکان زیاتر لە هەنگاوی بەکردەوەدا دەکار بخا؛ پێویستە ئەو ناوەندە بە جۆرێک کار بکا کە هاوکاری و هاوخەباتیی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەهادینە بێ و لە نیهایەتدا بەرەیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لێ بکەوێتەوە؛ دەمەوێ ئەوەش زیاد بکەم کە حیزبی ئێمە بەو تایبەتمەندییە سیاسییەی هەیەتی و بەو زەرفیەتە سیاسیانەی لە خۆیدا درووست کردووە، چاوەڕوانیی ئەوەشی هەیە کە ناوەندی هاوکاری زیاتر بە کۆمەڵگەی نێوخۆی ڕۆژهەڵات وەسڵ بێ و ئیلهام و کاریگەریی زۆرتر لە واقعیاتی نێوخۆ وەربگرێ.

لەنێو هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەوەی بۆ ئێمە نزیکتر و گرینگترە وەک بنەماڵەی سیاسی، بێگومان لایەنەکەی دیکەی دێموکراتە. پرسی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکراتیش یەکێک لە بڕگەکانی کاری ئەم دانیشتنە سێ ڕۆژییەی کومیتەی مەرکەزیی حیزب بوو. بەخۆشییەوە لە ئاکامی سیاسەتی دروستی حیزبی ئێمە کە سیاسەتی بەو پرسەوە نەکردوە و بە دیدێکی ستراتژییەوە کاری جیددیی بۆ کردووە (تەنانەت ئەوەندەی کار لەسەر کردووە کە زۆر جار لە ڕیزەکانی خۆشماندا ڕەخنە و گلەیی هاتۆتەوە سەر)، کۆمەڵێک دەسکەوتی باش لەو پرۆسەیەدا وەدی هاتووە. بەڵام دەزانین کە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان هێشتا وەدی نەهاتووە؛ ئەگەر وەدینەهاتووە و ساڵانیکی زۆریش خەڵکی لە چاوەڕوانیدا هێشتۆتەوە، مەعنای ئەوەیە کە هێشتا کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرە لەسەر ڕێگای بەئەنجامگەیشتنی پرۆسەکە ماون. وەک دەزانن بەهۆی کۆنگرەی شازدەهەمی حدکا و ئەو پرسیارانەی گۆڕینی پێکهاتەی حیزبیی هاوڕێیانمان بۆ سەر پرسی یەکگرتنەوەی دروست کردبوون، ماوەک بوو دانیشتن و گفتگۆی دوو لایەن بۆ یەکگرتنەوە ڕاوەستابوو. ئێستا پلینۆمی ئێمە هێندێک ڕێنوێنیی داوە بە هەیئەتەکەمان هەتا لە مانگەکانی داهاتوودا بە جیدییەتەوە تەعقیبی ئەو پرسە دەست پێ بکاتەوە و وا بکەین کە بە وەبەرچاوگرتنی چاوەڕوانیی تەشکیلاتی خۆمان بەڵام لەوەش گرینگتر چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستان وا بکەین کە ئەو پرۆسەیە بە ئەنجامی دیار و دڵخواز بگا.

ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە هەر جار کە کۆبوونەوە دەگرێ، پێویستە چاوی لە وەزعیەتی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بێ، چونکە ئێمە بەشێکین لە نەتەوەیەک کە دابەش کراوە؛ وەزعیەتی وڵاتانی حاکم بەسەر کوردستاندا وای کردووە کە هەمیشە بزوتنەوەی هەر پارچەیەکی کورستان، پارچەی دیکەی کوردستان وەک سەکۆیەکی بۆ خەباتی خۆی بەکار بێنێ. بۆ ئێمە باشووری کوردستان بەداخەوە هێشتا ئەو سەکۆیەیە. بۆیە دەڵێم بەداخەوە چونکە ئیدەئاڵ ئەوەیە ئێمە بە ئازادی لەنێو خەڵکی خۆمان و لەسەر خاکی خۆمان خەبات بکەین و سەرکردایەتیی ئێمە لە دەرەوەی جوغرافیای ئەسڵیی خەبات بنکەی هەبێ. لەلایەکی دیکەوە خەبات و بارودۆخی پارچەکانی کوردستان کارتێکەری لە یەکتر دەکەن، هەم دەتوانن ئیلهام پێک بدەن، هەم دەتوانن ببنە کۆسپ و تەگەرە بۆ یەکتر.

لەپێوەندی لەگەڵ هەر کام لە پارچەکانی کوردستاندا؛ ڕێبەرایەتیی ئێمە پێی وایە ئەوە کە پاییزی ڕابردوودا دوای دونیایەک ئۆمێد و چاوەڕوانی لە باشووری کوردستان ڕووی دا، بەشێکی گرینگی دەرئەنجامی نایەکگرتوویی هێز و لایەنەکانی ئەو بەشەی کوردستان بوو. ئێستا کە ئەگەرچی کاتی ململانەی هەڵبژاردنە، بەڵام لەسەریەک هەرێمی کوردستان خەریکی خۆڕێکخستنەوە و دەسپێکردنەوەی دیالۆگ لەگەڵ بەغدایە، ئۆمێدی ئێمە ئەوەیە کە ئەمجارە ئیدی بەخۆداچوونەوەیەک و یەکخستنەوەیەکی ڕوانینە ئیستراتیژییەکان لە باشوری کوردستان وا بکا کە جارێکی دیکە ناکۆکی و ململانەی حیزبی و سیاسی نەبێتە هۆی ئەوە کە شتی ناخۆش بۆ گەلەکەمان لەو بەشە لە کوردستان دووپاتە بێتەوە. لە باکووری کوردستان، ئێمە ئەو وەزعییەتەی کە ئێستا زاڵە بەسەر بەسەر ئەوێدا، زۆر بە جێگای داخ دەزانین و ئارەزوومان ئەوەیە کە بەستێنی دیالۆگ و دەرفەتی چارەسەری سیاسی و شارستانیانەی کێشەکان دروست بێتەوە. سەبارەت بە ڕۆژئاوای کوردستانیش، کەوتنی عەفرین و هەموو ئەو نەهامەتییەی بەسەر گەلی ئێمە لە ڕۆژئاوا هات زۆر تاڵ بوو. هاوکات لەگەڵ ئەوە کە خۆڕاگری و قوربانی دان ڕۆڵەکانی ئەو گەلە لە ڕۆژئاوا یەکجار شیاوی ڕێز لێگرتن و تەمجیدە، بەڵام لەو باوەڕەش داین کە بەدەر لەوە کە سیاسەتی دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا لەگەڵ کورد چیە، کوردیش بۆخۆی لە هەر پارچەیەکی کوردستان دەبێ وەها یەکگرتوو بێ و ئاجێندای خەباتی خۆی وەها دابنێ کە ئەزموونێک کە لە پارچەیەکی کوردستاندا شکڵ دەگرێ ئەوەندە نایەکگرتوو نەبێ یان ئەوەندە مۆرکی تابعیەت لە هێزی پارچەیەکی دیکەی کوردستانی لێ نەدرێ کە دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا ئەوەندە ڕووهەڵماڵاوانە لێی وەخۆکەون و کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش متەقی لێ نەیە.

لەبارەی سەرجەم بزوتنەوەی کورد، لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە یەک میللەتین و دەبێ هاوپێوەندیی نەتەوەییمان هەبێ و ئەگەر دیسان باس لە دروستکردنی چوارچێوەیەک بۆ موناقشەی و لێکگەیشتنی نێونەتەوەیی کرا، حیزبی ئێمە وێڕای ئەوەی قسەی خۆی هەیە و سەنگی ڕۆژهەڵات دەکاتە پێوەر، بەڵام پێشوازییش لە شکڵگرتنی هەر چوارچێوەیەکی هەمەلاگیر دەکا کە پەرە بە هاوپێوەندیی نەتەوەیی و جێخستنی ئوسوولێک بۆ موناسباتی نێوخۆیی بزوتنەوەی کورد بکا. بەڵام لەهەر حاڵدا لەبەر ئەوەی هەر پارچەیەک لە کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و بەلەبەرچاوگرتنی ڕووداوەکانی ئەم دواییانە، دەستتێوەردانی هەر هێزێک لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان زەربە لەو پارچەیە لە کوردستان و زەربە بە پێشەوەچوونی سەرجەم خەباتی کورد دەگەیەنێ. لەم پلینۆمەشدا ڕێبەریی ئێمە بە ڕوونی سیاسەتی هێندێک لە هێزەکانی کوردستانی کە دەیانەوێ لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشا ئیمتدادیان هەبێ لەحاڵێکدا کە لە ئەسڵدا و لەپێشدا بۆ خەبات لە پارچەکەی خۆیان دروست بوون بە زیانبەخش بۆ خەباتی پارچەکانی دیکە و تەنانەت بۆ خەباتی خۆشیان دەزانێ. وەک خۆمان ئێمە لە عەینی ئەوەدا کە هاوپێوەندی نەتەوەییمان بۆ گرینگە بەڵام تەئکید لەسەر ڕۆژهەڵاتتەوەری دەکەینەوە چونکە ئەرکی یەکەمی ئێمە کارکردنە بۆ ڕۆژهەڵات. لەولاشەوە، هێزەکانی دیکەش دەبێ ڕێز لەوە بگرن کە هەر پارچەیەکی کوردستان دەبێ بۆخۆی نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی بکا و بۆخۆی ئاجێندای خەباتی خۆی تەنزیم بکا و هێز و لایەنی هیچ پارچەیەکی کوردستان نابێ کۆسپ و لەمپەر لەسەر چوونە پێشی خەباتی کورد لە پارچەیەکی کوردستان ڕابکێشێ. لێرەدا پلینۆمی ئێمە بە ڕاشکاوی سەرنجی خەڵکی خۆمان لە نێوخۆی وڵات بەتایبەتی لەنێو توێژی لاودا بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە ئاگادار بن، سیاسەتی لە پەراوێزخستنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا کاری دەوڵەتی حاکم بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیە، بەڵکوو بەداخەوە بە هەر هۆیەک چەشنێک هاوکاری و هاودەستیی هێندێک هێزی کوردیشی لەگەڵە.

# گرینگیی بە دۆکیۆمێنتکردنی

## کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەرێمی کوردستاندا

قادر وریا




**پێشەکی:**

مەبەست لە بە دۆکیۆمێنتکردن ئەوەیە کە ئەم بەڵگە و زانیاری و نیشانانەی لە بارەی کردەوە تێرۆریستیەکان هەن، بکرێن بە مەبنای کارێکی ڕۆشنگەرانە کە بکرێ لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە، ڕاگەیەنەکان و ناوەندە حوقووقییەکان سوودیان لێوەربگیرێ و بخرێنە بەرچاوی بیروڕای گشتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن. بەداخەوە لەم بارەیەوە کارێکی زۆرکەم کراوە.

**کەمتەرخەمیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

لێرەوە دەمهەوێ سپاسی کۆمەڵێک ئینسانی بەرپرس لە دەرەوەی وڵات بکەم کە داکۆکیکەری مافی مرۆڤ، یا چالاکی میدیایین و، هاتوون خۆیان بەو شتانەوە ماندوو کردوە. من کۆمەڵێک کەس دەناسم کە کتێبیان لەو بارەوە ئامادە کردوە، یا هەوڵیان داوە لیستی ئەو تیرۆرانە بگرن و هێندێک زانیاریی زیاتر لە بارەی تێرۆرەکان بخەنە ڕوو. بەڵام وەکوو فیلم یا موستەنەدی بەکەڵکی تەلەڤیزیۆنی ئامادە نەکراون. ئەوەی هەیە کۆمەڵێک نامیلکە و کتێبن و هەوڵی تاکەکەسین. دەبێ دانی پێدا بنێین ئێمە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەهاتووین وەکوو حیزب (چ بە تەنیا چ بەیەکەوە) کار لەسەر ئەو بەڵگەنامانە بکەین کە بەدەستمانەوە بوون. دەزانین زۆربەی ئەو حیزبانە کە بەرەوڕووی کردەوەی تێرۆریستی بوونەوە وەختی خۆی ئەسنادیان وەدەست کەوتوە. جاری وا هەبووە خودی ئەو کەسەی کەدەستی لە تێرۆرەکەدا هەیە عامیلی ئیجرای پیلانە تێرۆریستییەکە بووە، بەدیل گیراوە، لەبەرامبەر کامێرادا ئیعترافی بەتاوانەکەی کردوە. کۆمەڵێک ئەسناد هەن کە تێرۆرەکانی ئەو وەختە دەسەلمێنن، یا کەسانێک هەن شاهیدی ڕووداوە تیرۆریستییەکان بوون. ئەوجار خودی قوربانییەکان باشترین سەرچاوەن. خۆ ئەگەر هێندێکیان گیانیان لەدەست داوە کەسانێکی دیکە هەن کە بریندار بوون و ئێستا لە ڕیزی ئەو حیزبانەدا ماون. ئەوانە دەیانتوانی و دەتوانن باشترین سەرچاوە بن بۆ دروستکردنی دۆکیۆمێنت لەبارەی کردەوە تێرۆریستییەکان، بەڵام ئەوشتانە هەروا لە ئارشیودا ماون بەبێ ئەوەی سوودمان لێ وەرگرتبن! ئەوە یەکێک لەکەمتەرخەمییەکانمانە وەکوو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات.

**سوودەکانی بەدۆکیۆمێنتکردنی تاوانە تێرۆریستییەکان**

بەتێپەڕینی زەمان بەشێک لەو تاوانانە لەبیری خەڵک و ناوەندە مرۆڤدۆستەکان چوونەوە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر کار لە سەر بەڵگەنامەکان بکەین دەتوانین وەبیر بیروڕای گشتی و ناوەندەکانی مافی مرۆڤیان بێنینەوە. لە ئیختیار ئەو ناوەندانەیان بنێین کە لێکۆڵینەوە لەو جۆرە تاوانە دەکەن. پاشان پشت ئەستوور بەو بەڵگەنامانە داواکاری بدەین بە ناوەندە قەزاییەکانی ئەو شوێنانەی تێرۆرەکانیان لێ کراون، چ لە دەرەوەی وڵات چ لە هەرێمی کوردستان. هەر شوێنێک کۆماری ئیسلامی، نەیارانی خۆی لێ تێرۆرکردوون بێگومان دامودەزگای قەزایی هەیە، دادگای هەیە. ئێمە دەبێ لەو موستەنەدانە ئیستفادە بکەین چونکە موستەنەدەکان بەڕادەی پێویست ڕوونکردنەوەیان تێدا دەبێ، بەڵگەیان تێدا دەبێ و لایەنە ناڕوونەکان ڕوون دەکەنەوە. بەم جۆرە هەم بۆ بەدواداچوونی قەزایی و داوای سزا بۆ بەڕێوەبەرانی کردەوە تێرۆریستییەکان پێویستن، هەم لەمڕێگایەوە ڕەهەند و لایەنە جۆراوجۆرەکانی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بیروڕای گشتی ڕوون دەبێتەوە. سوودێکی دیکەی ئەو بە دۆکیۆمێنت کردنە ئەوە دەبێ کە ئێمە کۆمەڵێک خەسار کە لە ڕێگای ئەو تێرۆرانە بە بزووتنەوەی کورد بە گشتی گەیشتوون، بەرجەستەیان دەکەینەوە.

**خەسارە سیاسی و نەتەوەییەکانی ئەم تێرۆرانە**

چونکە باسەکەم لە سەر تێرۆری کۆماری ئیسلامییە لە هەرێمی کوردستان، جێی خۆیەتی وەبیر بێنمەوە کە ئەم تێرۆرانە لە پێشدا زیانیان گەیاند بە پێوەندیی نێوان دوو پارچەی کوردستان. وەختایەک لێرە بە دەیان و سەدان تێکۆشەری کوردی ڕۆژهەڵاتی لەبەرچاوی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئێرە و دامودەزگاکانی ئێرە دەبنە ئامانجی تیرۆر، سروشتیە کە خەڵکی ڕۆژهەڵات ناتوانن لەبەرامبەر ئەوەدا بێ تەفاوەت بن. دەزانن بەشێکی مسئۆلییەتەکە، ڕووی لەو حیزبانەیە کە لێرە دەسەڵاتدار بوون. ئێمە دەزانین ئەو تیرۆرانە زیانی زۆریان گەیاند بە پێوەندیی نێوان دوو بەشی کوردستان لە ساڵانی پێشوودا. زیانیان گەیاند بە ئیعتباری ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانە کە لێرە هەن. وەختێک لە ناوچەیەکدا حیزبێک دەستەڵاتدار بووە و لەو ناوچەیە کوردێکی ڕۆژهەڵاتی تێرۆر کراوە و دوایە تێرۆریستەکەش بە ئاسانی بۆی دەرچووە و بەدواداچوونی بۆ نەکراوە، سروشتیە کە ئیعتباری ئەو جۆرە حیزبانەش سەبارەت بەو کەمتەرخەمیانە و بە جۆری پێوەندییەک لە گەڵ کۆماری ئیسلامی هەیانبووە بێتە ژێر پرسیار.

لەدەیەی ٩٠ی زایینی لەکۆڕ و کۆمەڵی نێودوڵەتیدا زۆر ڕەخنە و نارەزایەتی بەرەوڕووی ئەو حیزبانە کرایەوە کە لێرە ئەحزابی باڵادەست بوون. یەکێک لە ڕەخنەکان ئەوە بوو کە بۆ چی دەبێ لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتیاندا ئاوا بە ئاسانی پەنابەران و ئینسانی بێ تاوان، گیانیان لێ بستێندرێ‌و ئەوانیش ئاوا بێدەنگ و بێ تەفاوەت بن ؟!

خەسارێکی گەورەی دیکەی ئەو تیرۆرانە ئەوە بوو کە ئەو ئینسانانەی تیرۆر کران، نەک هەر سەرمایەی ئەو حیزبانە بەڵکوو سەرمایەی میللەتی کورد بوون، سەرمایەی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، بەڵام بە ئاسانی گیانیان لێ‌ستێندراو مافەکانیشیان پامال کرا. هیچ لایەنێک لە بەرامبەر ئەوکەسانەی گیانیان لێ‌ستێندرا یا ئەو بنەماڵانەی ئازیزانیان لەدەست دا، یا کەسێکیان کەم ئەندام بوو، یان بێ‌سەروشوێن بوو، خۆی بە بەرپرسیار نەزانی! واتە هیچ بەدواداچوونێک نەکرا لەلایەن ئەم دامودەزگایانەی کە لێرە هەبوون. بۆیە ئەمە بۆ هەتا هەتایە ڕەخنەیەکە لەسەریان. با ئەوەش بڵێم لە هێندێک مەوریددا بەدواداچوونیان هەبووە، دڵسۆزیان هەبووە، جاری وا هەبووە کومەگیان کردووە بە پووچەڵبوونەوەی پیلانێک. مەبەستم ئەوەیە هەر وا کە کەمتەرخەمییەکانیان لە بیر ناکەین، کردەوە باشەکانیشیان لەو پێوەندییەدا لە بیر نەکەین.

**چەند ڕەهەندێکی تاوانە تێرۆریستییەکان**

پێم باشە چەند سەرنجێک لەسەر چۆنیەتیی تاوانەکان بخەمەڕوو. بەو هۆیەوە کە ئەو تاوانانە بە دۆکیۆمێنت نەکراون لەوانەیە نەسلی ئەمڕۆ لێیان ئاگادار نەبێ. جۆراوجۆریی تاوانەکان بە نۆرەی خۆی جێگای هەڵوێستە لە سەر کردنە. لە نێو قوربانیانی تاوانە تێرۆریستیەکان کەسانی وا هەبوون بە "ئەسید"(تێزاب) کوشتوویانن. جاری وایە قوربانییەکە چالاکی سیاسی یا پێشمەرگەش نەبووە، تەنیا بەستراوەییەکی بنەماڵەیی هەبووە بە تێکۆشەرێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی.

نموونەی وامان هەبووە قوربانی بە بەکارهێنانی ژەهر (دەرمانداوکردن) جا ژاراویکردنی خواردن بووە، شیرینی بووە یا ئاو، بۆ وێنە بە بەکارهێنانی ژەهری سالیۆم، گیانی لێ ئەستێندراوە. ئامانجی پیلانە تێرۆریستییەکەش هەر تاکەکەسێک نەبووە بەڵکوو بە دەیان بنەماڵەی کوردی ڕۆژهەڵات و تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات بوون.

بۆمبدانانەوە جۆرێکی دیکە لە تاوانی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی دژی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بووە. بە شێوەی جۆراوجۆر بۆمب و تەقینەوەیان بەکارهێناوە لە دژی ئێمە. هەر دوور نەڕۆین لەشەوی یەلدای ساڵی١٣٩٥ (٢٠١٦/١٢/٢٠)دا، لێرە بەداخەوە تەقینەوەیەک کە لە ڕێگای بۆمبدانانەوە گیانی ٧ کەس لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردی ئەستاند. هەرئەمساڵیش دوو کردەوەی تیرۆریستی دیکە کە یەکیان بۆمبدانانەوە بوو و لە "بنەسڵاوە" ڕووی دا، گیانی کاک سەباح ڕەحمانیی ئەستاند. دووهەم کردەوە تەقەکردن بوو کە بووە هۆی شەهید بوونی هاوڕێ قادر قادری.

جۆرێکی دیکە لە تاوانی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی، مین دانانەوە و کەمین‌دانانەوە بووە. مین و کەمینیان لەسەر ڕێگاکانی هاتوچۆی تێکۆشەرانی کوردی ئێرانی داناوەتەوە بۆ ئەوەی قوربانی بستێنن. بەڵام دیارە هەر کادر و پێشمەرگەی حیزبەکانیان نەکردوە بە ئامانج. تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی لە سەر ڕێگای گشتی و بۆ وەسیلەی گشتییش مین و کەمینیان داناوەتەوە. بۆ وێنە لێرەوە مینی‌بوس چووە بۆ سلێمانی و چەند پێشمەرگەیەکی تێدابووە، بەڵام ژن و منداڵ و نەخۆشیشی تێدابووە. لە سەر ڕێگای دوکان_ سلێمانی کەمینیان بۆ داناوەتەوە، ئەوبەر و ئەوبەری جادەیان گرتوە و مینی بووسەکەیان داوەتە بەر دەسرێژ.

حاڵەتێکی دیکە لە تاوانە تێرۆریستییەکان، گرتن و تەسلیمکردنەوەی تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی و تەحویلدانەوەیان بە ڕێژیمی ئێران بووە. وەک ئەوەی حیزبوڵڵای بەناو شۆڕشگێر لە ناوچەی سۆران لە نەوەدەکاندا کردی، یا بزووتنەوەی ئیسلامی لە هەڵەبجە ئەنجامی دا. ڕفاندن و بێسەروشوێنکردنیش جۆرێکی دیکە لە تاوانەکانی تیرۆریستانی ئەو ڕێژیمە بووە. جاری وابووە دوای ساڵێک و تەنانەت زیاتر تەرمی کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کە بێسەرو شوێنیان کردوە، دۆزراوەتەوە.

ڕەهەندێکی دیکەی ئەوکردەوە تێرۆریستیانە ئەوەیە کە تیرۆریستان فەرقیان بە تاک و کۆ نەکردوە، فەرقیان بە ئینسانی بێ‌دفاع و ئینسانێک کە پێشمەرگە و چەکدارە نەکردوە، فەرقیان بەگەورەی بنەماڵەیەک کە کاری سیاسی دەکا لە گەڵ منداڵەکانی نەکردوە. هەر لێرە دیتمان لە نیوان (کەمپی) "زەویەسپی" و گوندی "هەرمۆتە"، لە سەر ڕێگایەک کە ڕێگای گشتی بوو، منداڵان بەو ڕێگایەدا دەچوون بۆ قوتابخانە، مینیان دانابووە. نموونەیەکی دیکە تەقاندنەوەی مینی بووسێکی حیزبی دیموکرات لە نێوان "ئێندزێ" و "بۆڵێ" بوو، کە ژن و منداڵ و نەخۆش و برینداری تێدابوو.

لە کەمپەکانی بازیانی حیزبی دیموکرات، تیرۆریستان پەنایان برد بۆ ژەهراوی کردنی تانکییەکانی ئاوی ئەوکەمپە کە پیر و منداڵ و ورد و درشت و هەموو خەڵک (بە سەدان کەس) ئاویان لێ دەخواردەوە. لە ئاکامدا بەدەیان کەس تووشی خواردنی ژاری سالیۆم بوون کە بەخۆشییەوە نەخۆشخانەکان و دەزگاکانی تەندروستیی ئەو کاتی عێراق فریایان کەوتن و لە مەرگ نەجاتیان بوو، هەر چەند قوربانیی واش هەن تا ئێستاش بەدەست ئازارەکانی ئەو ژاراویکردنە دەناڵێنن. بەم جۆرە کۆماری ئیسلامی بۆ لە نێوبردنی موخالیفەکانی، فەرقی بە چەکدار و بێ‌چەک، گەورە و بچووک، مرۆڤی سیاسی و خەڵکی سڤیل نەکردوە.

ڕەهەندێکی دیکەی تێرۆرەکان هەڵوێستەکردنە لە سەر ئەو زەمانەی‌کە تێرۆرەکانی تێدا کراون. دیارە کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات و هەر لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە سەرکارییەوە تێرۆری کردوە. بەڵام لە هەرێمی کوردستان زۆرترین تیرۆرەکان لە نێوان ساڵەکانی١٣٧٠تا ساڵی ١٣٧٦ (١٩٩١تا ١٩٩٧) کراون. ئاماری کردەوە تیرۆریستییەکان لە ٤٠٠ زیاترە کە زیاتر لە ٢٠٠ قوربانیان ئەستاندوە.

**جۆغرافیای تێرۆرەکان و هۆکاری زۆربوونیان**

دیمەسەر جۆغرافیای تێرۆرەکان. تێرۆرەکان لە هەرێمی کوردستان زۆرتر لە دوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر ڕوویان داوە، دەلیلەکەشی ڕوونە. حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر لەو دوو پارێزگایە بنکە و بارەگا و مانەوە و هاتوچۆیان هەبووە. بۆ وێنە لە پارێزگای دهۆک حزوورێکی وایان نەبووە. زۆرجار هێندێک لە هاوڕێیانمان کە حافزەیان لاوازە دەڵێن تیرۆرەکان تەنیا لە یەک پارێزگا بووە. ئەوە ڕاستە کە بە هۆی حزووری زیاتری هێزەکانی ڕۆژهەڵات لە پارێزگای سلێمانی و دەستڕۆیشتوویی زیاتری ڕێژیمی ئێران لەو پارێزگەیە، ژمارەی تێرۆرەکان لەوێ زیاتر بووە، بەڵام لە پارێزگای هەولێریش نەک بەو ڕادەیە، بەڵام تێرۆر هەبووە. واتە بەداخەوە هەموو لایەنە دەستەڵاتدارەکان لە هەرێمی کوردستان لە سەردەمی خۆیدا کەمتەرخەمیان لەو بارەوە هەبووە، چاوپۆشیان هەبووە و کەسانێکیش لەوان دەستیان تێکەڵاو بووە لەگەڵ ئەو تێرۆرانە. ئێستا جاروبار هێندێک کەس ئەوەی لەبیر دەچێتەوە و بە ئاسانی دەڵێ هەر لە ناوچەیەکی تایبەتی تیرۆری تێکۆشەرانی کوردی ئێرانی هەبووە. ئەمە ڕاست نیە و بەداخەوە لەهەر دوو ناوچە، و لەهەر دوو پارێزگادا ئەو تێرۆرانە هەبوون.

ڕاستییەکەی ئەوەیە تێرۆرەکان تابعی چەند شتێک بوون. خودی شەڕی نێوخۆیی کە لە هەرێمی کوردستان هەبوو _هیوادارم قەت‌قەت دووپات نەبێتەوە_ بۆخۆی ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ تێرۆرەکان. چونکە ئەو لایەنانەی پێکەوە بە شەڕ دەهاتن بۆ تێکشکاندنی یەکتر ناچار بوون پەنا بەرن بۆ ڕێژیمەکانی دەوروبەر و ئیمتیازیان بدەنێ. سروشتییە ئیمتیازاتێکیش کە وڵاتانی دەوروبەر دەیانەوێ لە پێشدا دژایەتیی ئۆپۆزیسیۆنی خۆیانە کە لەو بەشەدا جێگیر بووە. ئەمە هۆکارێک بوو کە زۆری کۆمەک کرد بە پەرەئەستاندنی تێرۆرەکان و چاوپۆشی لە کردەوە تێرۆریستییەکان. هۆیەکی دیکە ئەو بارودۆخە ئابوورییە بوو کە لە هەرێمی کوردستاندا هەبوو. دەزگای سیخوڕی و تێرۆری ئێران بە هۆی ئەو بارودۆخەوە ئاسانتر دەیتوانی بەکرێگیراو بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بەکاری بێنێ بۆ کردەوەی تێرۆریستی.

**ئەنجام:**

ئاکامێک کە دەمەوێ لە ورووژاندنی ئەم باسە وەری بگرم ئەوەیە ئێمە چ وەکوو تاک، چ وەکوو هەر یەک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، هەر وەها وەکوو کۆی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە یەکەوە، پێویستە کار بکەین بۆ ئەوەی لە لایەک ئەو تاوانانە دووپات نەبنەوە و لە لایەکی دیکە ئەو تاوانانەی لە ڕابردوودا ڕوویان داوە، لە بیر نەچنەوە. ئەرکمانە بەدواداچوونی پێویستیان لەسەر بکەین. چەند شتێک پێویستە بکرێن بە تایبەتی کە ئێستا کردەوە تێرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەرێم دەستیان پێ کردوەتەوە. پێویستە ئێمە وەکوو حیزبەکان لە چەند ئاستدا کاریان لەسەر بکەین. پێویستە لەگەڵ یەکتر ئەوپەڕی هاوکاری و هەماهەنگیمان هەبێ و زانیاری لە گەڵ یەکتر بگۆڕینەوە بۆ پەرچدانەوەی پیلانەکان. دەبێ بەیەکەوە بەزمانی هاوبەش، بە گوشاری هاوبەش ڕووی قسەمان بکەینە دامودەزگا حیزبی و حکوومی و ئەمنیەتییەکان لە هەرێمی کوردستان و ئەرکی خۆیان وەبیر بێنینەوە، داوایان لێ بکەین جارێکی دیکە نەیەڵەن ئەو تەجرەبەیە دووپات بێتەوە. لە دەیەی ٩٠دا بەهەر هۆکارێک بوو ئەو هەموو تاوانانە کران، بەڵام لە ئێستادا ئێمە دەبێ نەیەڵین ئەوانە بە ئاسانی دووپات ببنەوە. پێویستە لەدەرەوەی وڵاتیش کار بکەین بۆوەی هەمیشە ئەوکەیسانە بە زیندوویی بمێننەوە.

ئەرکدارکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستانیش یەکێکی دیکە لەو کارانەیە کە پێویستە بەیەکەوە ئەنجامی بدەین. دیارە ئەگەر ئێمە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ئەو کەیس و بابەتانە بە زیندوویی ڕابگرین و بۆخۆمان لە پشتیان بین و کۆڵ نەدەین، خەڵکی هەرێمی کوردستان کە هەمیشە لەوەی نارەحەت بوون بەبەرچاوی ئەوانەوە کوردی ڕۆژهەڵاتی لێرە تێرۆر دەکرێن پێموایە ئەوانیش لەسەر خەت دەبن. ئەوان دەتوانن گوشار دروست بکەن و نەهێڵن هەر ئاوا بە هاسانی دووپات ببنەوە.

پێموایە ئەگەر ئێمە ئاوا کاری بەدۆکۆمێنتکردن بکەین، ئەگەر قوڵ لە زیندوو کردنەوەی کەیسەکانی تیرۆر هەڵماڵین و بەرەوڕووی دامودەزگای قەزایی و دادگاکانی ئێرەیان بکەینەوە، ئەو کەس و لایەنانەی کە پێشوو هاوکار و هاودەست بوون لەگەڵ دەزگای تیرۆری کۆماری ئیسلامی لە داهاتوودا ناتوانن ئاوا بە ئاسانی درێژە بە هاوکاری بدەن. چونکە دەکێشرێنە بەر دەم مێزی لێپرسینەوە و موحاکەمە دەکرێن و دەبێ لە ئاست کردەوەی خۆیان وەڵامدەر بن. ئەوان ئێستا پێیان وایە ئەوەی ڕابردوە چووەتە ژێر ژیلەمۆی فەرامۆشی. هەر وا بزانە هیچ شتێک ڕووی نەداوە و ئەوان شتێکیان نەکردوە!! کەسانی وا هەن کاتی خۆی دەستیان لە تاوان دژی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتیدا هەبووە ئێستا خەریکە جارێکی دیکە بەشێوەیەکی دیکە دێنەوە مەیدان! چونکە گوشاریان لەسەر نەبووە.

بەم پێیە ئێمە ئەگەر لە لایەکەوە خۆمان ئامادە کەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی، هاوکات کردەوە تیرۆریستییەکانی ڕابردوو و ئێستا بە دۆکیۆمێنت بکەین، شانبەشانی ئەمانەش هەوڵی زیندووکردنەوەی کەیسەکانی ڕابردوو بدەین و، لە سەر لێکۆڵینەوە لە کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەم دوایانە و سزادانی تاوانبارەکان، شێلگیر بین دەتوانین تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و هاودەستەکانی لە دۆخی هێرشبەرانە بەرەو دۆخی سەربردنەوە نێو قاپێلکی خۆیان بەرین. ڕێگای کاریگەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان ئەوەیەکە ئێمە لە ڕەهەندی جۆراجۆردا کار بکەین بۆ پاشەکشە بە تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و تێچووی سیاسیی‌کردەوەی تێرۆریستی، لە سەر ئەو ڕێژیمە قورس بکەین.




ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران یەکەمین سمیناری خۆی لە ژێر ناوی «تێرۆریسمی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان»دا پێک هێنا.

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی دووشەممە، ١٠ی بانەمەڕ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بە خانەخوێیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشدار بوون. لەو سمینارەدا هەر وەها نوێنەرانی چەند حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی دیکەی کوردستان وەک میوان بەشدار بوون.

سمینارەکە دوای وتەی بەخێرهێنانی میوانان و بەشداران، بە قسەکانی کاک قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستی پێکرد.

کاک قادر وریا سەرەتا بەبۆنەی هاتنەوەی ١١ی بانەمەڕ، ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم سەرۆککۆماری کوردستان و هەر وەها (١ مای)، ڕۆژی جیهانیی کرێکاران پیرۆزبایی ئەو دوو یادەی کرد و دواتر ئامانج لە پێکهێنانی سمینارەکەی لە چەند خاڵدا شی کردەوە. دوای وتەی کردنەوەی سمینارەکە، باسە سەرەکییەکانی سمینارەکە لەلایەن چوار پەنێلگێر و لە دوو پەنێلدا بەڕێوەچوون.

لە پەنێلی یەکەمدا کاک حەمەنەزیف قادری، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حدکا باسەکەی لەژێر ناوی «گرینگیی هاودەنگی و یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە هەلومەرجی ئێستادا» پێشکێش کرد.

بەڕێزیان گوتی تێرۆر لای ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بابەتێکی هزرییە و باوەڕمەندانە بۆ مانەوە و درێژکردنەوەی تەمەنی ڕێژیمەکەیان بەکاریان هێناوە و کۆمەڵگەی جیهانی دەبێ بزانێ کە سیاسەتی پشتیوانی لە تێرۆریزمی دەوڵەتی کە ئێران گرتوویەتە بەر، لە سیاسەتی ئەو ڕێژیمە بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتومی مەترسیدارترە.

دۆخی کۆماری ئیسلامی لە ڕووی پێبەندنەبوونی بە ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکان، ئاماژە بە قەیرانە نێوخۆییەکانی ئێران لە سۆنگەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بەردەوامیی نارەزایەتییەکان لە ئێران چەند تەوەری دیکەی باسەکەی کاک حەمەنەزیف قادری بوو. بەڕێزیان لە کۆتاییدا تیشکی خستەسەر ئەوە کە پێویستە حیزبەکانی کوردستانی ئێران پتر خۆیان بە دیسکۆرسێکی هاوبەش ماندوو بکەن و وێڕای بەردەوامی لەسەر کاری هاوبەش، بەرەو پێکهێنانی بەرەی کوردستانی هەنگاو بنێن.

هەر لەو پانێلەدا کاک ساڵح شەریفی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران باسەکەی لەژێر ناوی «تێرۆریزیمی کۆماری ئیسلامی و خەسارەکانی لە بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران»دا پێشکێش کرد.

بەڕێزیان بە ئاماژە بە گرتنەبەری سیاسەتی تێرۆر لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە گوتی: خومەینی کە باسی لە «صدور انقلاب»ی دەکرد، لە ڕاستیدا هەر مەبەستی ناردنە دەرێی تێرۆر و لەو ڕێگەیەوە گەیشتن بە ئامانجەکانیان بوون. بۆیەش سیاسەتی تێرۆریان هەڵبژارد، چونکی یەکەم، کەم هەزینە بووە؛ دووهەم، شاراوەیە و توانیویەتی ئەوەندەی کراوە حاشای لێ بکا و خۆی لێ بەخاوەن نەکا؛ سێهەم، قابیلی تیکرار بووە؛ چوارەم، بەربەست بە ناوچەیەکی دیاریکراو و سنووردار نەبووە؛ پێنجەم، کاردانەوەی زۆری لە سەر کۆمەڵگە و برەودان بە ترساندن و تۆقاندنی خەڵک و زەبر لێدان لەلایەنەکانی دژبەری بووە.

بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا پەڕژایە سەر ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆر لە کوردستان و ئەو ئامانجانەی بەو شێوەیە شی کردەو: یەکەم، لێدان و حەزفی سیما و ڕێبەرە کاریزماتیکەکانی کورد؛ دووهەم، لێدان و حەزفی کەسان و ڕێبەرانی خاوەن ئەزموونی سیاسی و کاری ڕێکخراوەیی؛ سێهەم، لێدان و حەزفی کەسانی قسەڕۆیشتوو و خاوەن کاریگەری لە کۆمەڵگە (بۆ نموونە مەلا محەممەد ڕەبیعی لە کرماشان)؛ بێ سەر کردنی بزووتنەوەی سیاسیی و لێدان لە سەری حیزبەکان؛ پەکخستنی میکانیزمەکانی کاری حیزبی لە ڕێگەی ئەو زەبرانەوە.

کاک قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ کاک ڕێبوار حوسێنی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران.

لە پەنێلی دووهەمی سمینارەکەدا سەرەتا کاک قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسەکەی لەژێر ناوی «گرینگیی بە دێکۆمێنتکردنی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان»دا پێشکێش کرد.

بەڕێزیان بە ئاماژە بەوەی کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە بە دێکۆمێنکردنی تێرۆر و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە بزووتنەوەی کورددا کەمتەرخەمیی زۆریان کردوە، تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەتوانێ ئەوە بکاتە مەلەفێک بۆ کار لەسەر کردن و گەیاندنی ئەو زانیارییانە بە بیروڕای گشتیی، ڕێکخراوە جیهانییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ، دەزگای دیپلۆماسی و ناوەندە قەزاییەکانی وڵاتان دەتوانێ سوودی زۆری بۆ بەرجەستەکردنی پرسی سیاسیی کورد لە ئێران هەبێ.

باس لە خەسار و زیانەکانی تێرۆرەکان لەسەر چالاکی و ژیانی سیاسیی حیزبەکان، پرسی تێرۆرەکانی دەیەی ٧٠ی هەتاوی لە هەرێمی کوردستان و خەسار وزیانەکانی لە پێوەندیی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و هەروەها خەساری قورس لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، جوغرافیا و شێواز و جۆری تێرۆرەکان لە هەرێمی کوردستان و هۆکاری زۆربوونی حاڵەتەکانی تێرۆر لەو دۆخەی هەرێمی کوردستاندا چەند تەوەرێکی باسەکەی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون.

بەڕێزیان لە کۆتایی باسەکەیدا پێی لەسەر ئەوە داگرت لە دەبێ بە وردی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە دیکۆمێنت بکرێن و بڵاو ببنەوە. ئەوە هەم دەتوانێ بوار بۆ بەدواداچوونی حقووقی خۆش بکا، هەم تۆزی فەرامۆشی و لەبیرچوونەوە لەسەر ئەو تاوانانە لا دەدا، هەم تێچووی بۆ ئەو لایەن و کەسانە دەبێ کە پێشتر لە تاوانەکان گلاون و ڕێگری لەبەردەم ڕوودانەوەی کردەوە تێرۆریستییەکاندا دروست دەکا.

دوا کۆڕگێری سمینارەکە کاک ڕێبوار حوسێنی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی سازمانی خەبات بوو کە باسەکەی لەژێر ناوی «پێویستیی زیندووکردنەوەی کەیسە تێرۆریستییەکانی دەیەی ٩٠ی زایینی»دا پێشکێش کرد.

بەڕێزیان لە باسەکەیدا تیشکی خستەسەر ئەوە کە تێرۆر لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە مەبەستی مانەوە و هێشتنەوەی نیزامی سیاسیدا بە سیستم کراوە و ڕێژیم بە هاسان کردەوە تێرۆریستییەکانی بۆ چۆتە سەرێ و بەزۆر هۆی وەک بەرژەوەندیی ئابووریی وڵاتان یان بۆشایی دەسەڵات تێچوویەکی بۆ ئەو تاوانە زۆرانە نەداوە.

ئەندامی دەفتەری سیاسی سازمانی خەبات لە درێژەی باسەکەیدا گوتی: سیاسیی تێرۆر لە کۆماری ئیسلامیدا وەلا نانرێ، مەگەر ئەوەی نرخ و تێچووی لەسەر ڕێژیم قورستر بکرێ.

لە هەر دو پەنێلی سیمنارەکەدا دەرفەت بە بەشداران درا هەتا بە سەرنج و تێبینی و پرسیار و ڕەخنە و پێشنیارەکانی خۆیان بەشداری باسەکان بن.




سمایل شەرەفی

# سێ کوچکەی ماف، دێموکراسی و تەوافوق

چۆنیەتیی ڕێککەوتن و تەعامولی «ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی» لەگەڵ بەرەی «ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریی ئێرانی» بە درێژایی ئەم نزیک بە چوار دەیەی خەبات دژ بە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران، یەکێک لەو باس و تەوەرە هەرە گرینگانە بووە کە زۆرترین مشتومڕ و قسەی لە سەر کراوە. ئەم باسە تەنانەت هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە تا ساڵانی پێش لە شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی و، لەوێشەوە تا ئێستا قۆناغی جۆراوجۆری تێپەڕاندوە کە دەکرێ ببێتە نێوەڕۆک و دەستمایەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی_ ئاکادمیکی کەسانی شارەزا بەم بوارە. ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئەم وتارەیە، قسەکردن لە سەر ئەساس و بنەمای ڕوانینی «کورد» وەک لایەنێک لە پرسەکەیە بۆ پرسی چۆنیەتیی ڕێکەوتن و تەعامول لەگەڵ «بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران» لە لایەک بە مەبەستی ڕێکخستنی هێزە دژبەرەکان بەرانبەر بە نیزامێک کە «هەموو» وەک یەک لە «وجوود»ی دەڕوانین و لە لایەک بە مەبەستی دابینکردنی مافەکانی کورد لە چوارچێوەی ئەم ڕێکەوتن و تەعامولەدا. ئەوەی تا ئێستا لەم پێوەندییەدا لەلایەن کورد (هێزە سیاسییەکان)یەوە کراوە و هەنگاوی بۆ هەڵێنراوەتەوە، تابعێک بووە لە چۆنیەتیی خوێندنەوە و تێڕوانی ئەم هێزانە بۆ «چۆنیەتیی نیزامی سیاسیی ئێران» لە تاران وەک ناوەندی دەسەڵات و هەروەها چۆنیەتیی دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی ئەم سیستەمە سیاسی و جوغرافیاییە لە ئێراندا. لەم تێروانینەدا تا ئێستایشی لەگەڵ بێ ئەولەوییاتی ئەم پرسە لە چۆنیەتیی نیزامی سیاسی لە ناوەند و ماهییەتی ئەم نیزامەوە دەست پێ دەکا و دواجار لەوێوە شۆڕ دەبێتەوە بۆ ئەو داخوازانەی کە کورد لەم سیستەمە سیاسییەی داوا دەکا. بە واتایەکی دی تا ئێستایش بەرەی کورد لەم پرسەدا پێی وایە «چارەسەری گیروگرفتەکانی کوردستان لە پێوەندیی ڕاستەوخۆ لە گەڵ ئازادی و سەربەخۆیی و سەقامگیربوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە سەرتاسەری ئێراندا وەدی دێ، هەر بۆیەش لەو باوەڕدایە کە ئەو کاتە ڕێگای بەختیاری و پێشکەوتن بۆ گەلی کورد و هەموو گەلانی ئێران خۆش دەبێ کە ئێران سەربەخۆ بێ و لەلایەن نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵکی ئەم وڵاتەوە بەڕێوە بچێ.»

لەم تێڕوانینەدا سەرنجی هێزە سیاسییەکانی کوردستان زیاتر لە سەر ماهییەتی نیزام یان ڕێژیمێکە کە لە تاران دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێ و خەمەکە زیاتر بۆ پرۆسەی»دێموکراسیزاسیۆنی ئێران»ە و داخوازییەکانی کورد وەک داواکاریی سیاسیی لە ئەولەویاتی دواتردا قسەی لە سەر دەکرێ. هەڵگرتنی درووشمی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» ڕاست بەرهەم و هەڵێنجراوی ئەم تێروانینەیە کە زیاتر لە شەش دەیە ببووە ڕوانینێکی ئێستراتێژیکی بۆ کورد. تەعامولی تا ئێستای هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بۆ دروستکردنی ئەم «ئێرانە دێموکراتیکە»، ڕاست بە پێی ئەم ئەولەویاتەی کە تا ئێستا کاری لە سەر کردوە، ئەوەندەی خۆماندووکردن بووە بۆ ئەوەی «ئێرانییەکان» لە نییەتی کورد و تێروانینی بۆ «ئێران» ڕازی بکا، کەمتر قسە لە ویستی کورد کراوە و، کە کراویشە هەوڵ بۆ ئەوە نەدراوە لایەنی بەرانبەر ناچار بە پابەندبوون بە «وادە و بەڵێنییەکان»ی بکرێ. ئێستا کۆمەڵێک تێڕوانینی جیاواز بە نیسبەت خوێندنەوە و پێوەندییەکانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بۆ «ئێرانی داهاتوو» و «بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریی ئێرانی» هاتووەتە ئاراوە کە پێی وایە؛ لایەنی کوردی گۆڕان لە ئەولەویاتی خۆی بۆ تەعامول لەگەڵ ئەم بەرەیەدا پێک بێنی و بە جۆرێکی دیکە خوێندنەوە بۆ «کورد» لە «ئێران»دا بکا. ئەگەر ڕاشکاوانە قسە لەم تێڕوانینە بکەین ئەوەیە کە؛ لەم پرسەدا تەنیا قسەکردن و دڵبەستن بە «دێموکراتیزەکردنی ئێران» ناتوانێ ببێتە هۆی ئەو مەرام و مەبەستانەی کە کورد و هێزە سیاسییەکانی سەدان ساڵە خەباتی بۆ دەکەن کە ئەویش، «دەستەبەربوونی مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان»ە. بە واتایەکی دیکە بە سەرنجدان بە کۆمەڵێک فاکتەری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، مەزهەبی، حەشیمەتی، جوغرافیایی و لە هەمووی گرینگتر «ئەقلییەتی ئێرانی بەرانبەر بە خاک و خەڵکی وڵاتێک بە ناوی ئێران»، بە تەنیا دێموکراسی ناتوانێ زامنی نە دروستبوونی ئەم ئێرانە بێ کە کورد خەونی پێوە دەبینێ، نە وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا بەو جۆرەی کە کورد ئارەزووی دەکا. بۆیە بۆچوونەکە ئەوەیە کە لە پەنا ئەو «دێموکراسی»یەی کە بۆ «ئێران» باس دەکرێ و هاوکات لە گەڵ ئەوەی پێداگری لە سەر «دابینبوونی ماف»ەکانمان دەکەینەوە، پێویستە ئەسڵی «تەوافوق» بکرێتە بنەمای هەر جۆرە پێوەندی و تەعامولێکی «بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد» لەگەڵ بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی». لەم بۆچوونەدا ئەولەویاتی گەمە سیاسییەکە دەگۆڕدرێ و چیدیکە بەتەنیا دێموکراسی و هەوڵدان بۆ دێموکراتیزەکردنی ئێران نابێتە پێش مەرجی پرسی تەعامولی کورد لە گەڵ بەرەی ئێرانی، بەڵکوو پێش هەموو شتێک ئێمە ساغ دەبینەوە لەسەر ئەوەی کە لە سۆنگەی مافەکانمان وەک کورد، دەچینە نێو سازان و لێک تێگەیشتنێکی دێموکراتیک کە لە کۆتاییدا لە سەر هەموو شتێک ساغ دەبینەوە و بە دیکۆمێنت لە سەر داواکاری و چاوەڕوانییەکانمان لە یەکتر تەوافوق دەکەین. لێرەدایە کە تەوافوق و ساغبوونەوە لە سەر ماف و چاوەڕوانییەکان کە بە پرۆسەیەکی دێموکراتیکدا تێدەپەڕێ و دەتوانێ ببێتە بنەمایەکی درووست لە سەر ئەوەی کە قۆناغ بە قۆناغ بەبێ ئەوەی هەموو جارێک _وەک لە چل ساڵی ڕابردوودا بەردەوام دووپات کراوەتەوە_ گومان لە زەیینییەتی یەکتر بکەین و بگەڕێینەوە سەرەتای سەرەتاکان، هەنگاو بەرەو تێگەیشتن و ڕێکەوتنی زیاتر دەنێین. «دێموکراسیی تەوافوقی» دەتوانێ ئەو سیغە مەعقول و وڵامدەرە بێ کە لە تەعامول لەگەڵ بەرەی ئێران و دواتریش لە ئێرانی ئازادکراودا کورد پێداگریی لە سەر بکا. بە پشت بەستن بە ئەزموونی چۆنیەتی ئیدارەکردنی حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا، بۆمان دەردەکەوێ کە «غاییبوون»ی ئەسڵی «تەوافوق» و سازان لە پێوەندییەکانی کورد لە گەڵ دەوڵەتی بەغدادا، هۆکاری زۆرێک لە شکست و ڕووداوە نادڵخوازەکان بووە. ئەزموونی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان کە ڕەفتارێکی تەواو دێموکراتیک و ڕەوا بوو، دەریخست کە لە پێکهاتە و ئەقلییەتی ئەم دەوڵەتانەدا بەتەنیا پشتبەستن بە «دێموکراسی» و «دەنگی زۆرایەتی» لە پرسێکی دیاریکراوی ڕەواشدا ناتوانێ زامنی پاراستنی مافەکانمان بێ. کەوابوو لەم پرسەدا کورد پێویستە وێڕای بەردەوامبوونی لەسەر هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتیەکانی، لە پرۆسەیەکی دێموکراتیکدا ئەسڵی تەوافوق بکاتە بنەمای هەرجۆرە دانووستان و تەعامولێک لەگەڵ هەموو ئەو لایەنە ئێرانییانەی کە باوەڕیان بە «بەشداریی کورد» لەئێرانی داهاتوودا هەیە. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە کە وڵامەکەی دەتوانێ بەرەو دووڕیانێکی دژوارمان پەلکێش بکا، ئەویش ئەوەیە کە بە پێی مەوقعیەتێک کە کورد لە ئێراندا هەیەتی چۆن دەتوانێ ئێرانییەکان ناچار بە تەوافوق بکا؟ یان بە واتایەکی ڕوونتر بڵێین ئایا کورد ئەو قورساییەی هەیە کە لایەنی ئێرانی، چ ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن بێ، چ لە داهاتوودا دامەزراوەی دەوڵەتیی بێ لە تاران، ناچار بە ئیعتراف و تەوافوق لە گەڵ خۆی بکا؟ لێرە دایە کە دەگەینە ئەو باوەڕەی کە بە تەنیا سێ کوچکەی؛ ماف، دێموکراسی و تەوافوق، ناتوانێ کورد بگەیەنێتە ئەو شوێن و پێگەیەی کە مەبەستیەتی. بە وردبوونەوە لە نێو ماڵی کورد لە ڕۆژهەڵات و بە ئەزموون وەرگرتن لە ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی باشووری کوردستان، بەو ئاکامە دەگەین کە کورد ئەو کاتە دەتوانێ لەم سێ کوچکەیەدا وەزن و قورسایی پێویستی بۆ چوونە ئەم مەیدانە هەبێ کە لە هەناوی خۆیدا، لە نێو ماڵی خۆیشیدا باوەڕی بە سێکوچکەی دیکەی؛ یەکڕیزی، یاساسەروەی و تەوافوق هەبێ.




کورد لە کوردستانی ئێران چ لە سەر ئاستی کۆمەڵگە و چ لە سەر ئاستی هێزە سیاسییەکان ئەو کاتە دەتوانێ بچێتە نێو تەعامول و ڕێکەوتنێکی سەرکەوتوو کە لەنێو خۆیدا یەکگرتوو و یەکریز بێ. پەرتەوازەیی و پەڕشووبڵاوی، خاڵی لاوازی تا ئێستا هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و هەر ئەمەیش وای کردوە کە وەک پێویست لە مەیدانی پێوەندی و تەعامول لەگەڵ هێزە سەرانسەرییە ئێرانییەکاندا خاوەن ڕۆڵ نەبن. لە پێوەندی لەگەڵ پرسی یەکگرتووی و یەکڕیزیی نێوان هێزە سیاسییەکاندا زۆر وتراوە، بەڵام بەداخەوە دۆخەکە تا ئێستایش دڵخواز نیە کە هۆکاری جۆراوجۆر هەن. بەڵام سەرکیترین هۆکار ئەوەیە کە خودی ئەم هێزانەش پێوەندی و تاعامولیان لەگەڵ یەکتر لەسەر ئەسڵی تەوافوق نیە. لەگەڵ ئەوەیکە ساڵانێکی دوور و درێژە کە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای دژایەتییان لەگەڵ یەکتر و ناکۆکییەکانیان، دنیایەک پێوەندی و دانیشتن و لێکنزیکبوونەوەیان پێکەوە هەبووە و هەیە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا لەم پێوەندی و لێکنزیکبوونەوانەدا نەهاتۆتە دی، تەوافوقە. ئەمە گەورەترین کەمایەسییە کە بێگومان دەتوانێ شوێنەواری لە سەر ئەو تەعامول و ڕێکەوتنە لەگەڵ هێزە ئێرانییەکان هەبێ کە باس کرا. پێوەندەی و ڕێکەوتنی هیچ هێزێکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەنیا لەگەڵ ئێرانییەکان ناتوانێ، بە مانای ئەو تەوافوقە بێ کە لە کۆتاییدا دەستەبەرکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستانی لێ بکەوێتەوە. بۆیە لە هەناوی سێ کوچکە گەورەکەی «ماف، دێموکراسی و تەوافوق»دا بزووتنەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تا ئێستاش هێزە سیاسییەکانی نوێنەرایەتیی دەکەن، پێویستە سێکوچکەیەی دیکەی؛ «یەکڕیزی، یاساسەروەری و تەوافوق»ی نێوخۆیی هەبێ بۆ ئەوەی زەمانەتی وەزن و قورسایی خۆمان لە پێناو هەوڵدان بۆ مافە نەتەوەییەکانمان لە ئێراندا بکا.

# کوردستان

## لەسەرەتاکانی سەدەی ١٩ی زایینی هەتا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی

## (گرینگیی ئابووریی کوردستان)



د. کامران ئەمین ئاوە

فاکتەری نەوت گرینگییەکی زۆری بە وەزعی ژێئوپۆلیتیکی کوردستان داوە. باشووری کوردستان هاوکات لەگەڵ خوزستانی ئێران هەتا نیوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم ناوەندی سەرەکیی دەرهێنانی نەوت بوو.

سێر گادفری ڕۆلێس درایڤر، ڕۆژهەڵاتناسی بریتانیایی لە بابەتێکدا بە ناوی «بەرهەمی سروشتی و پیشەسازیی باکووری کوردستان» بەم چەشنە باس لە نەوتی کوردستان دەکا: «مەعدەنەکانی چیاکانی زاگرۆس خاوەنی گرینگایەتی زۆرن، لەبەر ئەوەی چاڵی ناوداری نەوتیان تێدا هەڵکەوتوە و رسووباتی خوێی بەرد و بەردی ئاهەکیان لێیە. شوێنە خاوەن نەوتەکانی ئێران بە باشی دەکشێنە نێو ڕۆژئاوای شاری مووسڵ، و بەناو بەردەئاهەکی قیرین و کانیاوە سولفورییەکانی لێوار دێجلەدا دەڕۆن و تا مەندەلی _ ئەو شوێنەی وا لە ساڵی ١٨٧٤دا مایسنێر (Meissner) باسی چاڵە نەوتەکانی کردوە_ دەکشێنە خوارەوە. لە ساڵی ١٨٩٢دا ٣٠ چاڵە نەوت لە هەمان ئەو شوێنەدا هەبووە کە نەوتی لێ هەڵێنجراوە و بە باری وشتر براوەتە بەغدا. گرینگایەتی ئەو پشتێنە نەوتە لەو ڕاستییە دایە، کە کەوتۆتە نزیک شیوەکانی چۆمی دیجلە، بە درێژایی ئەو هێڵە ئاسنەی کە بەبێ هیچ گومانێک دەگاتەوە هێڵی ئاسنی نێوان ئاسیای بچووک و بەغدا.(١)

پێش کۆتاییهاتنی سەدەی نۆزدەی زایینی بەشێک لە کارناسە ڕۆژئاواییەکان بە چەشنێکی جیددی خەریکی کەندوکۆژ لە مەیدانە نەوتییەکانی بابەگوڕگوڕ بوون کە هێشتا کەڵکیان لێ وەرنەگیرابوو. بە پێی لێکۆڵینەوەکانی «ژان ژاک دو مۆرگان»ی(٢) فەڕانسەیی لە ساڵی ١٢٧١ی هەتاویدا پانتایی شوێنی پاشەکەوتکردنی نەوتی ژێرزەوی لە کوردستان نزیکەی ٣٠٠ کیلۆمێتر و لە درێژایی ناوچەکانی کەرکووک هەتا خانەقین و کێوەکانی کوێخای پشت قەسری شیرین بووە. لە ساڵی ١٩٠٣ی‌ز دا ئەستەنبووڵ مافی دەرهێنان و کەڵکوەرگرتن لە مەیدانە نەوتییەکانی ناوچەی ناوبراو و پاش ساڵێک ئی مووسڵیشی دا بە ئەڵمان. سەرنجڕاکێش ئەوەیە، سەرەڕای کێشە و دوژمنایەتیی دێرینەی کۆمپانییە نەوتییەکانی ئینگلیس و ئەڵمان، ئەم دوو وڵاتە ساڵی ١٩١١ی ز پێکەوە شیرکەتێکی هاوبەش بە ناوی «کۆمپانیای نەوتیی تورک» یان بۆ دەرهێنانی نەوتی مووسڵ دامەزراند.(٣)

بێجگە لە نەوت، کوردستان بازاڕێکی باش بۆ فرۆشتنی شتوومەکی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، و بە تایبەتی ئینگلیس، ڕووس و ئەڵمان وەکوو پارچە، قەند، قاپ وقاچاغ، نەوت، شەمچە و لەم چەشنە کەلوپەلانە بوو. ئەم هاوردانە ڕۆڵێکی گرنگیان لە گۆڕانی شێوەی ژیان و پەرەسەندنی پێوەندیی شتوومەک_پارەیی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەبووە. ئاژەڵداری هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدە گرنگترین چالاکیی ئابووری لە کوردستان بوو، بەڵام لە کۆتایی سەدەی نۆزدە بەملاوە ئەم وڵاتە بوو بە بەرهەمهێنەری دوو بەرهەمی پارەساز واتە لۆکە و تووتن. نیوەی دووهەمی سەدەی ١٩ی ز لە ژێر کاریگەریی نفووزی سەرمایەی بیانیدا، لە کوردستانیش کشتوکاڵ بە زیانی بەرتەسککردنەوەی ئاژەڵداری پەرەی‌گرت و ئاڵوگۆڕی پەیتاپەیتای پێکهاتەی ئابووریی گوندی بوو بە هۆی زێدەبەرهەمهێنانی گەنم، برینج و تەنانەت قامیشی شەکر، لۆکە و دانەوێڵە.

لە کۆتایی سەدەی ١٩دا مەڕ و ماڵاتی شارەکانی ئەستەنبووڵ، دیمەشق، حەڵەب و بەیرووت لە کوردستانەوە مسۆگەر دەکرا و یەک و نیو میلیۆن سەر مەڕ بۆ فرۆشتن تەنیا بۆ شاری قوستەنتەنییە[ئەستەنبووڵ] نێردرابوو.(٤)

درایڤریش باس لە لەوەڕاندن و بەخێوکردنی مەڕو بزنی زۆر یاخود ئەسپ و ماڵاتی دیکە لە پارێزگای دیاربەکر و وان دەکا، لەوەدەچێ لە ساڵی ١٩٠٦دا تەنیا لە پارێزگای واندا زیاد لە ٣ ملیۆن مەڕ بەخێوکرابێ، بەڵام لەو ساڵە بەدواوە، ئەو ژمارەیە زۆر لەکەمی داوە. بازرگان لە ئەستەنبووڵ، سووریە و میسرەوە بەهاران بۆ کرینی مەڕ و ماڵات بۆ ئەم دو پارێزگایە هاتوون. هەروەها هەر لەو دو پارێزگایەوە بەڕە و قاڵی لە ڕێگای کەنداوی فارسەوە بۆ ئوروپا هەناردە کراوە.(٥)

ساڵی ١٨٦٩ی ز. هیندییەکان لە ڕێگای بەغداوە بۆ کۆکردنەوەی بەنگ (شاینە، شادانە) هاتوونە ویلایەتی بانە.(٦) لە نیوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدە پەرەسەندنی بازرگانی بۆتە هۆی گەشەکردنی خێرای شارەکانی سابڵاغ، کرماشان و کەرکووک وەکوو ناوەندی گرینگی بازرگانی لە کوردستان. شاری دیاربەکر بە هۆی نەخشی بەرچاوی لە بازرگانیی نێوان کوردستان و ئازەربایجانی ئێران، هەروەها وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئوروپا وەک «ئەستەنبووڵی ثانی» پێناسە کراوە.(٧)

کرماشان یەکێک لە ڕێگاکانی پێوەندیی ئێران و ڕووسیە لەگەڵ ناوچە عەرەبییەکان، هەروەها هەناردەکردنی خورمای وڵاتە عەرەبیەکان بۆ ڕووسیە بووە. ساڵی ١٨٨٩ی ز. لە کرماشانەوە بایی ٤ هەزار لیرە فەڕش، ٣٠ هەزار لیرە مەڕ، ٢ هەزار لیرە خوری، ٣٠ هەزار لیرە ڕۆن، ٣٧٧ هەزار لیرە دانەوێڵەی جۆراوجۆر و مازگ (مازوو)، کشمیش و کەتیرە و تووتن و هتد هەناردەی دەرەوەی کوردستان کراوە. مۆرگان لە ساڵی١٨٩١ی زدا باس لە کشتوکاڵی تریاک لە ویلایەتی کرماشان و دامەزراندنی کارخانەی تریاک لە لایەن عەرەبێکەوە دەکا کە تریاکی بۆ هیندوستان هەناردەی کردوە(٨). لە مەریوانەوە ساڵانە بەلانی کەمەوە هەزار بار (هەر بار نزیکەی ٨ پووت) تووتن هەناردەی سلێمانی کراوە. مەریوان هەروەها لەسەدا ٢٥ی تووتنی تەواوی ئێرانی مسۆگەر کردوە.(٩)

ساڵی ١٩٠٤ز. لە شاری مەراغە لقەکانی دوو شیرکەتی ڕووسی بە ناوی «نادێژدا» و «ڕۆسکۆیە ئۆبشستور» وشکەباری ئازەربایجان و ناوچە کوردنشینەکانیان هەناردەی ڕووسیە کردوە. لەو کاتەدا، لە سەدا ٩٩ی هاوردە و هەناردەی ویلایەتی ورمێ بە دەست هاونیشتمانەکانی ڕووسیەی تزاری بووە. بە وتەی بلیایف لە کتێبی «وەزعی سیاسیی ئێستای سابڵاغ_ ١٩٠٩»، ئەم شارە یەکێک لە ویلایەتە گرینگەکانی کۆکردنەوە و بەشینەوەی هاوردەکان بۆ ڕووسیە بووە، تەنانەت بەشێک لە بازرگانەکانی ئەم شارە هەموو ساڵێک چوونە پێشانگاکانی نیژنی نووگۆرد و بەشێکشیان لە مۆسکۆ نوێنەری دایمی‌یان هەبووە.» [...].(١٠) لەسەرەتای سەدەی ٢٠ی زدا پێوەندییە سەرەکییەکانی بازرگانیی دەرەکیی ویلایەتی سابڵاغ لە ڕێگای هەمەدان و مووسڵەوە پەرەی ئەساندوە. هەرچەند لەوکاتەدا ڕێژەی دانیشتووانی شاری سابڵاغ پتر لە ٣٠ هەزار کەس نەبووە، بەڵام بازاڕ و مەیدانە گەورەکانی ئەم شارە باس لە بازرگانییەکی بەرچاویان لەم شارەدا کردوە.(١١) لە ڕووسیەوە قەند و قاپ و قاچاغ و ئاسنەواڵە، لە بورسای عوسمانییەوە هاورێشمی چنراو یان نەتەنراو و نیوە هەوریشیمییەکان؛ لە مووسڵەوە چنراوە سووکەکان؛ لە مەنچسترەوە فاستۆنییە جۆراوجۆرەکان و لە هەمەدانەوە جاو و خام هاوردەی ئەم شارە کراوە. بازرگانێکی سابڵاغی بە ناوی غەفور لەبەرامبەر هەناردەکردنی پێستە بۆ ڕووسیە، بایی ٢٥ هەزار ڕوبڵ تەنراوی جۆراوجۆری هاوردەی ئەم شارە کردوە.(١٢) بە گشتی وا بەراورد دەکرێ کە لەم ساڵانەدا بایی یەک و نیو میلیۆن تمەن لە سابڵاغەوە بەرهەمی کشتوکاڵ هەناردە کرابێ. عەلی ئەسغەر شەمیم هەمەدانی لە کتێبی کوردستاندا باس لە هەناردەکردنی پێستەی ڕێوی، سمۆرەی ئاویی، سەگی ئاوی، گورگ و بە تایبەتی دەڵەک یان ئاس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ بازاڕەکانی ئوروپا و ئەمریکا و فرۆشتنیان بە قیمەتێکی زۆر گران دەکا ( ٢٠ تا ٣٠ تمەن بۆ هەرپێستەیەکی دەڵەک). لەوە دەچێ شوێنی ژیانی دەڵەک یان ئاس تەنیا کوردستان بووبێ.(١٣)

ساڵی ١٩١٢ی ز چەند بازرگانی ڕووسی بایی ٢٠٠ هەزار ڕوبڵ پێستەی بەرخیان لە ویلایەتی سنە و هەمەدان کڕیوە و ناردوویانەتە پێشانگای نیژنی‌نووگۆرد. بەهاری ساڵی ١٩١٣ی ز ئەڵمانییەکانیش خەریکی بازرگانی لە باکووری کوردستان بوون. دوو ئەڵمانی بە ناوی «گراف ڤن ویستراپ» و «ئەرنست لانگە» بە ڕێبەریی ئەڵمانییەکی دیکە بە ناوی «نیمان» و بەشداریی شیرکەتێکی ئوتریشی (نەمسایی) بە ناوی هۆنگ «بنکەی فەننیی ئەڵمان»یان لە ورمێ دامەزراندوە، ئامانجی سەرەکیی ئەوان قۆرخکردنی بازاڕی ئەم ناوچەیە،و هەروەها ڕەخنەکردن لە نێو عەشایری کورد و دەستگرتن بەسەر ئابووریی و بەرهەمی ئاژەڵداری ئەواندا بووە.

لە سابڵاغیش نوێنەرایەتیی دوو شیرکەتی ئەڵمانی بە ناوی «موسیگ» و «شۆنمان» خەریکی کڕین و هەناردەکردنی خوری بوون.(١٤) شاری شنۆش پێش دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهانی ناوەندێکی گەورەی خوری کرین لە لایەن ئەڵمانییەکانەوە بووە، لەوێوە خورییان بۆ دروستکردنی ڕایەخ بۆ کارخانەیەک لە تەورێز دەنارد کە بۆخۆیان دایانمەزراندبوو. (١٥) لە ڕکەبەری لەگەڵ ئەواندا، سەرمایەدارە ڕووسییەکانیش بۆ شێواندنی کاری شیرکەتە ئەڵمانییەکان پەرەیان بە کار و چالاکیی خۆیان لە کوردستاندا داوە و ساڵی ١٩١٤ی ز لە زۆربەی ناوچە گرینگەکانی کوردستان بنکەی کڕینی خورییان دامەزراندوە. بێجگە لە ڕووسیە و ئەڵمان، سەرمایەدارەکانی وڵاتانی دیکەش وەکوو فەڕانسە خەریکی کار و چالاکیی بازرگانی لە کوردستان بوون. بۆ وێنە لە ئاوریلی ساڵی ١٩١٣ی زدا سێ فەرانسەوی بۆ دیتنەوەی نەوت و ئاڵتون بۆ سابڵاغ هاتوون، بەڵام دەستکەوتێکیان نەبووە. لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەزعەکە هەر وا بووە. لە سێپتامبری ساڵی ١٩٠٣زدا نوێنەرایەتیی شیرکەتی بەرهەمهێنانی قوماشە لۆکەییەکانی «کارل شیبلێر» کە ناوەندەکەی لە شاری لۆدز بوو، لکی خۆی لە کرماشان کردۆتەوە. بەرژەوەندیی ئابووری هۆی سەرنجڕاکێشانی سیاسیی دەوڵەتە بیانییەکانە. شابەندەرخانە [کۆنسولگەری]ی ڕووسیە لە ساڵی ١٨٧٩زدا لە دیاربەکر و لە ٦ی دیسامبری ١٩٠٣ی زدا لە کرماشان دەستی بەکار کرد، شابەندەرخانەکانی عوسمانی و بریتانیاش زۆر پێشتر لە ڕووسەکان لە کرماشان دەستیان بە کار کردبوو.

شتوومەکی ئینگلیسی لەم ناوچانەدا خوازیارێکی زۆری هەبووە. بە پێی ڕاپۆرتی «دلگۆپۆلۆڤ» دیپلۆماتی تزاری، کەلوپەلە ئینگلیسییەکان نەک هەر بازاڕی کرماشان بەڵکوو بازاڕی هەمەدانیشیان پڕ کردبوو و سەرانسەری کوردستان بە شتوومەکی ئینگلیسی ژیاون.(١٦) بەگشتی لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا هاوردەکردنی شتوومەکی ئینگلیسی بۆ تەواوی ئێران بە کوردستانیشەوە ٤ هەتا ٥ کەڕەت زۆرتر لە هەناردەکردن بۆ ئینگلیس بووە. هاوردەی شتوومەکی سەنعەتی لە ئینگلیس و وڵاتە بیانییەکانی دیکە، بوو بە هۆی داخرانی کارخانە و فابریکەکانی ئێران و لەنێوچوونی پیشەی خۆماڵی و دەستی، و بە تایبەتی سەنعەتی جۆڵایی.(١٧)

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا پتر لە بیست کارگەی نەریتی و نیشتمانی (میللی) لە ئێران بە یەکجاری داخران. ئەو کاسبکارانە کە کارەکەیان لە دەست دابوو، هەروەها سەنعەتکارانی ئەو کارگە و مانۆفاکتۆرانە کە نسکۆیان هێنابوو، لەگەڵ وەرزێرە فەقیر و مایەپووتەکان سپایەکی گەورەی بێکاریان پێک هێنابوو کە تەنانەت هیچ ئامرازێکیان بۆ درێژەدانی ژیان نەبووە. دەیان هەزار کەس لەم بێکارانە بۆ ڕزگارکردنی خۆیان لە مردن و برسییەتی کۆچیان بۆ ڕووسیە و ناوچەکانی باشووری قەفقاز و بەحری خەزەر کردوە. لە کۆتایی دەیەی هەوەڵی سەدەی بیستەمدا ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ساڵێکدا چوونە ڕووسیە نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس بووە.(١٨)

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا «ئابووریی نەتەوەیی» کوردستانیش بە هۆی نەبوونی توانای ململانێ لەگەڵ هاوردە بیانییەکان، لە زۆربەی بوارەکاندا تووشی قەیران هاتوە، بەو ڕادەیەی کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا هەزاران کورد بۆ دابینکردنی بژیو و کارکردن، کۆچیان بۆ ئەستەنبووڵ کردوە. ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەم بارودۆخەدا کۆچیان بۆ ئەم شارە کردبوو بە تەواوی لەبەر دەستدا نیە بەڵام بە باوەڕی «زینۆفیێف» شابەندەر [کۆنسول]ی ڕووسیە لە ساڵی ١٩٠٩ی زدا ژمارەی ئەو کوردانە نابێ کەمتر لە ٣٠ هەزار کەس بووبێ.(١٩)

ئەڵمانییەکانیش وێڕای کڕینی خوری و هاوردەکردنی ڕەنگە دەستکردەکان (وەکوو ئانیلین و هتد) هەوڵیان دەدا کاریگەرییەکی زۆرتریان لەسەر ڕەوتی سیاسیی ئەم ناوچەیە هەبێ، بەو ڕادەیە کە پاش شابەندەربوونی «شۆنمان» لە ساڵی ١٩١٥ی زدا دەستیان بە کۆکردنەوە و پێکهێنانی هێزی چەکدار لە خەڵکی ئەم ناوچەیە کردوە. هەروەها ئەڵمان کە پێگەی ئابووری و نیزامی و سیاسیی خۆی لە عوسمانی بە هێزتر کردبوو، هەوڵی خۆی داوە بۆ کۆکردنەوە و ورووژاندنی کوردەکان دژ بە ڕووس و ئەرمەنییەکان، سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە هاوکات گوشاری بۆ ئەستەنبووڵ هێناوە هەتا هەڵوێستێکی توندتری بەرامبەر بە کوردەکان هەبێ و بزووتنەوەی ئەوان سەرکوت بکا.

ئەڵمان و تورکەکان لە ساڵانی دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هەوڵێکی زۆریان بۆ لاوازکردنی پێگەی سیاسی و نیزامیی ڕووسیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئازەربایجاندا، تەنانەت لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا تورکەکان پاش هێرش بۆ خاکی ئێران و داگیرکردنی ورمێ، سابڵاغ و تەورێز و هتد، لە کرماشان پاش دامەزراندنی حکوومەتی کاتیی «میللی»، ڕەزا قولی خانی نظام‌السلطنەیان کە فیئۆداڵێکی گەورە و حاکمی لۆڕستان بوو، وەک سەرۆکی ئەم حکوومەتە دەستنیشان کرد. ئەم دەوڵەتە کە بە بەشداریی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی ئێران و میانەڕۆکان (اعتدالیون) پێک هاتبوو، باڵوێزەکانی خۆی ناردبووە بێرلین و ئەستەنبووڵ. ئەڵمان بەو هیوایە بوو کە وێڕای یارمەتی بۆ پێکهێنانی ئەم دەوڵەتە، بتوانێ دواتر ئێران بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆی. بەڵام پەیتاپەیتا بە هۆی خۆتێهەڵقوڵاندنی لە ڕادەبەدەری فەرماندەری سوپای تورک_ ئەڵمان لە کاروباری ئەم حکوومەتەدا، دوبەرەکی کەوتە نێوان دەوڵەتی نظام‌السلطنە و سولەیمان میرزا، ڕێبەری حیزبی دێموکرات. پێشڕەویی هێزەکانی ڕووس بە فەرماندەیی ژەنراڵ باراتۆف بەرەو ڕۆژئاوای ئێران لە مانگی مەی ١٩١٦ی دا بوو بە هۆی دەربازبوونی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و لایەنگرانی و بەشێک لە ژاندارمەکانی دەوڵەتی میللی بۆ خاکی عوسمانی و هەڵوەشانەوەی ئەم حیزبانە.(٢٠)




**پەراوێزەکان:**

١_ درایڤر و کورد، کۆمەڵەی پێنج وتار، لاپەڕەی ١٣١-١٣٠، وەرگێران ئەنوەری سوڵتانی، بنکەی ژین سلێمانی ٢٠٠٥
٢_ Jacques Jean Marie de Morgan
٣_ کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە سالەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، کۆری زانیاریی، لاپەڕەی ٤-٣، بەغداد ١٩٧٥
٤_ لرچ، پژوهش در باره کردهای ایرانی و کلدانیهای اسلاف آنها، کتاب اول – پتربورگ – ١٨٥٦ – ص ٢٤(روسی) وەرگیراو لە کتێبی مناسبات ارضی در کردستان(فروپاشی نظام عشیرەای)، ص ٥٧،
٥_ درایڤر و کورد، کۆمەڵەی پێنج وتار، لاپەڕەی ١٢٨، چاپ اول ١٣٦٩
٦_ منشآت فرهاد میرزا معتمدالدوله، تصحیح غلامرضا طباطبایی ص ١٧٥، شرکت چاپ و انتشارات علمی تهران
٧_ خورشید افندی، سیاحت نامه صص ٢٧١- ٢٧٠ وەرگیراو لە کتێبی مناسبات ارضی در کردستان، ص ٥٧
٨_ مورگان، ماموریت علمی ص ١١٧، ٩١ وەرگیراو لە کتێبی ع. گلاویژ، مناسبات ارضی در کردستان ص ٥٩
٩_ مناسبات ارضی در کردستان، ص ٦٨
١٠_ سەرچاوەی سەرێ لاپەرەی ٦٢
١١_ سفرنامه در باره شهرهای ایرانی مراغه، میاندواب و ساوجبلاغ، مجموعه اسبناد حوزه نظامی قفقاز – شماره ١٨-١٧-دسامبر ١٩٠٦- تفلیس ص ٤١ (روسی) وەرگیراو لە کتێبی مناسبات ارضی در کردستان. ص ٦٥
١٢_ سەرچاوەت سەرێ لاپەڕەی ٦٥
١٣_ علی اصغر شمیم همدانی، کتاب کردستان ص ٨١، مطبعه امید، ، تبریز١٣١٢
١٤_ ع. گلاویژ، مناسبات ارضی در کردستان، ص ٦٣-٦٢
١٥_ م. س. لازاریف، کوردستان و کێشیی کورد، وەرگیراو لە کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە سالەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، کۆری زانیاریی، لاپەڕەی ١١ بەغداد ١٩٧٥
١٦_ سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ٦٤
١٧_ ا.آ گرانتوسکی و ... تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز، ص ٣٤٦ ترجمه کیخسرو کشاورزی، دانشگاه دولتی مسکو ١٩٧٧
١٨_ م. س. ایوانف، تاریخ نوین ایران، ص ١٤، ترجمه هوشنگ تیزابی، ح. قائم پناه، تهران، سلوج، ١٣٥٦
١٩_ ک. و. وێرتیایف و س. م. ئیوانف، ناسیۆنالیزمی کورد، مێژوو و نوێخوازی، لاپەرەی ٨٢
٢٠_ ا.آ گرانتوسکی و ... تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز، ص ٤١٤

کوردستان
ژمارە:٧٢٥
١٥ی بانەمەڕی ١٣٩٧ _ ٥ی مای ٢٠١٨

# ئیسلامی سیاسی
## [و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]



حەسەن حاتەمی

## ئیسلامی شۆڕشگێر و موجاهیدینی خەڵق

هاوکات لەگەڵ هەڵسووڕانی جیدی و هەمەلایەنەی دەفتەری تەحکیم، ئەو ناوەندە وەک بێ وێنەترین ڕێکخراوی خوێندکاری لە مێژووی ئێراندا، بە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا و بەشداریی لە شۆڕشی فەرهەنگی لە زانکۆ و ناوەندە خوێندکارییەکان و هێندێک کردەوەی نیزامی و ئەمنییەتی، ناکرێ وەک هێزێکی تەواو مەدەنی حیسێبی بۆ کرێ. تەحکیمی وەحدەت بەو ئاکارە دزێوانە و بەشداریی توند ئاژۆیانە لە داسەپاندنی ئیسلامی سیاسی لە دەیەی یەکەمی مەوجوودیەتی کۆماری ئیسلامیدا، بەرەو بەشداری لە دەسەڵات هەنگاوی نا.

ئەم ڕێکخراوەیە، لە دوویەمین خولی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیدا، بەشێوەی لیستە هاتە نێو ڕووداوە سیاسییەکان و سیما و نێوەڕۆکی گەورەترین ڕێکخراوی خوێندکاری، لە ڕەخنە و نارەزایەتیدەربڕین بە سەرەڕۆیی و دیکتاتۆڕیی گۆڕی و هاوڕێ لەگەڵ ڕووحانییەکان، بۆ قایمکردنی ئیسلامی سیاسی، تێکەڵ بە دەسەڵاتێکی نگریس بەرێبەریی خومەینی بوو.

### ئیسلامی شۆڕشگێڕ

لە دەیەکانی ٤٠ و ٥٠ ی هەتاویدا دوو هۆ بۆ دروستبوونی «ئیسلامی شۆڕشگێڕ» کە پاشان زۆربەی خەڵکی بەدوای خۆی دا کێشا و لە ئاکامدا، بەرەو هەڵدێری ئێستای برد، گرینگ بوون. یەکەم، باوەڕمەندی (عقیدتی) کە لە لایەن خومەینییەوە کرا. ئەو جێبەجێکردنی یاساکانی ئیسلامی بە ڕووحانییەکان سپارد و پێوەندیی ئەوانی لەگەڵ دامودەزگاکانی سەلتەنەت - کە چەند سەدە بوو ڕوویان تێی بوو- بۆ لای داخوازیی ئیجرایی و سیاسیی ئەو یاسایانە برد. ئەو بەوکارەی، ئیسلامگەرایی لە حاڵەتی «محافظەکار»ی دەرهێنا و مۆرکی شۆڕشگێڕی لێ دا. دوویەم، قەڵەمبازی موجاهدینی خەڵق بوو بە ئیلهاموەرگرتن لە حیزبە کومونیستەکان. ئەو کارە ئیمکانی بە لایەنگرانی ئەو ئیدئۆلۆژییە دا، هەتا ڕێکخراوێکی پڕبەپێستی گەلاڵەیەکی توتالیتێری بێتە ئاراوە. گرینگ ئەوەیە کە ئەو دوو قەڵەمبازە کە تەواوکەری یەکتر بوون؛ پێکەوە نەهاتنە دی. بۆیە ئەو شێوە نوێیە لەو ئیسلامگەراییەی تووشی ناهاوسەنگیی و لاوازیی و کێشەی نێوخۆیی کرد.(١)

### موجاهیدینی خەڵق دوای ڕاپەڕین

ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵقی ئێران، لە دەیەی ٥٠ ی هەتاوی دا – هەروەک لەپێشوو باس کرا- بەتوندترین شێوە سەرکوت کرابوو و زۆربەی هەرەزۆری ڕێبەران و کادر دیارترەکانی کوژران یا زیندانی کران. لە ١٢کەس ئەندامی ڕێبەرییاندا، تەنیا ئاغای مەسعوود ڕەجەوی مابوو. ناوبراو بەهۆی فشاری نێوخۆیی و جیهانیی مافی مرۆڤ و دژبەرانی ئیعدام، بەتایبەتی تێکۆشەرانی مافی مرۆڤ لە سویس، حوکمەکەی بۆ زیندانی هەتاهەتایی گۆڕا.

حەوتوونامەی موجاهید -بڵاوکراوەی موجاهدینی خەڵقی ئێران- لەم بارەیەوە دەنووسێ: لە یەکەمین شەپۆلی گیران لە ساڵی ١٣٥٠دا، مەسعوودیش دەستگیر کرا و لەگەڵ یەکەمین گرووپی موجاهیدین لە بێدادگای شای خاین بە ئیعدام مەحکووم کرا. بەڵام ڕێژیمی شا، بەهۆی گوشارێکی زۆر کە لە سەری بوو کە یەکێک لەوان، سەفەری ئاغای «گروبە» - نوێنەری پارلمانی سویس- و ١٤ مافزانی دیکە بۆ تاران بوو؛ مەسعوودی ڕەجەوی ئیعدام نەکرا.(٢)

ئەو ڕێکخراوەیە بەهۆی ڕابردووی تێکۆشانی خۆیناوی لەگەڵ ڕێژیمی پەهلەویی دوویەم، هەم لەلای ڕووحانییەت و هەم خەڵک، بەتایبەتی خوێندکاران خۆشەویست و جێی ڕێز بوو. بۆیە زۆر زوو گەشەی بەرچاوی کرد. ئەو ڕێکخراوە پیرۆزبایی سەرکەوتنی شۆڕشی لە ئا. خومەینی وەک ڕێبەری شۆڕش و خەڵکی ئێران کرد. بڵاوکراوەی موجاهید لە ١ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا نووسیی: «ئایەتوڵڵا خومەینی لە هەستیارترین کاتی ئەو خەباتەدا، وەک نوێنگەی شەرەف و ئازادی، خەڵک نازناوی ئیمامیان پێ دا.»(٣) مەسعوود ڕەجەوی و مووسا خیابانی لەگەڵ ئا. خومەینی دیداریان کرد.(٤). پێشتریش ڕەجەوی و محەممەد حەیاتی لەگەڵ خومەینی لە مەدرەسەی عەلەوی، چاویان پێک کەوتبوو. (٥)- حەیاتی یەکێک لە بەرپرسانی دوایی موجاهیدین و مامۆستای ئەوکاتی مەدرەسەی عەلەوی بوو.-

تیراژی حەوتوونامەی موجاهید-ئۆرگان یا زمانحاڵی موجاهیدین- هەتا ٥٠٠ هەزار نوسخەبەرز ببۆوە. (٦) لەوێدا، وێڕای پشتیوانی لە شۆڕش بە ڕێبەریی لێبڕاوی «ئیمام خومەینی»، بیروڕای ڕێکخراوەیی خۆشیان بە شێوەگەلی بەربڵاو لە سەرانسەری ئێراندا، بڵاودەکردەوە. گرینگترین تریبوونی ئەو ڕێکخراوە - ئەوکات- بڵاوکراوەی «مجاهد» بوو.

موجاهیدین هەوڵێکی زۆری دا، لە ڕووداوە سیاسی و ناسیاسییەکاندا، دەور و نەخشی گرینگیان پێ بدرێ. بەڵام ئاخوندەکانی نێو شووڕای ئینقلاب و حیزبی جمهوریی ئیسلامی، ئەو ئیزنەیان پێ نەدان.

موجاهیدین لەگەڵ هێرش و سەرکوتی گەلانی ئێران بەتایبەتی، کورد، عەرەب و تورکمەن موافیق نەبوون. لەبارەی ڕووداوەکانی کوردستان، هەڵوێستی باشیان هەبوو. ئەوان پێش شێوە فیتوای جیهادی ئا. خومەینی بۆ سەر کوردستان نامەیەکی سەرئاواڵەیان بۆ ناردبوو کە لە ڕێکەوتی ١٣٥٨/٥/١٧ بڵاوکرایەوە.

لە بەشێکی نامەکەدا، وێڕای گەلاڵەیەکی پێشنیاری سەبارەت بە چارەسەری شووڕایی مەسەلەی کوردستان نووسرابوو: «گرینگترین مەسەلەی ئێستای گۆڕەپانی سیاسیی وڵات، پرسی میللییەتەکان و ناوچەکانی کوردستان، گونبەد، بلووچستان و خوزستانە. بەداخەوە تا ئێستا کەمتر هەڵسوکەوتێکی ئەوتۆمان لە دەزگاکانی بەرپرسی پێڕاگەیشتن بەو مەسەلانە دیوە. ئەو کێشانە ئەوەندە گرینگن کە لەوانەیە بە دەستێوەردانی ئەرتەش، شەڕی نێوخۆیی و فاجیعەی میللیی لێ دروست بێ. ئەوە لەحاڵێک دایە کە بە شاهیدیی تەواوی مێژوو، ئەو گیروگرفتانە، هیچ کات بە دەستێوەردانی ئەرتەش و بە سەرکوت و خوێنڕشتن چارەسەر نابن. هەروەها، کام هێزی نیزامی لەو کاتەدا کە خوێنی خەڵکی بێ پەنا دەڕێژێ، دەتوانێ مەشرووعییەتی هەبێ.

ئێستا ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاستەقینەی خەڵکیانەی شۆڕشگێڕی و ئیسلامی چاو لە مەسەلەی نەتەوەکان بکەین، کێشەکان دەتوانن بەبێ کەمترین دەستێوەردانی ئەرتەش و توندوتیژی ڕێگای چارەسەریان بۆ بببیندرێتەوە. ڕێگا چارەیەک کە لەچوارچێوەی تەواوەتیی خاکی خەوش هەڵنەگرتووی کۆماری ئیسلامیدا بێ؛ و بەدوور لەهەرچەشنە شێوەیەکی جیاوازیخوازانە بێ. بێشک تەواوی هێزە شۆڕشگێڕەکانیش لەو ڕێگایەدا، بۆ هەرچەشنە یارمەتی و هاوکارییەک ئامادەن. مەسەلەی کوردستان بەهیچ شێوە، ڕێگە چارەی توندوتیژی نیە. ڕێگا حەلی شۆڕشگێڕی بنەڕەتی، بەڕەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئیدارەی کاروباری نێوخۆیی لە چوارچێوەی تەواوەتیی خاکی وڵات دایە و.... (٧)

**سەرچاوەکان**

١- کتاب ضد ولایت فقیە، رامین کامران؛ صفحات ٦٠ و ٦١
٢- هفتەنامەی مجاهد، نشریەی مجاهدین خلق ایران، شمارە اول، تاریخ یکم مرداد ماە ١٣٥٨
٣ - موجاهید، ساڵی یەکەم، لاپەڕەی یەکەم، هاوینی ١٣٥٨
٤- ڕوزنامەی اطلاعات، ٨ اردیبهشت ١٣٥٨، ص ٢
٥- یوتیوب، اولین دیدار خمینی با مسعود رجوی
٦- سەرچاوەی ژمارە٣
٧- مجاهد شمارە٧، ص١، ٢٠ مهر ١٣٥٨.

# «کوردستان» پێشەنگ و «بانە» براوە



عەلی لەیلاخ



لە شەپۆلی دوویەمی مانگرتنەکانی ئەمساڵ لە هەمبەر داخستنی دەروازە سنوورییەکان بەڕووی کۆڵبەراندا و تێکچوونی دۆخی ئابووری کە لە شارەکانی جوانڕۆ و بانەڕا دەستی پێ کرد، تا نووسینی ئەم دێڕانە مانگرتووانی بانە ١٩ڕۆژە، بە شێوەی مەدەنیانە، درێژەیان بە ناڕەزایەتی داوە. ئەم مانگرتنە درێژترین و بێوێنەترین مانگرتنی خەڵکییە لە ئاستی ئێران و؛ دیسان کوردستان بوو بە پێشەنگی «نا» وتن بە ستەم و ستەمکاری. ئەوەی کە لە پێوەندی لەگەڵ مانگرتنی دووکانداران و کاسبکارانی کورد گرینگە،

خاڵێکی بەرچاوی مانگرتنەکە هەڵکردن و هەڵگرتنی هێما و سیمبولە مەدەنییەکانە کە ئاستی وشیاری و شارستانیەتی کورد دەگەیەنێ و تەعبیر لەوە دەکەن کە خەڵکی ناڕازیی کورد تەنیا بە دوای مافەکانی خۆیانن و هەربۆیەش هەوڵی ژیرانەی بۆ ئەدەن

خودی حەرەکەتەکە و بەردەوامبوونی گرینگتر و مانادارترە، هەتا ئەنجامەکان و تەنانەت داواکارییەکانیش. چونکە کۆماری ئیسلامی هێشتا تەزووی مانگرتنەکانی مانگی بەفرانباری ٩٦ی لە جەستە دایە. بەتایبەتی کە ئەم هاتنە سەرشەقامە لە کوردستانە کە هەموو جووڵەکانی بە ڕوانگەی ئەمنیەتییەوە سەیر دەکرێ و لە گەڵ ناوەندە ئەمنییەکان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. بۆ جارێکی دیکەش خەڵک و دەسەڵات کەوتنە ململانێ و، لە شاری بانە زیاتر لە دوو حەوتەیە ڕیکوپێکی و یەکڕیزی خەڵکی ناڕازیی بانە، براوە بووە لە کێبەرکێی نارەزایەتی مەدەنیانە و سیستەمی سەرکوت. کوردستان ئەزموونی جۆراجۆری هەیە لە نارەزایەتیدەربڕین و ئاکامەکانی. لە «سێی ڕەشەمە»کانەوە تا ڕووداوەکەی «هۆتێل تارا»ی مەهاباد و ئێعترازەکان بە کوشتنی کۆڵبەران و، هەموو ئەم هاتنە سەرشەقامانە لە یەکەم ساتەکانەوە بە نێڵدانی دامودەزگا ئەمنیەتییەکان هەر زوو مانگرتنە مەدەنیانەکانیان کراوە بە بیانوویەک بۆ سەرکوت و کوشتن و بڕین و تۆقاندنی خەڵکی بێتاوان. بەڵام ئەوەی کە جێگای سەرنجە جووڵانەوە مەدەنیانەکانی کوردستان، هەتا دێ شکڵ و ستایلی مەدەنیانەتر بە خۆیەوە دەگرێ و ئەمەش دەسەڵاتی بۆ دەمکوت و سەرکوتکردنی خەڵکی تا ڕادەیەک بەپارێز کردوە. ئەوەکە دەسەڵات هەمووکات بە توندوتیژییەوە لەگەڵ نارەزایەتییەکان مامەڵە دەکا، دەگرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێستاشی لەگەڵ بێ «ناوەند»، متمانەی بە خەڵکی کورد نیە و بەرانبەر بە هەر ڕووداوێک لە پارێزگا و شارەکانی کوردستان هەر زوو لە شوێنە ئەمنیەتییەکانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکا و، ئەمە بۆ خۆی کەمایسییەکە کە حەسەن ڕووحانی بە جورێک لە بیرەوەرییەکانی خۆی لە کاتێکدا کە سەرۆکی شوڕای باڵای ئەمنیەتی میللی بووە ئاماژەی داوەتێ و بە «لاوازی بڕیاردانی» بەرپرسانی لە قەڵەم داوە، کە ڕووداوە چووکەکانیش لەنێو بەرپرساندا ترس و نیگەرانیی خوڵقاندوە. بە لەبەرچاو گرتنی ئەو بۆچوونەی ڕووحانی کە ئێستا سەرۆککۆمارە و، خۆی و دەوڵەتەکەی بەرانبەر بە دۆخی سیاسی و ئابووریی ئێران و کوردستان بەرپرسیارن، بە ئاسانی تێ دەگەین کە لە یەکەم چرکەی هاتنە سەرشەقامی خەڵکی شارە سنوورییەکان، ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە ئامادەباشی دان و هێنانی ماشێنی تایبەت بە سەرکوت و دژە شۆڕش و موڵدانی هێزێکی زۆر و پچڕاندنی هێڵی ئینتێرنێت نیشان لەوەیە کە ویست و خواستی مەدەنیانەش لە کوردستان، مەترسیە بۆ سەر سیستەمێک کە وا خۆیشی لە مەشرووعیەتی خۆی گومانی هەیە. بەڵام هەڵسوکەوتی مەدەنیانەی خەڵک، دەسەڵاتی ناچار کردوە کە وردتر سەرنجی ئەو دۆخە بدا و دەیهەوێ دوو مەبەست بپێکێ: یەکەم؛ بۆ ئەوە نەبێتە نەریت کە خەڵک بە کۆبوونەوە داواکارییەکانیان بەرەوڕووی دەسەڵات بکەنەوە، بەرپرسان لە یەکەم ڕۆژەکاندا هەوڵیان دا بە وادە و بەڵێنی کۆتایی بەو نارەزایەتییانە بهێنن، بەڵام خەڵک ئەمجارە بڕوایان نەکرد و مانەوە لە سەر شەقام. دوو؛ دەسەڵات دەیهەوێ کەم تێچووترین ڕێگە هەڵبژێرێ، بەتایبەتی کە یەکێک لە دواکانی خەڵکی بانە بە ڕاشکاوی دەست لەکارکشانەوەی فەرمانداری ئەوشارەیە، ئەویش لە کاتێکدا کە فەرماندار نوێنەری سیاسیی نیزامە و، لە دەیان فیلتر تێپەڕیوە و ملدانی دەسەڵات بەو داواکارییە شکستێکی گەورەیە؛ هەر بۆیە بەدوای ڕێگەچارێەک دەگەڕێ.

خاڵێکی بەرچاوی دیکەی ئەم مانگرتنانە هەڵکردن و هەڵگرتنی هێما و سیمبولە مەدەنییەکانە کە ئاستی وشیاری و شارستانیەتی کورد دەگەیەنێ. ڕاخستنی سفرەی بەتاڵ لە سەرشەقام و نووسینی دروشم و تراکتەکان باس لەوە دەکەن کە خەڵکی ناڕازیی کورد، تەنیا بە دوای مافەکانی خۆیانن و هەربۆیەش هەوڵی ژیرانەی بۆ ئەدەن.

خاڵێکی دیکەی ئەم مانگرتنانە کە دیسان کوردستان لەو بارەوە پێشەنگە ئەوەیە، کە کاتێک لە ئاستی ئێران نارەزایەتیەک بەڕێوە دەچێ هەر ئەو چینە دەگرێتەوە کە مانیان گرتووە. بۆ نموونە نارەزایەتیی مامۆستایان یا نارەزایەتیی کەسانی خانەنشینکراو، هەربۆیە دەسەڵات زوو و بە ئاسانی کۆنترۆڵی دەکا، بەڵام ئەگەر لە نارەزایەتیی مامۆستایان یا کرێکاران چین و توێژەکانی دیکەش پشتیوانیان بکردبا، بێگومان ئەگەری سەرکەوتنی زیاتری دەبوو؛ بەڵام ئەوەی لە بانە دەبیندرێ پاڵپشتیی چین و توێژەکانی دیکەیە. پشتیوانیی کاسبکاران و دووکانداران، هاتنە سەرشەقامی کەسایەتییە ئاینییەکان و دڵگەرمی و ئاگایی بەخشین بەخەڵکی مانگرتوو، ڕچەشکاندنێکی تازەیە کە تەنیا سووچی مزگەوتەکان نەبێتە شوێنی مەوعیزە و نزا کردن، بەڵکوو شەقامیش بۆ خزمەت بە خەڵکی خودا پێویستە. هەروەها ئەگەر هونەرمەندی وێنەهەڵگری شاری بانە ڕایدەگەیەنێ هەتا دۆخی شارەکەم ئەهوەن نەبێتەوە «من پیشانگای وێنەکانم هەڵدەوەشێنمەوە»، یان ئەگەر پزیشکێک دێ دەڵێ بەهۆی گرانی و بێکاری هەتا ڕەوینەوەی دۆخەکە ئامادەیە بەخۆڕایی نەخۆشەکانی ببینێ؛ ئەمانەش دیسانەکە دەسکەوتێکی دیکەن لە ڕەفتاری مەدەنییانە و ژیرانەی خەڵکی کورد. بەسەرنجدان بە ڕەفتاری خەڵکی ناڕازی لە ماوەی ئەم ١٩ ڕۆژە، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەم مانگرتنانە لە جۆری خۆیدا بێوێنە و ئامانجدارترین مانگرتن بووە و هاوهەڵوێستی و یەکڕیزیی مانگرتووان، باس لە هەودای نادیاری ڕێکخستنەکان دەکا کە بۆ لێ وردبوونەوەش دەبێ. لەلایەکی دیکەش دەسەڵات بە هاتنە سەرشەقامی خەڵک و دەنگدانەوەی میدیاییەکانی لەگەڵ ئەم بابەتە ڕووبەڕوو کردووەتەوە کە هەبوونی هەڵاواردن و لاوازیی ئابووری لە ناوچە پەراوێزخراوەکان و وەکوو کوردستان ناتوانێ ئینکار بکا و هەر بەوشێوە کە لە ئینکارکردنی

ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ مانگرتنی دووکانداران و کاسبکارانی کورد گرینگە، خودی حەرەکەتەکە و بەردەوامبوونی گرینگتر و مانادارترە هەتا ئەنجامەکان و تەنانەت داواکارییەکانیش، چونکە کۆماری ئیسلامی هێشتا تەزووی مانگرتنەکانی مانگی بەفرانباری ٩٦ی لە جەستە دایە

پرسی کورد شکستی هێناوە و بێگومان دانانی کۆشکی دەسەڵات لەسەر وادە و بەڵێنی و درۆ و چەواشەکاریی، درەنگ یا زوو هەرەس دەهێنێ. خاڵێکی ئێگجار گرینگ کە بێگومان دەسەڵاتیش بیری لێکردووەتەوە ئەوەیە کە بەرەبەرە خەڵک فێری هاتنی سەرشەقام بوون و، ترسیان لە کۆبوونەوە و دەربڕینی نارەزایەتی شکاوە، ئەویش لە سیستەمێکدا کە هەرچەشنە گردبوونەوە بە نایاسایی دەزانێ و هەرچەشنە ئیعتراز دەبێ لە لایەن ناوەند و دەسەڵاتەوە ئاراستە کرا بێ. هەربۆیە سەرەڕای ئەوەی لە ڕاگەیاندنە حکوومییەکان بێدەنگییان لێی کردوە، بەڵام لە هاتووچۆی و جموجۆڵی بەرپرسان بۆ بانە و هەروەها سەردانی وەفدێکی پلەبەرزی بازرگانی لە باشووری کوردستان، ئاماژە بۆ «شپڕێویی بڕیاردان»ی دەسەڵات لەو پێوەندییە دایە، چون دەترسێ ئەمە ببێتە سەرەتایەک بۆ داواکاریی زیاتر و جیاوازتر. هەر بۆیە کوردستان پێشەنگە و بانەش براوەیە تا ئێستا.



فۆربز _ ستیڤ ئێچ هانک
و: کەماڵ حەسەنپوور

# ڕیاڵی ئێران

## لە دەلاقەی جیاوازیی نرخی دراو بە فەرمی و لە بازاڕی ئازاددا




ئابووریی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەوڕووی گیروگرفتی نێوخۆیی لاوازکەر بۆتەوە. گەلێک تۆوی دژی بازاڕ لە لایەن دوایین پاشا چێندران. ئەم تۆوانە بە باشی ئاگادارییان لێکراوە و لە لایەن ڕێژیمی ئایینی ئێستای ئێران گەلێک زیاد کراون. ئەگەر ئەم گیروگرفتە ئابوورییە خۆجێیانە بەس نەبوون، بەرزەفڕییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بۆتە هۆی سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری لە لایەن دوژمنە دەرەکییەکانیەوە.

تێکەڵاوێک لە ئابوورییەکی لاواز و ناسک، و ئابلۆقەی وەڕەزکەر، دەبنە هۆی گەردەلوولێکی تەواو. ئەم گەردەلوولە دەبێتە هۆی بەدبەختییەکی زۆر.

بۆ ئەوەی کە بە خێرایی بزانم ڕێژەی بەدبەختی لە ئێران چەندە، لیستەی ڕێژەی بەدبەختیی ساڵانەی هانکم دروست کرد. لیستەکەی من کۆی بێکاریی، هەڵاوسان و ڕێژەی قەرزدانی بانکەکانم حیساب کرد و ئاڵوگۆڕ لە ڕێژەی داهاتی ناخالسی نەتەوەیی بۆ هەرکام لە دانیشتووانم لێی کەم کردەوە. ئەگەر ڕێژەی سێ شتی یەکەم لە سەرێ بێ ئەوە «خراپە» و خەڵک بەدبەختتر دەکا. شتی « باشیشی» تێدا وەک ڕێژەی داهاتی ناخالسی نەتەوەیی، کە شتە «خراپ»ەکانم لێی کەم کردۆتەوە. هەرچی وڵاتێک پلەی سەرووتر لە لیستەی بەدبەختیدا وەدەست بێنی، بەو مانایەیە کە پلەی «بەدبەختی» لەسەرترە.

لە مانگی مای ٢٠١٧دا لیستەی بەدبەختی ٩٨ وڵاتی لە خۆ دەگرت. بەدبەختترین وڵات ڤێنێزوئێلا بوو و بەدوایدا سووریە، برازیل، ئارژانتین، میسر، نیجێرییە، ئەفریقای باشوور، بۆسنی و هەرەزێگۆوین، ئوکراین، سائۆتۆمێ و پرینسیپ. دوای ئەوانە ئێران لە پلەی یازدە یەکێک لە بەدبەختترین وڵاتەکانی جیهانە.

یەکێک لە ڕێگاکانی پلەی گەرمای بەدەنی نەخۆشێک، وەک ئێران، بەشێوەی زیندوو ئەوەیە کە چاو لە نرخی بازاڕی ڕەشی (واتە بازاڕی ئازاد) ڕیالی ئێران بەرامبەر بە دۆلاری ئامریکا بکەین (ڕیاڵ/دۆلار). دیاگرامی ژێرەوە پرۆسەی نرخی فەرمی و بازاڕی ئازادی ڕیال/دۆلار نیشان دەدا:




هەرەسهێنانی ئەم دواییانەی نرخی ڕیاڵ لە مەترسی دڕاندنی ڕێککەوتننامەی بەرجام لەلایەن سەرۆک کۆمار ترامپەوە، کە ڕێگا بۆ سەپاندنی وەجبەی دووهەم و سێهەمی ئابلۆقە دژی ئێران خۆش دەکا، سەرچاوەی گرت. ئەمە هەزاران ئێرانیی نارده شەقامی فیردەوسی لە تاران، کە پڕە لە دووکانی ئاڵوویری پارە. ئەوە لەوێ بوو کە ئەوان ڕیاڵەکانیان بە دۆلار گۆڕییەوە.

بە کەڵکوەرگرتن لە نرخی گۆڕینەوەی ڕیاڵ/دۆلار، کە نوێنەرایەتیی گرینگترین نرخ لە ئێران دەکا، من توانیومە ڕێژەی هەڵاوسانی نرخ لە ئێران حیساب بکەم. بێگومان نرخی گۆڕینەوە لە بازاڕی ئازاد دەتونێ بە شێوەیەکی جێگای مەتمانە بۆ حیسابکردنی دروستیی ڕێژەی هەڵاوسان لە سەرانسەری ئێران کەڵکی لێوەرگیرێ. دیاگرامی ژێرەوە دەریدەخا کە ڕێژەی هەڵاوسانی ساڵانەی نرخ لە ئێران چۆن تا ٥٣،٨٪، بە هەرەسهێنانی نرخی ڕیاڵ لە بەرامبەر دۆلاری ویلایەتە یەکگرتووەکاندا چۆتە سەر.




ئەگەر ئێمە بە کەڵکوەرگرتن لە چوونە سەری ڕێژەی هەڵاوسانی ساڵانەی نرخ بۆ ٥٣،٨٪ لیستەی نوێی بەدبەختی حیساب بکەین، ئەوا تەنیان دوو وڵات لە ئێران بەدبەختترن: ڤێنێزوئێلا و سووریە.

ڕەهەندێکی بەکەڵکی دیکەی ئەندازەگرتنی گەرمای ئێران بە شێوەی ڕۆژانە ( ئەگەر نەڵێین خولەک بە خولەک) ئەوەیە کە دەسکەوتی گۆڕینەوەی پارە لە بازاڕی ئازاد حیساب بکەین. فۆرمولی دەسکەوتی گۆڕینەوەی پارە لە بازاڕی ئازاد (BMP) بەم شێوەیە:

BMP = (نرخی فەرمیی دۆلار — نرخی دۆلار لە بازاڕی ئازاد) / نرخی فەرمیی دۆلار × 100%

جیاوازیی نێوان نرخی دۆلار بەفەرمیی و نرخی بازاڕی ئازاد لە ٢٧ی ئەپریلی ٢٠١٨ بەو شێوەیە حیساب دەکرێ

$$\frac{56{,}500 - 42{,}000}{42{,}000} \times 100\% = 34.5\%$$

دەسکەوتی ٣٤،٥٪ گۆڕینەوەی پارە لە بازاڕی ئازاد بەو مانایەیە کە ئێرانییەکان ئامادەن نزیکەی ٣٥٪ پارەی زیادی بۆ دۆلاری ئامریکایی لە بازاڕی ئازاد بدەن ئەگەر ئەوان هێندە شانسیان هەبێ (هێندە ئیمتیازیان هەبێ) کە بتوانن دۆلار بە نرخی فەرمیی دەوڵەتی وەرگرن.

بۆ نیشاندانی وێنەیەکی تەکمیلتر لە دەسکەوتی گۆڕینەوەی پارە لە بازاڕی ئازاد، دیاگرامێکم لەو ڕێژەیە لە ماوەی سەرۆککۆماریی حەسەن ڕووحانیدا کێشاوەتەوە. هەر وەک دەبینین، هەڵکشانی ئەم دواییانە بەستراوەتەوە بە هێرشی سەرۆک کۆمار ترامپ بۆ سەر ڕێککەوتننامەی بەرجام، کە بە ئاشکرا جەماوەری ئێرانیی ترساند.




بۆ ئەوەی کە بەدواداچوون بۆ شێوەی هەڵسوکەوتی ئێرانییان بەرامبەر بە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژانەدا بکەین، هیچ شتێک باشتر لە پێوانی دەسکەوتی نرخی ڕیاڵ/دۆلار لە بازاڕی ئازاد نییە. بە کورتی، لە جیاتی شەیدای گشت لێدوانی «میدیاکاران» بن، ئێرانییەکان دەبێ بەدواداچوون بۆ دەسکەوتی نرخی ڕیاڵ/دۆلار لە بازاڕی ئازاد بکەن.



# ڕۆناڵد و دۆناڵد



کامران باڵنوور

بۆ تاوتوێکردنی دۆخی سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی ئەمریکا ڕەنگە پێکگرتنی سەرکۆماری ئێستای ئەمریکا دۆناڵد ترامپ، لەگەڵ ڕۆناڵد ڕێیگەن (١٩٨١–١٩٨٨) سەرکۆماری بەرێی ئەم وڵاتە بتوانێ بە باشی یارمەتیدەر بێ. لە ڕواڵەتدا ئەم دووانە دەکرێ بڵێین کۆماریخواز و لە هەمان کاتیشدا کۆنسێرڤاتیون، بەڵام جیاوازیی زۆر بنەڕەتیان لەگەڵ یەکتر هەیە.

سیاسەتی ڕۆناڵد ڕێیگەن ئەوە بوو کە لە نێوخۆ، گرژی و چالێنجەکان کەم کاتەوە و لە دەرەوەش هێژمۆنیی ئەم وڵاتە بەسەر جیهاندا بسەپێنێ. بۆ وێنە لەهەمبەر دیاردە یان بە تەعبیری ئەمڕۆیی، قەیرانی کۆچبەری و پەنابەری کە خەڵکانێکی زۆری ئەوان سەردەمان بە شێوەی نایاسایی لە ئەمەریکا بوون، ئیزنی مانەوەی پێدان و بەم جۆرە چەشنێ یەکیەتیی نێوخۆیی لە نێو چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکادا ساز کرد. لە لایەکی دیکەوە لەبارەی سیاسەتی دەرەوە، توانی هێژمۆنیی خۆی لە دنیای دوو جەمسەریی ئەو کاتدا بەسەر جیهاندا بسەپێنێ. کاتێ ڕووی لە میخائیل گۆرباچۆف، دوایین سەرکۆماری یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو کرد و گوتی: «ئەم دیوارە بێنەخوار». ئەم ڕستەیە شابەیتی غەزەلی وتارە بەناوبانگەکەی ڕۆناڵد ڕێیگەن بوو کە لە ١٢ی جوونی ١٩٨٧ لە بێرلینی ڕۆژاوا کردی و داوای کرد کە گۆرباچۆف دەوری مێژوویی خۆی بۆ ڕووخاندنی ئەم دیوارە بگێڕێ کە لە ساڵی ١٩٦١ەوە بێرلینی کردبوو بە دوو لەت.

ئەم دوو نموونەیەم بۆیە باس کرد تا لەگەڵ سیاسەتەکانی دۆناڵد ترامپ گرێی بدەم. دۆناڵد ترامپ ئەگەرچی وەک ڕۆناڵد ڕێیگەن، لە دنیای سیاسەتەوە نەهاتۆتە نێو کۆشکی سپی _ڕێیگەن ئەکتەرێکی هالیڤوود بوو و ترامپیش لە دنیای بیزنێسەوە و وەک شۆمەن هاتە نێو کۆشکی سپی_ بەڵام وەک باسم کرد هەردووک کۆماریخواز و کۆنسێرڤاتیون بەڵام شێوە ڕوانینیان جیاوازە.

لەهەمبەر قەیرانی کۆچبەران، سیاسەتەکانی ترامپ ویشک و تەڕی بە یەکەوە سووتاندووە و یاسای travel ban و تەنانەت سازکردنی دیوارێکی گەورە و دوور و درێژ لە سنووری نێوان ئەمریکا و مێکزیک نموونەیەکن لە سیاسەتی هەڵاواردن و بردنە ژێر پرسیاری دێموکراسی و فرەچەشنهی (diversity) ئەم وڵاتە و لە هەمان کاتیشدا لەژێر پێنانی چەمکێک بە ناوی داڵدە و پەنادەری، کە لە شەڕی نێوخۆی ئەم وڵاتە بەتایبەتی لە شەڕی ساوانا لە ساڵی ١٨٦٤ڕا ئەم پەنادەرییە ببوو بە بایەخێکی کۆمەڵایەتی_ سیاسی لە ئەمریکا.

لەبارەی سیاسەتی دەرەوەش، ئەمریکا نەیتوانیوە ئەم دەورە مێژووییەی خۆی لە ئاست زلهێزەکان بگێڕێ و ئەوەی تا ئێستا دیتراوە زیاتر لە ئاستی قسەدابووە، چ لە ئاست ڕووسیە و چین و چ لە ئاست هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی. لە ئاست ناوچەی پڕشەڕوشۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوین و بە تایبەتی دەوری ئێرانیش تا مانگی مەی دەبێ چاوەڕوان بین بزانین ئایا ئاخۆ ترامپ بەڵێنەکانی دەباتە سەر یان نا؟

لێرەدا پرسیارێکی سەرەکی بە تۆخی خۆی دەردەخا بە پێکگرتنی ئەم دوو نموونەی باسم کرد لە سەردەمی ڕۆناڵد ڕێیگەن و سەردەمی دۆناڵد ترامپ، ئایا بەڕاستی سیاسەتی کۆماریخوازە کۆنسێرڤاتیوەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە؟ ئایا ئەوان نایانەوێ چیدیکە دەورە مێژووییەکەی خۆیان لەهەمبەر دنیا بگێڕن؟ هەرچەند حەولەکانی ترامپ سەبارەت بە کۆرەی باکوور لەم دواییانەدا جێگەی ئاماژە پێکردنە.

سەبارەت بە نێوخۆش، ئەوە کە تا چ ڕادەیەک خەڵکی ئەمریکا لەگەڵ کۆنسێرڤاتیوەکان هاوڕان، ڕەنگە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کۆنگرێسی ئەمریکا لە نوڤامبری ئەمساڵدا وڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە.

دۆناڵد ترامپ زۆر جاران حەول دەدا لەگەڵ ڕۆناڵد ڕێیگەن موقایسە بکرێ، چون لە ڕاستیدا ڕێیگەن وەک ٤٠ەمین سەرکۆماری ئەمریکا، سەرکۆمارێکی زۆر تایبەتە بۆ کۆماریخوازەکان و بگرە دێموکراتەکانیش ڕێزی زۆر تایبەتی بۆ دادەنێن. ئێستاشی لەگەڵدا بێ خەڵکی ئەمریکا باسی سیاسەتی ئابووریی ڕۆناڵد ڕێیگەن دەکەن کە بە Reaganomics ناسراوە، سیاسەتێک کە بوو بە هۆی کەمبوونەوەی نرخی باج (Tax) و باشتربوونی دۆخی گوزەرانی خەڵک و گەشەی ئابووریی وڵات. چەند مانگ لەمەوبەر ترامپ لە توێتێکدا نووسیبووی: «لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە سەر کارم بەردەوام لەگەڵ هەواڵی درۆ و کتێبی درۆ بەرەوڕوو بووم، ڕۆناڵد ڕێیگەنیش لەگەڵ ئەم گرفتانە ڕووبەڕوو بوو، بەڵام بە باشی لە عۆدەیان هاتەدەر و منیش دەتوانم.»

بەڵام گەلۆ «ڕۆناڵد»ێک کە دیواری بێرلین دەڕووخێنێ و «دۆناڵد»ێک کە دیواری مێکزیک ساز دەکا، دەکرێ بێنە تای تەرازوویەکەوە؟ ڕەنگە بۆ وڵامی ئەم پرسیار برێک زوو بێ و با مێژوو لە داهاتوودا قەزاوەت لەسەر ٤٠ و ٤٥ بکا.

## لە حوجرەوە




عادڵ مەحموودی

# مەلا ڕەحیم وێردی

ئێوە بە ڕۆیشتنتان ڕێگایەکتان دیاری کرد و ئێستاش کاروانی هەزاران ڕۆڵەتان پێیدا دەڕوا. خوێن و تەمەنی لاوەتی و ئاوازی غەریبی بەرەو پشووگەی ئازادی دە ئاژوێن و ئازادییان وەک مەرگی خۆیان لێ دیارە و ئازادیشیان ڕۆحی ئێوەی پێ شاد دەبێ. سرووودی ئێستا سرووودی ژیانەوە و ویردی هەستەکانی ئێمەیە کە چریکەی پڕ لە مانا و ژیان و هیوا بە دواڕۆژێکی ڕوونتر لە لانە بەجێماوەکەتاندا دەچڕێ.

لەساڵی ١٢٨٦ی هەتاوی لە گوندی نجنێی خواروی ناوچەی مەیدانانی بانە لە بنەماڵەیەکی ئایینی و نیشتمانپەروەر منداڵێک پێی نایە ژیانەوە و چاوی بۆ ژیان کردەوە. ناویان نا ڕەحیم، ڕەحیم کوڕی کاک مەلا نەسروڵڵای ویردی، ناسراو بە میرزا ئەحمەد.

ڕەحیم لەبەر ئەوەی کە لە بنەماڵەیەکی ئایینیدا لە دایک ببوو، هەر بەمنداڵی پەرتووکە سەرەتاییەکانی ئەو دەمی فەقێیەتیی پێ خوێندرا و دوای تەمەنی ٨-٩ ساڵی بەفەرمی نرایە بەر خوێندن و چووە حوجرەی فەقێیانەوە و وەک هەموو فەقێ و مامۆستایانی ئەو کات پەرەوازەی شار و گوندەکانی کوردستان بوو بە دوای فێربوونی زانستدا، حوجرە و مزگەوتەکانی ئەو دەم تەنیا قوتابخانەیەک بۆ فێربوونی زانستی خواناسی و ئەدەبیاتی عەرەبی نەبوون، بەڵکوو مەکۆی شۆڕش و نیشتمانپەروەری و لانەی ڕێبەرە سەربەرزەکانی گەلی کورد بوون؛ هەر لەبەر ئەوەش بوو کە چین و توێژەکانی کۆمەڵگە مامۆستایانی ئایینیان بە گیان و دڵ خۆش دەویست و لە خزمەتیاندا بوون.



فەقێ ڕەحیمیش یەکێک بوو لە قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە و هەر لە سەرەتای چوونی بۆ ئەو قوتابخانەیە، بە هەستی نیشتمانپەروەری گۆش کرا و هاوکات لەگەڵ بڕینی پلە زانستییەکاندا بیری نەتەوەییشی گەشەی دەکرد و دەپشکووت.

مەلا ڕەحیم کاتێ کە چاوی کردەوە لە چوار دەوری خۆی گەلێکی هەژار و چەوساوەی بە چاو ئەنگاوت کە لە لایەکەوە لە ژێر ستەمی نەتەوایەتی ڕێژیمی پاشایەتیدا دە چەوسێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە لە ژێر باری زوڵم و زۆریی چەوسانەوەی ئاغا و دەرەبەگەکاندا چەمیوە و پرزەی لێ بڕاوە. ئەوەشی لێ ڕوون بوو کە ڕزگار بوون لە ستەم و چەوسانەوە بە بێ خەبات و خۆڕاگری و قوربانی دان سەر ناگرێ بەڵام خەبات بە چ شێوەیەک و لە کام ڕێگەوە و بە چ بوارێکدا؟ ئەوە و زۆر مەبەستی دی، ڕیزە پرسیارێک بوون کە مێشکی مەلا ڕەحیمیان بە خۆوە سەرقاڵ کردبوو.

سەرئەنجام سەرچاوەی وڵامی ئەو هەموو پرسیارانەی بۆ خەباتێکی یەکگرتوو بە دژی چەوسێنەران لە بەرنامە و ڕێبازی حیزبی دیموکراتدا بەدی کرد و لە ساڵی ١٣٢٧ هەتاویدا بە ڕەسمی پێوەندیی تەشکیلاتیی لەگەڵ ئەو حیزبەدا دامەزراند و تێکۆشانی سیاسیی خۆی دەست پێ کرد.

مامۆستا مەلا ڕەحیم کاتێک پێی نایە گۆڕەپانی سیاسەتەوە، ئاڵوگۆڕێکی سەرەکی و بەرچاوی فکری بەسەر ژیانیدا هات. لە لایەکەوە خەمی غەدرلێکراویی گەلەکەی و ئەو ستەم و ناهەقیانەی لەلایەن دەرەبەگەکانی ناوچە و ساواکی شاوە دەرهەقی ئەنجام دەدران و لەولاشەوە نەداری و هەژاریی ئەندامانی بنەماڵەکەی، بوونە هۆی ئەوەی کە لەوە زیاتر نەتوانێ درێژە بە فێربوونی زانست بدا و واز لە خوێندن بهێنێ، کە بە درێژایی مێژووی داگیرکەرانی کوردستان سیاسەتی نەخوێنەوارکردنی کۆمەڵگەی کوردەوارییان بەم شێوەیە داوە و دەدەن.

مەلا ڕەحیم پێش ئەوەی کە ئیجازە و بڕوانامەی مەلایەتی وەرگرێ واز لە خوێندن دێنێ و ئەرکی مامۆستایی بەجێ دەگەیێنێ لە چەند گوندێکدا، بۆ نموونە نجنێی سەروو، مەریجەلان، دۆڵەرزن و سیوچ. مامۆستا هاوکات لەگەڵ ئەرکە مەلایەتییەکەی ئەرکی خۆیشی ڕادەپەڕاند و وەکوو کادێرێکی شارەزا و تێگەییشتوو و پێگەییشتووی حیزبی دیموکرات سیاسەتەکانی حیزبی بە زمانێکی سادە و ساکار بۆ گەلە ستەملێکراوەکەی شی دەکردەوە و جینایەت و پێشێلکارییەکانی ڕێژیمی شای لە قاو دەدان و ڕێگای ڕزگاریی گەلەکەی بۆ دەستنیشان دەکردن.

مامۆستا هەتا ئەوکاتەی کە لەساڵی ١٣٣٨ساواک شوێنپێی تێکۆشەرانی دێموکراتی هەڵگرت و زۆری لێ دەستگیر و ڕەوانەی بەندیخانەکانی کردن، وەکوو کادێرێکی بە توانا لە نێو گەلەکەیدا ژیا و ئەرکەکانی بە ئەوپەڕی لێهاتوویی و دڵسۆزییەوە بەجێ گەیاندن. لەو سەردەمدا مامۆستاش وەکوو تێکۆشەرێکی بەرچاو کەوتە ژێر چاوەدێرییەوە و بواری حەوانەوەی لێ بەرتەسک کرایەوە و دواتر بەناچاری زێدەکەی خۆیی بەجێهێشت و پەڕیوەی باشووری کوردستان بوو، بەڵام ئاوارەیی و دەربەدەریش لە تێکۆشان بۆ ئامانجە بەرزەکانی سارد نەکردەوە و ورەی دانەبەزاند، بەڵکوو ئەم تەنگوچەڵەمانە مامۆستایان مکوورتر کرد لەسەر کاری زیاتر و چالاکتر بوونی.

مامۆستا مەلا ڕەحیم، لەگەڵ ئەوەی کە مامۆستایەکی تێگەیشتوو لە باری ئایینییەوە بوو، شارەزایەکی کەموێنەی ئەدەبیاتی کوردی و فارسیش بوو، هەر بۆیە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە لەو سەردەمەدا یەکێک لە ئاگاترین ڕووناکبیرانی کورد بوو لە باری بابەتە نەتەوەییەکانەوە. هەروەها لە هۆنینی شێعری نەتەواتیشدا خاوەن هەستێکی ناسک بوو، بەڵام بەداخەوە هۆنراوەکانی یان بە گشتی تێدا چوون یان لەلای هەر کەسێک بن دەستیان بەسەردا گیراوە و بێ سەروشوێن کراون.

مامۆستا یەکێک لەو کادێرە زانا و بەوەجانەی حیزب بوو کە بە هۆی لێوەشاوەیی و سەرکەوتنی بەرچاوی لە ئەرکە پێسپێردراوەکاندا، لە کۆنگرەی دووهەمی حیزبدا متمانەی بەشدارانی بۆ خۆی مسۆگەر کرد و بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و ئەرکی قورستری پێ سپێردرا.

مامۆستا گەورەترین ئاواتی سەرکەوتنی بزووتنەوەی نەتەوەیی دیموکراتیکی گەلەکەی و ڕزگار بوونی ستەم و چەوسانەوە بوو، بەڵام بەداخەوە ئەو ڕۆژەی بەچاوی خۆی نەدی و لە ئاکامدا لە ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی بە دەستی خەیانەت لە گوندی تەوێڵە شەهید کرا و چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانی حیزب و گەلەوە.

ڕۆحی شاد.

هەگبەی شاخ و شۆڕش

# «دارتوو» ئەفسانەی حەماسە و خۆڕاگریی پێشمەرگە



برایم چووکەڵی

شەڕی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچەی هەوشار لە ٣٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی بوو بە حەماسە و نووسینەوەی داستانێکی دی لە خۆڕاگری.

کۆماری ئیسلامی بە چالاکیی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی هەوشار تابڵێی حەسساس بوو. ئەم ناوچەیە هەم لە بواری جوغرافیاییەوە، واتە هاوسنووریی لەگەڵ پارێزگاکانی زەنجان، ئەردەبیل و سنە لەلایەک و، هەروەها بوون و تێکەڵیی پێکهاتەکانی دوو نەتەوەی کورد و ئازەری لەو ناوچەیە لەلایەکیترەوە؛ ببووە هۆی ئەوەی کە ڕێژیم گرینگی تایبەتی بەو ناوچەیە بدا. ئەم ناوچەیە هەم لە بواری ئابوورییەوە «ئاژەڵداری و کشتوکاڵ» و هەمیش کانگاکانی زێڕ و مس و قوڕقوشم بایەخێکی یەکجار زۆری هەیە.

ناوچەی هەوشار لە دوو شاری تکاب و سایینقەلا و، زیاد لە ٣٠٠ گوندی گەورە پێک دێ و لە سەردەمی کۆمارەوە بە هەست و جۆش و خرۆشە بەشدارییان لە شۆڕش و بزووتنەوەی نەتەوەییدا کردوە. کاتێک دوای ڕووخانی ڕێژیمی شا ڕێکخراوەکانی حیزبی لە کوردستان دامەزران، لە سەرەتادا لە ناوچەکانی دیکەوە پێشمەرگە ڕوویان لە هەوشار کرد، بەڵام هەوشار پاش ماوەیەک هێز و کۆمیتەی خۆی دامەزراند و هێزی قارەمانی هەوشار لە ماوەی ٤ ساڵدا، زۆر زوو گوڵی کرد و لە زۆر بەربەرەکانی قارەمانانە دژی هێزەکانی ڕێژیم فیداکاری نواند.

لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦١ کاتێک ناوچەی هەوشار گیرایەوە، حیزب بەشێکی زۆر لە پێشمەرگەکانی ئەوێی بەرەو ناوچەی سەردەشت نارد و ساڵی دواتر هێزی هەوشار گەڕایەوە ناوچەی خۆیان و لە ماوەیەکی کەمدا و بە چەند عەمەلیاتی سەرکەوتووانە لە پارێزگای زەنجان خەویان لە چاوی دوژمن زڕاند و ناوی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لە هەموو ناوچەدا خستەسەر زار.

ڕێژیم پیلانی دەگێڕا تا قەرەبووی شکستە یەکلەدوای یەکەکانی خۆی بکاتەوە و بۆ ئە مەبەستە فەرماندەرانی سپای پاسداران لە هەوشار، لەگەڵ بەرپرس و فەرماندەزانی پارێزگای ورمێ و لەگەڵ سپای پارێزگاکانی هاوسنووری هەوشار وەک زەنجان و سنە، لە هاتووچۆ و ڕاوێژدا بوون. پاشان بڕیار درا بە هەموو ئیمکاناتی بەردەستیان لە ئاسمان و زەوی و بە هێزێکی پوشتەوپەرداخ هێرش بکەنە سەر هێزی هەوشار. بڕیار ئەوە بوو کە یەک پێشمەرگەش نابێ بە سلامەت دەربچێ.

ڕۆژی ٢٨ی ڕێبەندان دوژمن پەلاماری گوندی کووپەقڕان لە ٤٠ کیلومیتریی شاری تیکابی دا، بەڵام لەم بەرەیەدا پێشمەرگەکان هێزەکانی دوژمنیان تێک شکاند و ژمارەیەکی بەرچاویان لێ کوشتن و کەلاکی زۆر لە کوژراوەکانی دوژمن و چەک و چۆڵ و تەقەمەنیی شەڕیان کەوتە بەردەستی پێشمەرگە و چەند ماشێنیان سووتێندران.

دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە هێزی تازەنەفەسی ڕێژیم هێرشی کردەوە سەر هێزی پێشمەرگە و لە دەرەوەی گوندی کوپەقڕان شەڕێکی قورسی دەستەویەخە دەستی پێ کردەوە. پێشمەرگەکان بۆ ڕۆژی ٢٩ی ڕێبەندان بەرەو گوندەکانی کوروز، قاشوخ، کووچەتەڵا، دارتوو و ئاخچی داگەڕان و لەو لاشەوە هێزەکانی ڕێژیم کوژراو و بریندارەکانیان بەرەو شاری تیکاب ڕاگوێست و هێزی یارمەتیدەری ڕێژیم لە بیجاڕ، زەنجان، دیواندەرە، سایینقەڵا، میاندواو، سەقز و بۆکان گەیشتنە شەڕگە تا شەڕەکە لە بەرژەوەندیی خۆیاندا تەواو بکەن.

چەند دەستە لە پێشمەرگەکان ڕۆژانی ٢٩ بۆ ٣٠ ڕێبەندان لە گوندی دارتوو دەبن و ڕێژیم لە چوار دەورەوە هێرشیان دەکاتە سەر. بەیانیی ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەندان شەڕ دەست پێ دەکا و پێشمەرگەکان کە لە دەوروبەری ئاوایی سەنگەریان گرتبوو بە هۆی فشاری بەکرێگیراوان سەنگەریان دەگەواستەوە بۆ نێو کۆڵانەکان و نێو ماڵەکان. ئیتر پێشمەرگە لە نێو گوندی دارتوو بە پشتیوانیی خەڵکی ئاوایی بڕیاری شەڕی مان و نەمانیان دا.

هێزی کۆماری ئیسلامی لە هەر چوار لاوە گەمارۆی پێشمەرگەیان دا. لە لایەکی دیکەشەوە بەشێکی سروشت و ژینگەی ئەو گوندە، واتە چۆمی سارۆخ گەمارۆی گوندەکەی دابوو و وەک یارمەتیدەر و هاوکاری دوژمن دەوری دەگێڕا، بەڵام تێکۆشەرانی دێموکڕات لێبڕابوون کە ناویان بە سەربەرزی بمێنێتەوە و سەر بۆ دوژمن نەوی نەکەن. بۆیە لە نێو ماڵەکان و سەر بانەکان و کۆڵانەکان و نێو مزگەوت و حەوزی مزگەوت و سەرکانیی گوند سەنگەریان گرت و سوێندیان دەخوارد و بەڵێنیان بە یەکتر دەدا هەتا ئاخرین فیشەک شەڕ بکەن.

شەڕ تا گەرمتر دەبوو لاشەی کۆنەپەرستان زیاتر دەکەوت و لەو لاشەوە ماڵ بە ماڵ و کۆڵان بە کۆڵان پێشمەرگە و پاسدار دەستەویەخە تێکەڵ دەبوون. هەر پێشمەرگەیەک کە شەهید دەبوو دەستبەجێ لاوێکی ئاوایی چەکەکەی هەڵ دەگرت و بە خستنی لاشەی هێزی دوژمن تۆڵەی شەهیدە قارەمانەکەی دەکردەوە.


هەر پێشمەرگەیەک لاوێکی ئاوایی لەگەڵ بوو. «ئیرەج بروجەردی» کە بە دەیان کەلاکی بەکرێگیراوەکانی ڕیز کردبوو، کاتێک یەک لە هێزەکەی دوژمن لە پشتەوە بە خەنجەر لێی داو شەهیدی کرد، دەسبەجێ ئەو لاوەی لەگەڵی بوو تاوی دایە چەکەکەی و جەندەکی پاسدارەکەی خست و دەمودەست تۆڵەی شەهید ئیرەجی کردەوە.

دوژمن بەردەوام بە بڵیندگۆ داوای لە پێشمەرگەکان دەکرد خۆ بەدەستەوە بدەن و داوایان لە خەڵک دەکرد پێشمەرگەکانیان ڕادەست بکەن، بەڵام تەنیا خۆیان ماندوو دەکرد. لە بەرەیەکی دیکەی شەڕەکەدا دەستەیەکی دیکەی هێزی هەوشار لەلای قەڵای زێویە و گوندی قەرەناو بەرەنگاری هێزی دوژمن بوونەوە و زەبرێکی کوشەندەیان لێ دان. ئەو شەڕە تا کاتژمێر ٩ی شەوی خایاند و کەلاکی زیاتر لە ٥٠٠ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم لە شەڕگەدا بەجێ ما، بەڵام ئەو حەماسەیە بە خوێنی ١٩ پێشمەرگە وەدی هات و ١٢ پێشمەرگەش کە بە دیل گیرابوون، چەند مانگ دواتر و لە گەلاوێژی ١٣٦٣دا لە تیکاب ئێعدام کران. لەو شەڕەدا هەروەها چەند ماڵ لە گوندی دارتوو بە تەواوی سووتان، چەند خانوویەک ڕووخان و ٣ کەس لە خەڵکی ئاوایی شەهید بوون.

لەو بەرەنگارییەدا چەند خاڵی گرینگ هەیە، یەکەم؛ ئازایەتی و گیانبازیی پێشمەرگە کە سەر نەوی ناکا بۆ دوژمن و بە گیانی خۆی حەماسەکان دەنووسێتەوە، دووهەم هاوکاریی خەڵک و پێشمەرگە کە هەمیشە دوژمن زراوی لێی چووە.

بەسەرهاتی عەمەلیاتی دارتوو ئەم ڕۆژە تەواو نەبوو. هێزی هەوشار دوای ئەو ڕووداوە چەندین عەمەلیاتی سەربەرزانەی دیکەیان بە یادی شەهیدانی دارتوو بەڕێوە برد و بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان سەلماند کە هێزی هەوشار هەروا خۆڕاگر و لە شکان نەهاتووە.

# کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر دووڕێیانی دیکتاتۆریی زیاتر و ڕووخانی زووتردا



د. کوێستان گادانی

دەنگۆی گۆڕانکاری لە شێوەی نیزامی حکومەتیی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا زۆر باس و سەرنجی بە دوای خۆیدا هێناوە. لای کەس شاراوە نیە کە کۆماری ئیسلامی دوای ڕاپەڕینی خەڵک لە مانگی بەفرانباری ٩٦ی هەتاوی ئێستاش نەیتوانیوە دۆخەکە بەرێنێتەوە سەردەمی پێش ڕاپەڕینە پڕ لە کاریگەرییەکەی سەرشەقام و لە داهاتووشدا خۆی ناگرێتەوە، بگرە بە هۆی زۆر فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی ڕۆژ بە ڕۆژ بناخەکانی دەسەڵات لەرزۆکتر دەبن. تەنانەت کار گەیشتووتە جێگایەک کە کاربەدەستانی حکومەت و دەستڕۆیشتووانی نێو نیزام بە ئاشکرا یەکتر خەتابار دەکەن و لە هەولی چارەسەری و خۆ دەربازکردن لەم قەیرانە دان و هەن کەسانێک کە نیزامێکی توندڕەوتر بۆ سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات پێشنیار دەکەن و هەموو مەبەست و ئامانجەکەش مانەوە و پاراستنی جێگە و پێگەی خۆیانە.



لە ڕوانگەی هێندێک لە دەستەڕاستی و ئوسەلگەراکان تاکە ڕێگای دەربازبوونی کۆماری ئیسلامی لە قەیرانەکانی بەردەمیدا هێنانەسەرکاری حکومەتێکی نیزامییە. ئەوان پێیان وایە پێچەوانەی ئەوە ڕووخانی ڕێژیمەکەیانی بەدوادادێ. ئێستا سەرفی نەزەر لەوەی کێ باسەکەی چۆن هێناوەتە گۆڕێ و ڕەنگدانەوەی لە کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکان چۆن بووە، پرسیار ئەمەیە: ئاخۆ بە هێنانەسەرکاری سەرۆککۆماری نیزامی کێشە و قەیرانە نێوخۆییەکانی ئێران کۆتایی دێ؟ ئایا خەڵکی ئێران ڕێگە دەدا دەسەڵاتێکی تەواو نیزامی بێتە سەر کار؟ ئەو حکومەت و سەرۆککۆمارە نیزامییە کێیە و توانایی چەندە کە بتوانێ لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەی ئێراندا بە سەر کێشەکانی بەردەم ڕێژیمدا زاڵ بێ و، بە پێی کام بنەمایەکی قانوونی دەکرێ بەرەو ئەو بژاردەیە بچن و زۆر پرسیاری دی.

لە ڕوانگەی نووسەری ئەم چەند دێرانەوە هێنانەسەرکاری حکومەتێکی دیکتاتۆرتر لەوەی ئێستا و سەرۆککۆماری نیزامی ناتوانێ چارەسەری قەیرانی سیاسی و ئابووریی ئێستای ئێران بێ، بە چەند هۆ:

**یەکەم؛** پێش هەموو شتێک با ئاورێکی کورت لە پێناسەی «نیزامی سەربازی» یان هەمان میلیتاریسم بدەینەوە واتە ئیدۆلۆژییەک کە سوپا و توانایی سەربازی بە سەرچاوەی ئەمنیەت دەزانێ و لە نەرمترین و ئارامترین شێوەی نیزامی خۆیدا پێی وایە کە بە دەسەڵاتی نیزامی دەتوانێ سەقامگیری مسۆگەر و سەپاندنی خۆی وەک ڕێگاچارە بۆ ئەهوەن کردنەوەی دەورانی قەیران دەبینێ. ئەوەش کاتێک دەتوانێ ئەم ئەرکە جێبەجێ بکا کە بۆ ئەم تواناسازی و بە دەسەڵات بوونە و هاوکات دەستەبەری ئەمنیەتی سەرتاسەریی وڵات دەرسەدێکی زۆری سامان و داهاتی وڵات بۆ ئەرتەش و دامودەزگای نیزامی تەرخان بکرێ. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕ کە خۆ تا ئێستا سپاە و ئەرتەش و هێزە چەکدارەکانی ئێران زۆرینەی بودجەی وڵاتیان بۆ تەرخان کراوە و زۆربەی وەبەرهێنانی نیشتمانی و کەرتی تایبەت لە پاوانی ئەوان دایە، ئەدی چۆنە تا ئێستا ئەو ئارام و سەقامگیرییەی ئەوان دەیانەوێ پێی نەگەیشتوون. کەواتە نیزامییەکان ئیمتحانی خۆیان داوە و سەلماوە کە وڵات بە شێوەی پۆلیسی ناکرێ بەڕێوە ببرێ. لایەکی دیکەی ئەو بابەتە متمانە و ڕەواییە کە هیچ کام لە کاربەدەستانی ڕێژیم بە تایبەت لە بەشی سەربازیشدا متمانەی خەڵکیان لە پشت نیە. لە لایەکی دیکەوە بە هێنانە بەرباس و پێشنیارکردنی سەرۆککۆماری نیزامی لە ئێران، ناڕاستەوخۆ کارنامەی ٤٠ ساڵەی دەوڵەتداریی بەناو خەڵکی و دێموکراتیکی خۆیان، وەک پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، هەبوونی پارلمان و هەموو دام و دەزگای بەڕێوەبەریی ڕوو دەکەن و دان بە شکست و ناکارامەیی سیستمی خۆیان دەکەن.

سەرۆککۆماری نیزامی کێ دەبن و کێ دێننە پێشێ، ئەوەش خۆی باسێکە کە ئەگەر ئەو بابەتە بکەوێتە ڕۆژەڤ باس و کیشەیەکی زۆری لێ دەکەیتەوە. ئەگەر زیاتر وردبینەوە و درێژخایەن بڕوانین، مێژوو نیشانی داوە هاتنە سەر کار و ئیدارەی وڵاتێک کە نیزامییەکان بەڕێوەیان بردووە، یەکەم ئەوەی ئیرادە و ویستی خەڵکی لە پشت نەبووە و دووهەم ئەوەی ئەو دەسەڵاتانە بەرەو دیکتاتۆری چوون و پاشان هەرەسیان هێناوە. لێرەشدا مەبەست ئەوە نیە کە بڵێین ئێران و حکومەتی ئێستا دەوڵەتێکی دێموکرات و خەڵکیە، بەڵام باس لەوەیە کە ئێران کەوتۆتە دۆخێکەوە کە دەسەڵات خەریکە ناچار دەبێ هەموو ئەو کەلێن و کەلەبەرانەی خەڵک دەتوانن بە جۆرێک خۆیانی تێدا ببیننەوە، دایان دەخا. ئەوەش بڵێین کە هەمیشە سیاسەتی بەرگری و سەربازیی وڵاتان تابعێکە لە دۆخی ستراتیژیی سیاسیی وڵات و لە ژێر بڕیاری ناوەندە سیاسییەکان دایە. بۆیە بەو بەرگ گۆڕینە نەک کێشەکان چارەسەر نابن، بەڵکوو وڵات بەرەو ئاقارێکی دی دەبا و بێدەنگکردنی خەڵک بە هێزی سەرکوت ڕێگەچارەی مانەوەی ڕێژیم نین و هەنگاوێکی دیکەش لە ڕووخان نیزیکتری دەکاتەوە.

**دووهەم؛** خاڵێکی هەر گرینگ لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەدا چ لە ئاستێکی بەرزی وەک سیستمی حکومەتی و چ لە ئاڵوگۆڕێکی لۆکاڵی و ناوچەییدا پابەندە بە خواستی خەڵک. ڕاستە لە وڵاتیکی وەک ئێران کە دێموکراسیی تێدا ڕەچاو نەکراوە، بەڵام هەموو خرۆشانی خەڵکی ئێرانمان لەبەرچاوە و دەزانین تا چ ڕادەیەک خەڵک لەم حکومەت و سیستمە نارازین و هەر کاتەو لە شوێنێک و بۆ خواستێک لە سەر شەقام هەڵوێست دەگرن. هەروەها دەگەڵ ئەوەیدا ئێران لە ناوچەیەک هەڵکەوتوە کە دراوسێکانی پێشتر و ڕەنگبێ ئێستاش دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ڕەهایان بەسەرەوە بووبێ، بەڵام خەڵکی ئێران جیاوازن و لەو ئاستە تێپەڕیون کە ڕێگە بەو گۆڕانکارییە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی ئێستای وڵاتدا بدەن. مافخوازی و ناڕازەیەتییەکانی ئەم دواییانە پێمان دەڵێن کە خەڵک لە تەواوەتیی ڕێژیم تێپەڕیون و ئەو پەلەقاژانە دادی ڕێژیم نادەن.

خۆ ئەگەر بڕوانینە پێکهاتەی دانیشتووانی ئێران و کەمێک وردتر بڕوانینە دۆخەکە، ئەوە نەسلی چوار یان هەمان «نەسڵی دیجیتاڵ» کە زیاتر دەیهەوێ لە دیاریکردنی داهاتووی خۆیدا ڕۆڵی هەبێ کە بە بڕوای کۆمەڵناسان تەیفی دیجیتال تێکەڵاویی لەگەڵ دنیای مۆدێرن و دەرەوەی وڵاتی خۆی زیاترە و بەڕۆژە و نایهەوێ لە شەپۆلی پێشکەوتنە جیهانییەکان بەجێ بمێنێ. ئەم داهاتووەش نە بە سەرۆککۆماری ئێستای ئێران دەستەبەر دەبێ و نە بە سەرۆککۆماری نیزامیش وەدی دێ. لە لایەکی دیکە نەسڵی پیش شۆڕشی گەلانی ئێران کە لە ژیاندان و تامی حکومەتی نیزامییان چێشتووە، ئامادە نین بگەڕێنەوە ئەو سەردەمە. هێزە چەکدارەکانیش چ لە ڕووی چەند و چۆنیی بەربژێرەکان و چ لە ڕووی دەستڕۆیشتوویيان لە نێو بازنەی حاکمییەت و خەڵکدا لەو ئاستەدا نین شانسی ئەوەیان هەبێ جڵەوی دەسەڵات لە ئێراندا بگرنە بەر.

دالغەی سەرەکیی خەڵکی ئێران لە ئێستادا دێموکراسی و دابینبوونی مافە سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیانە و ٤٠ ساڵە خەباتی بۆ دەکەن و تێچووی بۆ دەدەن. بۆیەش هێنانەبەرباسی ئەو ئیدەیە لەلایەن ئوسولگەراکانەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٤٠٠ وێناچی هێندە بڕ بکا و هەر لە شێوەی قسەدا دەمێنێتەوە. قسە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی زەرفییەتی ئەوەی تێدا نیە بتوانێ خۆی لە نێو دنیای هاوچەرخ و پرەنسیپە جیهانییەکاندا ببینێتەوە.

**سێهەم؛** خاڵێکیش کە ڕەنگبێ هێندە لەم باسەدا فوکوسی نەخرابێتە سەر، خوێندنەوە و هەڵوێستی وڵاتانی ناوچە و خاوەن بەرژەوەندی لە ئێرانە بۆ هاتنە سەر کاری سەرۆککۆماری نیزامی. دیارە ئەگەرچی تا ئێستا ئەو باسە زۆر بە چڕوپڕی نەکراوەتەوە، بەڵام پشتیوانیی شاراوە یان ڕاستەوخۆی دەرەکیش لەو بابەتەدا دەور دەبینێ. کێشەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ناوچە، پشتیوانیی ڕێژیم لە تێرۆریسمی دەوڵەتی، دروستکردنی میلیشیا و تاقمی چەکدار لە وڵاتان، قەیرانخوڵقێنی و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان، پرۆژەی ئەتومیی کۆماری ئیسلامی سەرەرای بەرجام و پەرەپێدان بە مووشەکە بالستیکەکان کە هەمووی لە دژی سەقامگیری و ئەمنییەتە لە ناوچەدا، هیچ شانسێک بۆ کۆماری ئیسلامی لە ڕاکێشانی پشتیوانیی دەرەکیدا ناهێڵێتەوە.

لە لایەکی دیکە لەو ناوچەیەی ئێرانی لێ هەڵکەوتووە و بەو کۆمپلیسیتییەی کە لەو ناوچەکەدا هەیە کە هەر وڵاتە لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیدا بەرژەوەندیی هاوبەش لەگەڵ وڵاتێک یان وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دروست دەکا؛ هاوکات بەکەوتنە نێوانێکی زۆری بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا (ڕووسیە و ئامریکا) ئەگەر زەمانێک سەرکۆمارێکی نیزامیش بە هاوکاریی یەکێک لەم بەرانە (ڕووسیە و لایەنگرانی) لە فۆرمی کودتایەکدا بکرێ، دیسانەوە دەسەڵاتێکی سەقامگیر نابێ، چونکی دژی تەناهیی ناوچەکە خۆ دەنوێنێ.

بەگشتی لە ئێستادا بارودۆخی ئێران زیاتر بەرە شلەژان دەچێ و ڕەنگبێ ئەوە خۆی وەک کاتالیزۆرێک بێ بۆ گۆڕینی سیستمی ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا، ئەگەرچی کودیتای نیزامی لە ئێران بەهۆی یەکدەستبوونی دەسەڵات لە ئێران لە ئێستادا دوور لە چاوەڕوانییە. بۆیە وێدەچێ ئەو باسە زیاتر بۆ لە مەحەکدانی بیروڕای گشتی لە ئێران بێ هەتا چارەسەر بۆ تێپەڕین لە قەیرانەکان لە نێو نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا.

***

**ناسر باباخانی:**

# «کوردستان» ئێستاش پارێزەری زمانی کوردییە

دیمانە: مەنسوور مروەتی

١٢٠ ساڵ لەوە پێش ڕۆژنامەی «کوردستان» لەسەر دەستی بنەماڵەی مشورخۆر و گەورەی کورد، بەدرخانییەکان چاوی بە دنیا هەڵێنا و ڕچەی بۆ ڕێبوارانی ڕێگای ڕۆژنامەنووسیی کورد شکا. لەو ماوەیەدا ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەوراز و نشیوی زۆری بڕیوە و بە گەلێ قۆناغدا تێپەڕیوە، بەڵام هەموو کاتێ دوو ئەرکی گرینگی لەسەر شان بووە، کە بریتی بوون لە پاراستن و خزمەتی زمانی کوردی و خاوەنداریێتی لە پرسە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی کورد. لە ساڵیادی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی واتە «کوردستان»ی دایکدا، ڕۆژنامەی «کوردستان» وتووێژێکی لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووس کاک ناسر باباخانی پێک هێناوە و پرسی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی لە ئێستای کوردستانی ئێرانی لەگەڵ بەڕێزیاندا هێناوەتە بەرباس:



**با پرسیارەکەش کەمێک کلیشەیی بێ، بەڵام جەنابتان لە ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دۆخی ڕۆژنامەنووسیی کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

لە یەک ڕستەدا، دۆخی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای قۆناغی زێڕینی کۆماری کوردستان لە کەشوهەوایەکی پەسیو و قەتیسماو دایە! بە ڕای من گەشەونەشەی ڕۆژنامەگەری لەگەڵ کرانەوەی کەشوهەوای سیاسی پێوەندییەکی «ئەم ئەوێتی»یان هەیە. واتە هەر ڕادە ئەم کەشوهەوایە ئاواڵەتر بووبێ، ڕۆژنامەگەریش هەڵکشانی بە خۆیەوە بینیوە. دیارە ڕۆژنامە کەرەسەیەکە بۆ دەربڕینی بیروڕا، بۆ دەربڕینی بۆچوونە جیاواز و تەنانەت دژوازەکان. بێتوو دەسەڵاتی حاکم، دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و ملهوڕ بێ، بێگومان پشوو لە ڕۆژنامەش دەبڕێ. ئەمە یاساوڕێسایەکی گشتییە و دەتوانێ لە هەموو جیهان وابێ. بەڵام بە نیسبەت کوردەوە لە نێو کۆماری ئیسلامیی ئێران، جگە لەم داخرانە گشتییەی کەشوهەوای سەرانسەری وڵات، دەبێ فاکتۆری شێوەڕوانینی ئەمنیەتیشی لێ زیاد کەین! هاوڕێیەکمان کە ئێستا لە باشوور خەریکی کاری ڕۆژنامەگەرییە و کاتی خۆی لە گۆڤاری سروە کاری دەکرد دەیگوت: «بەرپرسەکانی ناوەند، بە هەندێ وشە لە شێعر و چیرۆکەکاندا دەپرینگانەوە وەک: چوار، شاخ، لافاو، هەڵۆ و...» ئەمە واتە زاڵبوونی نیگای ئەمنیەتی بە سەر ڕۆژنامە و بڵاڤۆکدا.

**بەڵام با هەر لە سەرەتاوە ئەم باسە بێنینە گۆڕێ کە ئایا دەکرێ قایل بە بوونی دەستەواژەی «ڕۆژنامەگەریی کوردی» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بین؟ ئایا بە پێی ئەم تاریفانەی بۆ ڕۆژنامەگەرییەکی پڕۆفیشناڵ بەدەستەوە دراوە، کورد خاوەنی ئەم مێژوو و ئەزموونە بووە؟ یان دیسان هەر بە پێوەرە ستانداردەکان، کورد ڕۆژنامەنووسی پیشەیی هەیە؟**

ئەگەر بمهەوێ ڕاستگۆیانە وڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە، دەبێ بڵێم بە داخەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژنامەگەری پیشەییمان نەبووە و نیە.

ئەگەر قەرار بێ ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەم بەشەی کوردستان بە شێوەیەکی هێڵی چاو لێ بکەین، دەبێ بڵێم کە لە زۆر شوێنان ئەم هێڵە تووشی پچڕان و دابڕان دەبێ، بەرەو ژوور هەڵناکشێ، ماوەی گەشەکردنەکەی کاتییە و... بەڵام پێم خۆشە هەر لێرەدا کەوانەیەک بکەمەوە، لە ڕاستیدا گرینگترین ئەرکی ڕۆژنامەگەری چەمکێکە بە ناوی «بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگی.» بە واتایەکی ڕوونتر ڕۆژنامەنووس بەرلەوەی کە کاری خۆی بە شێوەیەکی پیشەیی دەست پێ بکا و لەم ڕێگایەوە ژیان بەرێتە سەر، لە بەرامبەر کۆمەڵگەکەیدا ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیشی لەئەستۆیە! من سەرەڕای ئەم قسانەی وەک ڕەخنە لەسەر ڕۆژنامەگەری کوردی لە ئێران باسم لێوەکرد، دەتوانم بڵێم بە خۆشییەوە ئەم چەمکە واتە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی زۆر بە تۆخی لە کوردستان دیار و بەرچاوە. واتە هەر چەند لەباری چەندایەتی و چلۆنایەتییەوە لەگەڵ ستانداردەکانی جیهانی مەودامان زۆرە، بەڵام بوونی ئەم چەمکە کە خۆی لە خۆیدا چەشنێ دەروەستییە و بە باوەڕی من زۆر زۆر گرینگە، جێی دڵخۆشی و هیوایە! ڕەنگە شۆڕشی مامۆستا هێمنی مەزن و دواتر نەمر مامۆستا ئەحمەد قازی نموونەیەکی بەرهەست و باش بێ بۆ باسکردن لە سەر ئەم چەمکە.

دیارە جگە لە داخراوی کەشوهەوای سیاسی لە کوردستان، هەندێ فاکتۆری دی وەک نەبوونی پشتیوانیی ماڵی، نەبوونی ئەزموونی پیشەیی ڕۆژنامەوانی، گیروگرفتی تێکنیکی، نەبوونی کادری لێهاتوو و خوێندەواری ئەم بوارە و... هەموو هۆکارن بۆ ئەم دۆخەی ئێستای ڕۆژنامەگەری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

**لە ساڵانی نێوان حەفتا بۆ هەشتا و پێنج کۆمەڵێک ڕۆژنامە و قەڵەمی دیار لە کوردستان چالاک بوون، بە بەراوەرد لەگەڵ ئەو کات ڕۆژنامەنووسیی کوردی پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیوە یا بە پێچەوانەوە؟**

ڕەنگە بڕێک دژوار بێ وڵامی ئەم پرسیارە، بەڵام ئەوەندەی من ئاگادار بم ئێستاشی لەگەڵدا زۆربەی قەڵەمە دیار و جیددییەکان هەر هی ئەو سەردەمەن کە ئاماژەت پێکردووە. بەڵام پێم خۆشە لە پرسیارەکەت ئەوەی لێ زیاد بکەم بۆچی ڕۆژنامەگەریی کوردی نەیتوانیوە لە ئاستی پێویستدا قەڵەم بەدەستی جیددی بەرهەم بهێنێ؟ ڕەنگە بەشێکی بگەڕێتەوە سەر گرفتی فەرهەنگی و ڕەوانناسانەی کۆمەڵگەی کوردی، چون دەکرێ ڕێک ئەم پرسیارە ئاراستەی حیزبە سیاسییەکان بکرێ بۆچی لە ئاستی پەروەردەدا کز و لاوازن؟

ئەوەی ڕاستی بێ ڕۆژنامەگەری بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان «نان»ی تێدا نیە و وەک پیشەیەکی سەرەکی و پڕۆفیشناڵ سەیر ناکرێ، بۆیە ئاساییە پرینگانەوەی خەڵک لەم ئیشە، ئیشێک کە هەندێ جاریش دەبێتە باسی سەر!

**ڕۆژنامەنووسی کوردی تا چەند توانیویە پێوەندییەکی شوێندانەری لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆی هەبێ؟**

ئەگەر پرسیارەکە وردتر کەینەوە ڕەنگە بە وڵامێکی گونجاوتر بگەین، چون ڕادەی شوێندانەری لەسەر بژاردەکان و چینی ڕووناکبیر و نووسەر لەگەڵ خەڵک بە گشتی وەک خەڵکی ئاسایی بە ڕای من جیاوازە. لە لایەکی تریشەوە، جۆری ڕۆژنامەکەش وەک لایەکی تری هاوکێشەکە دەورێکی گرینگی هەیە. هەروەها جیاکردنەوەی ڕۆژنامەی ناوخۆ و تاراوگە لە یەکتر.

کەوا بوو تۆ لەگەڵ سێ فاکتۆر بەرەوڕووی بۆ ئەوەی بتوانی ڕادەی شوێندانەری وەک دەرئەنجامی پرۆسەی خوێندنەوەی ڕۆژنامە لە سەر بەردەنگی کورد دەسنیشان بکەی:

بۆیە ئەگەر بمهەوێ لەم لای دوایی ڕا دەست پێبکەم دەبێ بڵێم، بەڵێ شوێندانەرییەکە هەستی پێدەکرێ، بەڵام ئەوە کە تا چ ڕادەیەک بووە، پێویستی بە کاری لێکۆڵینەوەی مەیدانی هەیە لە نێوخۆی وڵات، کە بەداخەوە بووز ناخوا. هەروەها ڕادەی شوێندانەری بڵاڤۆکەکانی نێوخۆ بە نیسبەت بڵاڤۆکی تاراوگە بە ڕای من زیاترە، کە ئەمەش ئاساییە چون بە هۆی جیاوازیی ژینگەکانیان، ڕەنگە بڵاڤۆکەکانی نێوخۆ لە ڕووحی بەردەنگ نیزیکتر بن، ڕەنگە. وەک باسیشم کرد لە نێوخۆ سەردەمانێک چەند هەفتەنامە وەک پەیامی کوردستان، ڕۆژهەڵات، ئاسۆ، سیروان و بەجۆرێ گۆڤاری سروە و گۆڤاری مەهاباد و... کێبەرکێیان بوو و دیارە خوێنەریش کاریگەری و شوێندانەریی ئەم بڵاڤۆکانەی لەسەر هەست پێدەکرا و ئێمە فیدبەکەکانیمانی دەدیت.

بۆیە وەک ئەزموونی تاکەکەسیی خۆم و کاری ڕۆژنامەگەری لەنێوخۆ، شوێندانەری ئەم هەفتەنامەی کارم تێدا دەکرد لەسەر چینی تایبەتی کۆمەڵگە و هەروەها خەڵک بە گشتی بەرچاو بوو و تەنانەت هەندێ قەڵەمی جیدییش لەم بڵاڤۆکەدا پەروەردە بوون. دیسان وەک ئەزموونێکی سەرکەوتوو، لام وایە ڕۆژنامەیەک «ڕەخنە و سەربەخۆیی» بکاتە ستراتیژی خۆی، بێگومان دەتوانێ زۆر کاریگەرتر بێ لەسەر کۆمەڵگە.

**بەشێکی زۆری ڕۆژنامەنووسانی کورد لە تاراوگە و لە دەرەوەی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان دەژین، ئەوانە تا چەند دەنگیان بە کۆمەڵگەکەیان دەگا؟**

دیارە لە وڵامی پرسیاری پێشوودا ناڕاستەوخۆ باسم کرد بەڵام، لەم سەردەمەی ئێستادا ڕۆژنامەنووسی کورد هەموو کەرەسەکانی ڕاگەیاندنی لەبەر دەستە بۆ ئەوەی دەنگی خۆی بگەیەنێتە بەردەنگەکەی، دوور نەڕۆین سۆشیال میدیا ئەرکی ڕاگەیاندنەکەی وەئەستۆ گرتووە، کەوابوو ڕۆژنامەنووسی کورد ئەگەر تا دوێنێ ملکەچی خاوەن بڵاڤۆک بوو بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی، ئێستا زۆر بێ منەتە! بەڵام دوو گرفت هەیە یەکیان بنێر و ئەوی دی وەرگر.

واتە کاتێ بنێر کە لێرەدا دەبێتە ڕۆژنامەنووس، بابەتێکی کرچوکاڵ دەنووسێ و بڵاوی دەکاتەوە، ئاساییە لە ڕێی جۆراجۆرەوە ئەم دەنگە دەگاتە نێوخۆ، بەڵام لەبەر کزی و لاوازی کڕیاری نیە. هەندێ جاریش ئەوە وەرگر واتە بەردەنگە کە نایەتە خانەی بەردەنگێکی زیت و وریا و لێزانەوە. کەوابوو لەم سەردەمەدا بە هۆی بوونی سۆشیال میدیا وەک بەستێنی ڕاگوازتن لە دەرەوە بۆ نێوخۆ، ئیشەکە گەلێک هاسان بۆتەوە بەڵام وەک گوتم خەسارەکە لە هەردوو لایە و بۆیە دەنگەکە ناگا یان ئەگەر دەگا نزمە! دیارە دەکرێ بە وردەڕیشاڵەوە هۆکارەکانی خەسارەکانی گۆڕین باس بکەین کە ڕەنگە لە تاقەتی ئەم مەجالە کورتەدا نەبێ.

**چۆن دەکرێ پێوەندییەکی چڕ و تۆکمە لە نێوان ڕۆژنامەنووسی کورد چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە لە گەڵ کۆمەڵگەی کوردستان بۆ کاریگەریی زیاتر دابمەزرێ؟**

پرسیارێکی ورد و ژیرانەیە. دیارە بە هۆی کەشوهەوای ئەمنیەتیی نێوخۆ، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی ڕۆژنامەنووسانی نێوخۆ و تاراوگە مەترسیدارە و ناکرێ و لە ڕاستیدا پێویستیش ناکا، چون بە خۆشییەوە وەک باسم لێوە کرد کەرەسەکانی ڕاگوازتن و پەیوەندی وەک سۆشیال میدیا بوونی هەیە و هەر دوولا ئاگاداری دۆخی یەکتر و بۆچوونەکانی یەکتر هەن. بەڵام لەمەڕ کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دەبێ بۆچوونەکان یەکتر «کاوێژ» بکەن و بەرەو خاڵە هاوبەشەکان بئاژوێن. من وەک خۆم زۆرم باس لەوە کردووە کە چەمکێک بە ناوی «کەلێن»ی نێوان نێوخۆ و دەرەوە دەبێ بە لێکتێگەیشتن و ڕەچاوکردنی ژینگەی سیاسیی هەر دوو لا پڕ بکرێتەوە. کە ئەم کەلێن یان کەلێنانە پڕ بوونەوە و بەرەو گوتارێکی هاوبەش یانی لانیکەم وێکچوو ڕۆیشتن، کۆمەڵگەش دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم گوتارەوە.

**پێگەی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی و بۆ نموونە ڕۆژنامەی «کوردستان» لە ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا چۆن دەبینی؟**

با هەر لەم نموونەی باست کردووە دەست پێبکەم، واتە ڕۆژنامەی کوردستان.

ناوی ڕۆژنامەکە واتە «کوردستان» جگە لەوەی کە ئاماژە بە جوغرافیایەکی سیاسییە و دیاریکردنی چوارچێوەیەکی سنوورییە بۆ شوێنێکی تایبەت، لە هەمان کاتیشدا مۆرکێکی ناسنامەییشی پێوەدیارە. واتە لە پشت ڕواڵەتی ئەم ناوە جیهانبینییەکی تایبەتی خۆی حەشارداوە و ئەوانەی ئەم ناوەیان بۆ ئۆرگانی ڕەسمیی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک دامەزرێنەری کۆماری کوردستان هەڵبژاردووە، هەم ئاگایان لە ڕابردوو بووە و هەم چاویان بڕیوەتە داهاتوو و هەم بە دروستی دەرکی دۆخی هەنووکەییشیان کردوە.

کە دەڵێم ڕابردوو مەبەستم ئەوەیە ئاگاهیان هەبووە کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە سەر دەستی کوڕانی بەدرخان بە ناوی کوردستان بڵاو بووەتەوە و تەنانەت لەباری دیزاین (هەرچەند زۆر ساکارە) بە تایبەتی لاپەڕەی یەکیان، فۆرمەتەکەیان زۆر لێکدەچێ. سەرەڕای ئەوەی مەودایەکی نیزیک بە نیو سەدە جیاوازیی تەمەنیان هەیە – ڕۆژنامەی «کوردستان»ی بەدرخانییەکان ساڵی ١٨٩٨ و «کوردستان»ی سەردەمی کۆمار ١٩٤٦– بەڵام خاڵی هاوبەشی هەردووکیان ناوەکەیە کە بێگومان مەبەستێکی سیاسیی لە پشت بووە. واتە ئەم جۆرە ناولێنانە ڕەنگدانەوەی جۆرێک خەون و خولیای گەلی کوردی پێوە دیارە و پێداگرییە لە سەر بوون و هۆوییەتی کوردستان و کورد و بەخشینەوەی سەرلەنوێی پێناسەیەکی کوردی بە نەتەوەی کورد. دەکرێ بڵێین هەر دوو ڕۆژنامەی کوردستان بەر لەوەی دەوری تایبەتی خۆیان – بە مانا ئەمڕۆییەکەی – واتە ڕاگەیاندن، ئانالیز، هەواڵ و... بگێڕێن، زۆرتر حەولی سەلماندنی پێناسەیەکی نەتەوەییان داوە.

خاڵێکی‌تر کە بە باوەڕی من دەبێ گرینگیی پێبدەین ئەوەیە کە زۆربەی هەرەزۆری ژیانی ئەم ڕۆژنامەیە لە تاراوگە بووە جگە لە قۆناغی سەردەمی لە دایکبوونی لە شاری مەهاباد و قۆناغێکی کورت دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی. بە پێی ئەوەی کە تاراوگەش ژینگەیەکی سیاسیی تایبەت بە خۆی هەیە و دەرکەوتەکانی لەسەر مرۆڤی کورد زۆر تایبەتتر بووە، بۆیە کوردستان هەم لەباری نێوەرۆکەوە هەم لەباری بەردەوامی بڕێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ کە هەندێ جیاوازە لەگەڵ ژینگەی سەرەکیی خۆی.

با ئەوەش لەبیر نەکەین ڕۆژنامەی کوردستان ئەزموونێکی کەموێنەی وەک «نیشتیمان»، ئۆرگانی «ژ.ک.کاف»ی وەک ڕابردووی خۆی لەپشت بوو هەرچەند ١٠ ژمارە زیاتری لێ بڵاو نەبووە. بەڵام ئەوانەی ئەندامی کارا و چالاکی ژ.ک.کاف بوون و لە نیشتیمان‌دا بابەت و وتاریان بڵاو دەکردەوە، دواتر خۆیان لە کوردستاندا دیتەوە.

دەرچوونی ٧٢٤ ژمارە لە ڕۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی حیزبی دیموکرات دەکرێ وەک ڕووداوێکی گرینگی مێژوویی لە ڕوانگەی ڕۆژنامەگەرییەوە سەیر بکرێ. ڕۆژنامەیەک کە لەگەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە دایک بوو و پاش هەرەسی کۆمار، سەرەڕای دۆخێکی سەخت و دژوار لە شاخ و تاراوگە و هەندەران درێژەی بە ژیانی خۆی دا. بێتوو ١١٣ ژمارەی دەوری یەکەمیش لەم ٧٢٤ ژمارەیە زیاد بکەین واتە لە ماوەی ئەم ٧٣ ساڵەدا دەتوانین بڵێین هەر ٣٢ ڕۆژ یەک ژمارە، کە ئەگەر وەک شێوەی دەرچوونی ئەورۆیی بڵاڤۆکەکان چاوی لێبکەین دەکرێ بڵێین مانگێ جارێک کوردستان دەرچووە، کە ئەمە وەک خاڵێکی ئەرێنی و جێگەی سرنج دەبێ لێک بدرێتەوە. بە واتایەکی دی لەباری زەمانییەوە کوردستان لە ماوەی تەمەنی خۆیدا بە شێوەیەکی بەردەوام حزووری مەتنی هەبووە بە هەموو هەڵکشان و داکشانەکانییەوە و وەک دەق، لە کۆمەڵگە بەگشتی و بەتایبەتی لە بژاردەکان دانەبڕاوە.

خاڵێکی گرینگتر کە دەبێ ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە ئاستی هەر ڕۆژنامەیەک بە ئاستی توانایی و لێوەشاوەیی نووسەران و ستافی ڕۆژنامەکە هەڵدەسەنگێندرێ، بۆیە من لام وایە ئەم ڕۆژنامەیە هەرگیز بە مانا ژورنالیستییەکەی دانەبەزی، دیارە ڕەنگە تووشی نزمی هاتبێ، کز و لاواز بووبێ بەڵام بە پێی سەردەمی دەرچوون و چاپ و بڵاوبوونەوەی دەکرێ بڵێین جێگەی سەرنج بووە. بۆ وێنە سەیری هەندێ لەم ناوانە بکە کە لە ڕۆژنامەی کورستاندا وەک وەچەی یەکەم بابەتیان تێدا بڵاو کردۆتەوە: نەمر سەیید محەممەد حەمیدی (سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان)، مامۆستا هەژار، مامۆستا هێمن، مامۆستا زەبیحی، مامۆستا حەسەن قزڵجی، نەمر عەتری گلۆلانی، نەمر محەممەد (دڵشاد) ڕەسووڵی و... ئەوەی کە لە قۆناغی وەچەی یەکەم بۆمان دەردەکەوێ ئەوەیە کە لە قۆناغەدا بەردەوام هەندێ سیمای ئەدەبی (وەک شاعیر و چیرۆکنووس و فەرهنگنووس و...) ئەرکی نووسین و ڕاپەڕاندنی ڕۆژنامەکەیان لەئەستۆ بووە، واتە لەم قۆناغەدا ئەدەب و سیاسەت و ڕۆژنامەگەری وەها تێکەڵ بە یەک دەبن کە دواتر دەبێتە میراتێک بۆ جیلی ئێستا و تەنانەت دەکرێ وەک پڕۆسەیەک لێکدانەوەمان بۆی هەبێ!

وەچەی دووەم ڕەهەندە سیاسییەکانی تۆخترە، هەرچەند شارەزاییەکی تەواویان بە سەر ئەدەبیاتدا هەیە، بەڵام ئەم وەچەیە بە پێی ئەوەی کە بەرپرسیارێتیی گەورەی حیزبییان دەکەوێتە ئەستۆ بۆ وێنە پۆستی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، تای تەرازووەکەیان بۆ لای سیاسەت خوار دەبێتەوە، بەرچاوترینی ئەم ناوانە لەم قۆناغەدا بریتین لە: شەهید دوکتور قاسملوو، شەهید دوکتور شەرەفکەندی، نەمر کاک کەریم حیسامی، نەمر کاک فەتاح کاویان، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە و... بە پێی ئەوەی لەم دوو وەچەیەی باسم لێوەکرد، شێعر و ئەدەب بە بەژنیان دوورابوو، زمان و ڕێزمانی ڕۆژنامەکە بە تایبەتی لەسەردەمی ئەواندا ڕێکوپێکتر و وردتر بوو، تەنانەت لەچاو زۆربەی ئەو بڵاڤۆکانەی بۆ وێنە لە باشوور دەردەچن و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری پاڵپشتیانە ئێستاشی لەگەڵدا بێ زمانەکە خۆماڵیتر و ڕەسەنتر و کەمهەڵەترە، کەوابوو دەکرێ بڵێین کوردستان بە جۆرێ پارێزەری زمانەکەش بووە!

**ڕۆژنامەنووسیی ئینترنێتی و ئانلاین چ کاریگەرییەکی لە سەر ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەیە؟**

لە ڕاستیدا ڕۆژنامەنووسی ئانلاین ئێستا خۆی بەشێکی گرینگە لە ڕۆژنامەنووسی. ئەم بڵاڤۆکانەی لە دەرەوەی وڵات چاپ دەبن و ئێزن و بواری هاتنە نێوخۆیان نیە، لە ڕێگەی ئینتێرنێتەوە زۆر بە هاسانی بە دەستمان دەگا و دیارە بە پێچەوانەشەوە. کە وا بوو ڕۆژنامەنووسی ئینتێرنێتی چ وەک وێب سایت و چ وەک وێبلاگ و چ لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە وەک فەیسبووک، تویتێر، یوتیووب، ئینستاگرام و... دەرەتانی پەیوەندییەکی دوولایەنەیان ڕەخساندووە بۆ ئەوی ئەم کەلێنانەی لەوەپێش باسم لێوەکرد پڕ کاتەوە. ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە ئەوەندە کاریگەرن کە بە تەعبیری مانوئێل کاستێلز دەکرێ وەک تۆڕەکانی ڕق و هیوا ناویان بەرین ئەمەش واتە ئەوپەڕی کارتێکەری چ بە ڕووی ڕق و تووڕەیی و ڕاپەڕینی خەڵکدا چ بە ڕووی هیوا بە داهاتوویەکی باشتردا!

**وەک دواوتە:**

قسە یەکجار زۆرە لەسەر ئەم باسە و بەداخەوە مەجالەکە کورتە، بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە یادی ١٢٠ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی بەرز و پیرۆز دەنرخێنم، سڵاو دەنێرم بۆ ڕووحی سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کۆچکردووی کوردستان و ئاواتەخوازی بەردەوامی و سڵامەتیشم بۆ هەموو هاوڕێیانی ڕۆژنامەنووسم!

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 725 5 may 2018



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12.072

polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


بەر لە ماڵاوایی

## لەشفرۆشی لە ئێرانی ئیسلامیدا شەوی بە ٥ هەزار تمەن

باوان عەلیزادە

لەو ماوەیەدا چەند جارێک پرسی منداڵانی سەرشەقام، کۆکردنەوەی ئەو منداڵانە و ناردنیان بۆ ئۆردووگاکانی زۆرەملێ و پاشان بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەستدرێژی کردنە سەر سەدی ٩٠ی ئەو منداڵانە هەڵلای زۆری ناوەتەوە.

ڕەزا قەدیمی، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری کۆمەڵایەتیی شارەوانیی تاران دەڵێ ئاماری منداڵانی خوار ١٥ ساڵ کە لەسەر شەقامەکان سواڵ دەکەن، یان بە کاری سەرپێیی وەک خاوێنکردنەوەی شووشەی ئۆتومبیل و فرۆشتنی بنێشت و گوڵ و دەسماڵ کاغەزییەوە خەریکن ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبن.

چاوەدێرانی کۆمەڵایەتیش دەڵێن حکومەت نایهەوێ یان ناتوانێ چارەسەری ئەو دیاردەیە بکا، بەڵام ئەرکەکان لەو پێوەندییەدا دیارن؛ دەوڵەت دەبێ بنەماڵەی ئەو منداڵانە ببینێتەوە و ئەگەر زانی بەهۆی هەژارییە ڕوویان لە شەقام کردوە، پێیان ڕابگا؛ یان ئەگەر لە خوێندن دابڕاون بۆ قوتابخانەیان بگەڕێنێتەوە؛ ئەگەر کێشەی بێهداشتی و ساغی و سلامەتییان هەیە ئاوڕیان لێ بداتەوە و چارەسەریان بۆ بکا؛ بەڵام ئەوانە هەموو تێچوویان هەیە و دەوڵەت نایهەوێ خۆی بەوانەوە خەریک بکا و خەرجیان لێ بکا.

منداڵانی کار لە ئێران پێشتر لە کورەخانە و کارگە پیشەییەکان وەبەرکار دەنران، بەڵام لە بارودۆخی ئابووریی ئێستادا کە بەشی پیشەسازیی وڵاتی ئیفلیج کردوە، ئەو منداڵانە ئێستا شوێنیان بۆ زبڵخانەکان گواستۆتەوە و کارەکەش بۆ دەوڵەت دەکەن. ئەوان زبڵەکان دێننە کورەخانە چۆلکراوەکان و لەوێ لە یەکتریان جیا دەکەنەوە و دەیاندەنە ئەو بەڵێندەرانەی شارەوانی کە کاری وەبەرهێنانەوە لە زبڵوزاڵەکان دەکەن.

ئیلهام فەخاری، ئەندامی ئەنجومەنی شاری تاران دەڵێ دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ئەو منداڵانە گەورەترین زیان و خەسار و مەترسیی سەر ئەو منداڵانەیە. ناوبراو کاری لەسەر کەیسی کچێک بە ناوی «ڕەعنا» کردوە، کچێک کە هەم دایک و هەم باوکی موعتاد بە مادەی هۆشبەر بوون و ئەو کە هێشتا خۆی نەناسیبوو دەستدرێژیی کراوەتە سەر.

ڕەعنا ئێستا ١٩ ساڵی تەمەنە و لە تەمەنی ٧ ساڵییەوە وەبەرکار نراوە، ئەویش نەک دەستگێڕی، نە پاککردنەوەی شوشەی ئۆتومبیل و گوڵ و بنێشت فرۆشتن؛ بەڵکوو کار لە کارگەی کەرستەکانی ئۆتومبیل.

ئەو دەڵێ تەمەنم ٨ ساڵ بوو، لە کارگەیەکی دارتاشیدا وەبەر کارکردنیان نابووم و شەوانەش لەوێ دەمامەوە. خاوەنی کارگەکە ئێوارەیەک هاتەوە کارگە و بانگی کردمە ژوورەکەی خۆی. پێنج هەزار تمەنی خستە گیرفانمەوە و دەستدرێژیی کردە سەرم...

خاوەنی کارگەکە دوای ماوەیەک لێی وەڕەز دەبێ و بەڕەڵلای دەکا. ڕەعنای خوار تەمەن ١٠ ساڵ کە ئیدی عادەتی بەو دۆخە گرتبوو، بۆ بژیوی ژیانی و بۆ پاروووە نانێک کە دەبوا بۆ خۆی و دوو خوشکەکەی بەرێتەوە، بۆ دوو هەزار تمەنیش ناچار بووە لەشی خۆی بخاتە بەر دەستی بەلال فرۆش و سەروپێ فرۆشی ئەو گەڕەک و شەقامەی لێی دەژیا.

ڕەعنا یەک لەو هەزاران منداڵەیە ڕۆژانە دەبنە قوربانیی دەستدرێژی. ئەو قوربانییانەی نە قەت دەنگی لێ دەردێنن و نە کەس بەو دەرد و ژانە دەزانێ کە بەسەریان هاتووە.

لە پرسی منداڵان و کەلکی جینسی وەرگرتن لەوان بترازێ، هەواڵدەریی «موج»یش باس لە بوونی ١٠ هەزار لەشفرۆش تەنیا لە تاران دەکا، کە سەدی ٣٥ی ئەوان مێرد و منداڵیان هەیە. هۆکاری لەشفرۆشیی بەشێک لەم ژنانە، هەژاری و دابینکردنی مادەی هۆشبەر بۆخۆیان یان بۆ مێردەکانیان ڕاگەیەندراوە.

کاربەدەستە پلەبەرزەکانی حکوومەتیش لە ئێران گوێیان لە زەنگی مەترسیی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان بووە و کاردانەوەی تایبەت بە خۆیان بووە. عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە کاردانەوە بە نیسبەت ئەم مەسەلە و پەرەسەندنی لە ڕادەبەدەری قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرتاسەری ئەم وڵاتە، بێ ئەوەی ئاوڕ لە شێوەی حکومەتداری و بەڕێوەبردنی وڵات بداتەوە، «دوژمن»ی بە هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی ئەم گرفتانە زانیوە.

فەرەحناز سەلیمی، بەڕێوەبەری حەشیمەتی «ئافتاب» ڕایگەیاندوە: لەم وڵاتە کەسانێک دەژین کە تەنیا بۆ دابینکردنی ژەمە خواردنێک لەشفرۆشی دەکەن.

فەرەحناز سەلیمی نرخی لەشفرۆشیی ژنانی بۆ جۆری کەسەکان گەڕاندۆتەوە و ئەوانی لە گرووپی «لووکس» و گرووپی «سادە»دا پۆلین کردوە و دەڵێ: ئەم کەسانە لە شەوی چەند سەد هەزار تمەنڕا تا شەوی ٥ هەزار تمەن خۆیان دەفرۆشن، بەڵام نێونجیی نرخەکانیان شەوی ٦٠ هەزار تمەنە.

ناوبراو دەڵێ سەدی ٦٠ی لەشفرۆشانی تاران موعتادن یان پێشینەی ئیعتیادیان هەیە و هێندێک پیاویش هەن کە بۆ دابینکردنی مادەی هۆشبەر ژنەکانیان دەفرۆشن.

لە لایەکی دیکەشەوە تەمەنی زۆربەی لەشفرۆشەکانی تاران ژێر ٣٠ ساڵ بووە و ئاستی خوێندەواریی سەدی ٣٠ ژنانی لەشفرۆش دیپلۆم یان بەرزترە، سەدی ٥٠ی ئەوان ژێر دیپلۆمن و تا سیکلیان خوێندووە و ڕێژەیەکی کەمی ئەوانیش نەخوێندەوارن.

حەشیمەتی «ئافتاب» کاری لە سەر ٦٠٠ پەروەندەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان کردوە و بە قسەی بەڕێوەبەری «ئافتاب» نیوەی ئەم پەروەندانە پێوەندییان بە کەسانی لەشفرۆشەوە هەیە. نزیکەی سەدی ٣٠ ئەم ژنانە، ئەم ژنانەن کە مێردەکانیان زیندانین و سەدی ١٥ی دیکەشیان بۆخۆیان زیندانی کراون.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا تا ئێستاشی لەگەڵ بێ کۆمەڵێک بەرپرس و کاربەدەستی دیکە دەیانەوێ و پێداگرن لەسەر ئەوەی پەروەندەی لەشفرۆشانی ئێران بە داخراوی بمێنێتەوە، چونکە لەوانەیە پێیان وابێ هەڵدانەوەی پەردە لەسەر ئەم جۆرە پەروەندانە قوبح و شوورەیی ئەم مەسەلە لەنێو دەبا و بەڕای ئەوان ئەم بابەتە تابۆیەکە کە نابێ بشکێ.

کارناسە کۆمەڵایەتییەکان دەڵێن هەژاری و دەسکورتی، بێکاری، تەڵاق، بێ هانا و پشتیوان مانەوەی ژنانی سەرپەرستی خێزان، چوونە سەرێی تەمەنی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش، چوونەسەرێی ڕێژەی ژنانی گیرۆدە بە مادە هۆشبەرەکان و خواستی زۆری پیاوانی تامەزرۆی سێکس هۆکاری لەشفرۆشین. بەڵام گرینگ لێرەدا خەمساردی بەرپرسان و بەرێوەبەرانی وڵاتە کە وا سووک و ساناو بێ هیچ پلان و پرۆژەیەک بۆ چارەسەریی قەیران و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە تەنیشت ئەو خەسارانە تێ دەپەڕن کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە کۆمەڵگەی ئێراندا پەرە دەستێنن.

ئێرە ئێرانی ئیسلامییە، ڕێژیمێک کە ڕەوایی دەسەڵاتەکەی لە ئاسمانەوە وەردەگرێ و ئیدیعا دەکا مۆدێلێکی وەها سەرکەوتووی لە ئیدارەی وڵات پێشکێش کردوە کە دەبێ وڵاتان و کۆمەڵگای جیهانی لێی فێر بن!!

## ڕێزلێنان لە دوو ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیەندکاری حیزبی دێموکرات



لە کۆڕێکدا لە شاری سلێمانی، یادی ١٢٠ ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بەرز ڕاگیرا. لەو ڕێوڕەسمەدا ١٠٠ ڕۆژنامەنووسی سەرکەوتووی ساڵ لە سەرجەم دەزگا و کاناڵەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان خەڵات کران کە عەلی بداغی، سەرنووسەری ڕۆژنامەی «کوردستان» و سۆیلا قادری، کادری ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ دوو کەس لەوان بوون.

ئەو کۆڕە ڕۆژی یەکشەممە، ٢ی بانەمەڕ لەلایەن «سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان»، بە هاوکاریی «زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی»، «تۆڕی ئەکادیمیا و دیالۆگی میدیا» و «دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و لێکۆڵینەوە» ەوە گیرا.

وتاری خالید دوسکی، وەزیری ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وتاری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەلایەن ئەنوەر حوسێن، جێگری نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بەڕێوەچوونی پانێلێک لەسەر دۆخی ئێستای ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستان و خەڵاتکردنی ڕۆژنامەنووسانی سەرکەوتووی ساڵ چەند بڕگەیەکی ئەو کۆڕە بوون.

## پەردەلادان لە بەرگی دووهەمی «کڵپەی دەروون»



ڕۆژی شەممە، ١ی بانەمەڕ لە کۆڕێکی فەرهەنگی و ئەدەبیدا کە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، دوویەمین بەرگی کۆمەڵە شێعری مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمان فاتیحی لە ژێر ناوی «کڵپەی دەروون»دا پەردەی لەسەر لادرا.

لەو کۆڕەدا خاتوو تریفە فاتیحی، کچی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمان فاتیحی کورتەیەک لە ژیاننامەی ئەو ئەدیب و تێکۆشەرە سیاسییەی خوێندەوە و مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، دۆستی نیزیکی فاتیحیی شاعیر لەسەر تایبەتمەندیی شێعرەکانی ئەو شاعیرە تێکۆشەرە بۆ بەشداران دوا.

خوێندنەوەی ڕاوبۆچوونی بەشێک لە ئەدیبان و قەڵەمبەدەستانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر بەرگی یەکەمی دیوانی «کڵپەی دەروون»، وتنەوەی دوو مەقام بە دەنگی مامۆستا شەماڵ بابەکر و، وتاری خالید فاتیحی، کوڕی مامۆستا عەبدولڕەحمان کە ئەرکی ئامادەکردن و کۆکردنەوەی کۆمەڵە شێعری «کڵپەی دەروون»ی لە ئەستۆ گرتبوو؛ چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕە ئەدەبییە بوون.

## کۆڕی پەردەلادان لە چوار بەرهەمی نووسەرێکی مەریوان




بە بەشداریی شاعیران، نووسەران و هۆگرانی ئەدەب و شێعر لە شاری مەریوان کۆڕی پەردەلان و خوێندنەوەی ڕەخنەیی و شیکارییانە بۆ چوار بەرهەمی عادڵ محەمەدپوور بەڕێوەچوو.

لەو کۆڕەدا و لە پەنێلێکدا کەیهان عەزیزی، دوکتور ئیسماعیل مەحموودی و د. بەرزان حسەینی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندیان بۆ بەرهەمەکانی نووسەر کرد. ئەو ڕەخنەگرانە وێڕای ئاماژە بە بەرهەمە ئەدەبییەکانی عادڵ محەممەدپوور، بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە، فۆرم و نێوەرۆکی کتێبەکانیان تاوتوێ کرد و لە باری زانستی و ئاکادێمییەوە بەرزیان نرخاند و هەندێ تێبینیشیان بۆ باشتر نووسینی بەرهەمەکان خستە ڕوو. لە بڕگەی کۆتایی کۆڕەکەدا بەرپرسانی ئەنجومەن و ناوەندی ئەوین بە لەوحێکی ڕێزلێنان و چەپکەگوڵێک ڕێزیان لە نووسەر گرت. ئەو کتێبانە بریتی بوون لە: «طرح؛ جریان شناسی شعر هەورامی از ابتدا تا کنون»، «دیمانە»، «چەکەریای حەزێ تازێ و عومرێ جادە» و «ڕاهنمای مطبوعات کردی».

## بەڕێوەچوونی کەڕنەڤاڵی بەهاری لە قەڵای دێموکرات



ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٧ی بانەمەڕی ٩٧ی هەتاوی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کەڕنەڤاڵێکی ڕازاوە و تایبەت بە کەلەپووری کوردەواری بەڕێوەچوو.

ئەم کەڕنەڤاڵە بە میوانداریکردنی پێشمەرگەکان بە چەند خواردنێکی کوردەواری دەستی پێ کرد و بە چەند بڕگەیەکی ئەدەبی و هونەری درێژەی پێدرا.

خوێندنەوەی پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان _ بەڕێوەبەری کەرنەڤاڵەکە_ لەلایەن سۆیلا قادری، چەند گۆرانی و مەقامێکی هونەرمەندان ئاوات بۆکانی و هێمن ئەحمەد، ئیستێندئاپێکی کۆمێدیی شۆڕش ئەڵلاوەیسی و پێشبڕکیی زانیاری چەند بڕگەیەکی ئەو کەرنەڤاڵە بوون.

لە بڕگەیەکی دیکەی کەرنەڤاڵەکەدا کاک حەمەڕەسووڵ کەریمی، پێشمەرگە و تێکۆشەری دێرینی حیزب سروودێکی پێشکێشکی ئامادەبووان کرد و دوو پێشمەرگەی هەڵسووڕ و ژینگەپارێزی حیزب ڕێزنامەی یەکیەتیی ژنانیان پێشکێش کرا.

کاریکاتۆر

